RÛDAW
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
ژمارە (403) دووشەممە 2016/4/11 – 22ی نەورۆزی 2716 (750) دینار

# 658 گوندی هەرێمی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی پەکەکەدان

**رووداو– دهۆک**


بەپێی بەدواداچوونێکی (رووداو)، 658 گوندی هەرێمی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پەکەکەدان کە بەشی هەرە زۆری دەکەوێتە پارێزگای دهۆک.

گوندەکانی سنووری پارێزگای دهۆک کە لەژێر دەستی پەکەکەن 361 گوندن و زۆربەی ئەو گوندانەش سەر بە قەزای ئامێدین کە دەکاتە نزیکەی 70%ی رووبەری ئەو قەزایە.

بەپێی ئەو ئامارەی لە بەرپرسانی قەزای ئامێدی دەست (رووداو) کەوتووە، 242 گوندی ئەو ناوچەیە لە ژێر کۆنترۆڵی پەکەکەدان، زۆربەی گوندەکانیش لە سنووری ناحیەکانی دێرەلوک، شیلادزێ، چەمانکێ، کانی ماسی و سەرسنگن.

ئەو رووبەرەی لە سنووری پارێزگای هەولێریش بەدەست پەکەکەوەیە کەمتر نییە لەوەی دهۆک، بەپێی زانیارییەکان 240 گوندی سنووری پارێزگای هەولێر لەژێر دەستی پەکەکەدایە. ئەوە جگە لە 49 گوندی سەر بە پارێزگای سلێمانی و 8 گوندی سەر بە قەزای شنگال.

4 »



ئیسماعیل سابووری بۆ (رووداو):

## لە ئێران دەستکاری هۆنراوەی گۆرانییەکانیان دەکردین

12



## وەزارەتی تەندروستی 100 ملیار دینار قەرزداری دەرمانە

7

فەرماندەی پەپەشە:

## ژنێکی دیلی داعشمان بە 50 ئافرەتی کوردی ئێزدی گۆڕیوەتەوە

2

ئەگەر محەممەد فەرەج خۆی بپاڵێوێ، سەلاحەدین بەهائەدین دەگەڕێتەوە

# ململانێی توند لەنێوان ئەمینداری ئێستا و پێشووی یەکگرتوودا هەیە

3 »



دیندار نەجمان دۆسکی: بە مامۆستا سەلاحم گوت جوان نییە خۆت کاندید بکەیتەوە

# لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب چیم بینی؟



21 »

# سیستمێکی ئاودێریی هاوچەرخ دەهێنرێتە کوردستان

8 »

# قەرزەکانی مێردەکەی بە سێکس دایەوە

14 »

ژمـارە (403)    دووشـەممە    2016/4/11



## تەرمی پیاوێک لە سلێمانی دەدۆزرێتەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

تەرمی پیاوێک لە گوندێکی نزیک شاری سلێمانی دۆزراوەتەوە و بەپێی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی پۆلیس "بە دوو گوللە کوژراوە". نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە 2016/4/10 لە گوندێکی نزیک ناحیەی عەربەتی شاری سلێمانی تەرمی ئەو پیاوە دۆزراوەتەوە کە بە دوو گوللە کوژراوە. گوتیشی "پیاوەکە تەمەنی لەنێوان 30-35 ساڵە و شۆرت و فانیلەیەکی لەبەردا بووە و دەستیشی لەدواوە بەستراوەتەوە، فیشەکێک بەر سەر و یەکێکیش بەر پشتی کەوتووە".

# نادیە موراد دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- هەولێر**

نادیە موراد، کچە کوردی ئێزدی بڕیاری داوە مانگی داهاتوو بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان و چاوی بە چەند بەرپرسێکی باڵای هەرێمی کوردستان و عێراق بکەوێ. برایەکی نادیە دەڵێت خوشکەکەی ئێستا لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئەورووپا لە گفتوگۆدایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دیپۆرتکردنەوەی کۆچبەرانی کوردی ئێزدی لە وڵاتانی ئەورووپا.

نادیە موراد کە یەکێکە لە ڕزگاربووانی دەستی داعش، زۆر بە خێرایی ناوبانگی بە جیهاندا بڵاوبووەوە. نادیە دوای ئەوەی لە ڕێگەی پرۆژەیەکی حکومەتی ئەڵمانیاوە بۆ چارەسەرکردنی 1000 ئافرەتی کوردی ئێزدی گەیشتە ئەڵمانیا، لەوێ لە ڕێگەی چەند ڕێکخراوێکەوە توانی خۆی بگەیەنێتە ئەنجوومەنی نێودەوڵەتیی ئاسایش و لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنەکەدا ئەوەی لەلایەن داعشەوە بەسەری هێنرابوو گێڕایەوە، پاشان سەردانی میسری کرد و لە زانکۆی ئەزهەر سەمینارێکی پێشکەش کرد، هەروەها چاوی بە عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسر کەوت.

ئەو ئێستا بووەتە لۆبیکارێکی بەهێزی ئێزدییەکان و دەیەوێ سەرنجی جیهان بۆ دۆسیەی کۆمەڵکوژکردنی ئێزدییەکان لەلایەن ڕێکخراوی داعشەوە ڕابکێشێ.

سەعید موراد، برا گەورەی نادیە کە لە کەمپێکی ئاوارەکانە لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت زوو زوو بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ خوشکەکەی دەکات کە ئێستا لە ئەڵمانیایە.

سەعید ئاشکرای کرد خوشکەکەی بەنیازە لە ئایندەیەکی نزیکدا بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان و گوتی "پاش ئەوەی هەریەک لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، گەورە مەرجەعی شیعی لە عێراق داوای بینینی نادیەیان کرد، ئەویش بڕیاری داوە لە مانگی پێنجی ئەمساڵدا بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان و چەندین بەرپرسی باڵای عێراق و هەرێمی کوردستان ببینێ".

بە گوتەی سەعید، ئێستا نادیە هەوڵێکی جیددی دەدات بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان تورکیا و یەکێتیی ئەورووپا هەیە بۆ دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران لە وڵاتانی ئەورووپاوە بۆ تورکیا، کوردی ئێزدی نەگرێتەوە.

سەعید گوتی "نادیە ئێستا بە سەردانێک لە یۆنانە بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە و یەکێتیی ئەورووپا بکات، بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە کۆچبەرانی کوردی ئێزدی نەگرێتەوە و دیپۆرت نەکرێنەوە".

نادیە موراد لە ساڵی 1993 لە گوندی کۆچۆی سەر بە قەزای شنگال لەدایک بووە. دوای هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر شنگال لەگەڵ خێزانە قەرەباڵغەکەی دەکەوێتە دەستی داعش. شەش لە براکانی و سێ براژن و دایکی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە گوللەباران دەکرێن، چارەنووسی دوو خوشک و سێ لە برازاکانیشی هێشتا دیار نییە.

نادیە موراد پێشتر لە هەڤپەیڤینێکدا لەبارەی کۆچی کوردی ئێزدی بۆ ئەورووپا گوتی "من ناڵێمە میللەتی خۆم زێدی خۆتان جێمەهێڵن، من نامەوێت خێزانەکەم بگەڕێنمەوە شوێنێک کە دووبارە داگیر بکرێتەوە، چونکە من هیچ متمانەم بەو کەسانە نەما کە ئێمەیان دەپاراست. هەر کاتێک ئەوانەی ئێمەیان جێهێشت موحاسەبە کران، ئەوکات دەگەڕێمەوە".

پێشتر نادیە موراد لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کاندیدکراوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ. براکەی دەڵێت "گەڕانەوەی نادیە بۆ هەرێمی کوردستان یەکجارەکی نییە، ئەو ماوەیەک لێرە دەمێنێتەوە و چاوی بە بەرپرسان دەکەوێت، بۆ ئەوەی پشتیوانییەکی زیاتری بکرێ بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ".





فەرماندەی یەپەشە

# ژنێکی دیلی داعشمان بە 50 ئافرەتی کوردی ئێزدی گۆڕیوەتەوە



**عوبەید ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

ژووری عەمەلیاتی شنگال کاژێری "سفر"یان بە یەکینەکانی پاراستنی شنگال دابوو، بۆ ئازادکردنی زیاتر لە 50 ئافرەتی کوردی ئێزدی کە بەنیازبوون بیانکەنە ئەندامی خۆیان. فەرماندارێکی هێزی یەبەشە پێیوایە کارێکی هەڵەیان کرد، بەڵام دەشڵێت ئەوانیش چەندین ئافرەتی کوردی ئێزدییان لە دەستی داعش ڕزگار کردووە.

پێشمەرگە لە شنگال، یەکینەکانی پاراستنی شنگال تۆمەتبار دەکات بەوەی چالاکیی ڕزگارکردنی ئافرەتانی کوردی ئێزدیی بندەستی داعش لەلایەن پێشمەرگەوە دەکەنە چالاکیی خۆیان و بەرلەوەی ئافرەتەکان بگەنەوە لای کەسوکاریان، ئەوان وێنەیان دەگرن و لە ڕاگەیاندنەکانیانەوە بڵاوی دەکەنەوە کە ئەوان ڕزگاریان کردوون. شەڕڤانانی یەپەگەش نایشارنەوە کە ئەو کارەیان کردووە و دەڵێن شتێکی هەڵە بووە.

مانگی ڕابردوو دوای هەوڵێک توانرا 52 ئافرەتی کوردی ئێزدی کە لە کاتی هێرشی داعش بۆ سەر شنگال ڕفێنرابوون و بردرابوونە ڕەققە، ئازاد بکرێن. پارەی ئازادکردنی ئەو 52 کەسە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابینکرابوو، بەڵام کەسوکاری ئەوانە تووشی شۆک بوون کاتێک ئەوانیان لە شاشەی تەلەفزیۆنێکی سەر بە پەکەکە بینی.

هاووڵاتیەکی کوردی ئێزدی کە سێ لە ئەندامانی خێزانەکەی لەنێو ئەو 52 کەسەدا بوون، بە (ڕووداو)ی گوت "تووشی شۆک بووم کاتێک بینیم لە تەلەفزیۆنێکی پەکەکە دەرکەوتن و هەواڵەکەش وا بڵاوکرایەوە کە ئەوان لەلایەن پەکەکەوە ڕزگارکراون".

گوتیشی "ئەمە کەیسێکی تەواو مرۆڤایەتییە، هیچ پێویستی نەدەکرد بخرێتە قاڵبی پرۆپاگەندەی سیاسی و بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ".

ئەو 52 کەسە ڕۆژی 2016/3/22 ڕزگارکران. سەرچاوەیەک لە ئاسایشی سنوونێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "چەکدارانی یەپەشە، پێش ئەوەی ڕزگاربووەکان بگەنەوە لای کەسوکاریان، قسەیان لەگەڵ دەکەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە یەپەشەوە بکەن، بەڵام کەسوکاریان هانایان بۆ پێشمەرگە هێنا تاوەکو هەوڵ بدەن ڕزگاربووەکانیان بۆ بگەڕێننەوە".

ئەو سەرچاوەیەی ئاسایش نایشارێتەوە کە هەوڵەکانیان بۆ ڕزگارکردنی ئەو 52 کەسە لە دەست یەپەشە بێ ئەنجام بوو، بۆیە ناچاربوون سەرووی خۆیان لە حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار بکەنەوە.

قاسم دەربۆ، فەرماندەی ژووری عەمەلیاتی فەرماندەیی شنگال کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "چووینە شوێنی یەپەشە لە گوندی کەرسێ لە داوێنی باکووری چیای شنگال، لەوێ ئاگادارمان کردنەوە کە کاژێری سفر هەیە ئەگەر ئەو خەڵکە ئازاد نەکرێ شەڕ ڕوودەدات و فەرمانی شەڕیشمان هەبوو". قاسم دەربۆ دەڵێ "یەپەشە ناچار بوو ئەو 52 کەسە ئازاد بکات".

بەڵام سەعید حوسێن، فەرماندەی گشتیی یەپەشە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەڤاڵانی سەر بە یەپەشە و هەپەگە هەڵەیان کردبوو، دەبووایە وا نەکەن، کارەساتە ئەو بابەتە بە حیزبی بکرێ".

سەعید حوسێن دەڵێت ئەوانیش لەلای خۆیانەوە هەوڵی ڕزگارکردنی ئافرەتانی کوردی ئێزدییان داوە "دوو دیلی داعشمان لەلا بوو، یەکێکیان ژن بوو، ئەو ژنە دیلەمان بەرامبەر بە ئازادکردنی 50 ئافرەتی کوردی ئێزدی کە لەلای داعش بوون گۆڕییەوە، بۆیە مافی خۆمانە بیکەینە چالاکیی خۆمان و بڵاوی بکەینەوە".

حوسێن قائید، بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕزگاربووانی ژێر دەستی داعش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تاوەکو ئێستا 2500 کەس لە کوردی ئێزدی ڕزگارکراون و خەرجی ڕزگارکردنیان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابینکراوە".

# 150 کوردی باشووری کوردستان ڕیزەکانی داعشیان جێهێشتووە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە دوو ساڵی ڕابردووەوە تائێستا نزیکەی 150 گەنجی باشووری کوردستان کە لەنێو ڕیزەکانی ڕێکخراوی داعشدا بوون، گەڕاونەتەوە هەرێمی کوردستان و هەندێکیشیان هێشتا بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لای دەزگا ئەمنییەکان دەستبەسەرن.

## ساڵی چوونە نێو داعش

ساڵانی 2013 و 2014 دوو ساڵی مەترسیدار بوون بۆ پەیوەندیکردنی گەنجانی باشووری کوردستان بە گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە سووریا و بەتایبەتیش بەرەی نوسرە کە لە دژی دەسەڵاتی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا دەجەنگان، دوای داگیرکردنی شاری مووسڵیش لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە داعش لە حوزەیرانی 2014 و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لەلایەن ئەبوبەکر بەغدادی سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە، چەندین گەنج لە هەرێمی کوردستانەوە پەیوەندییان پێوەکردن.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو) گوت، لە ساڵانی 2013 و 2014 نزیکەی 500 گەنج لە تەمەنی 13 تا 25 ساڵی پەیوەندییان پێوە کردبوون، سەبارەت بە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، گوتی "من ناڵێم کوردی پارچەکانی دیکە، چونکە ئەو کوردانەی پەیوەندییان پێوەکردوون بەڕەگەزنامەی وڵاتەکانیانەوە چوونەتە نێویانەوە، لە ئێران نزیکەی 600 کورد و لە تورکیاش نزیکەی 800 گەنجن، بەڵام بۆ کوردی سووریا ژمارەکە دیار نییە".

## بۆچی کوردی باشوور دەگەڕێنەوە؟

دوای دەستپێکردنی شەڕی نێوان داعش و پێشمەرگە لە هاوینی 2014، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری ڕۆیشتنی گەنجان بۆ نێو ئەو ڕێکخراوە و چۆنیەتی ڕێگریکردن لێیان دروستکرا. مەریوان نەقشبەندی کە ئەندامی ئەو لیژنەیەشە، گوتی "لەو کاتەوە تائێستا نزیکەی 150 گەنج هاتوونەتەوە، ئەوەش لەڕێگەی خۆڕادەستکردنیان بە هێزەکانی پێشمەرگە یاخود بەهەماهەنگی کەسوکاریان لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکان، بۆ ئەو مەبەستەش چوونەتە وڵاتێکی دیکە و گەڕاونەتەوە".

نەقشبەندی تا دەستپێکردنی شەڕی پێشمەرگە و داعش یەکێک بووە لەو کەسانەی هەماهەنگی بۆ گەڕانەوەی ئەو گەنجانە کردووە و گوتی "پێش هاوینی 2014 کەسوکاری بەشێک لەو گەنجانە سەردانیان دەکردم و داوایان دەکرد لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکان هەماهەنگی بکەم بۆ گەڕانەوەی کوڕەکانیان و هەندێکیان لەڕێگەی خۆمەوە هاتوونەتەوە".

بەبۆچوونی نەقشبەندی، چەند هۆکارێک وای لەو گەنجانە کردووە ڕیزەکانی داعش جێبێڵن و گوتی "کاتێک ئەو کوردانە ڕۆیشتنە سووریا، بۆ شەڕی بەشار ئەسەد چوون، بەڵام دواتر شەڕەکە لە دژی یەپەگە گۆڕدرا، جگە لەوەش دەستپێکردنی شەڕ لەدژی پێشمەرگە و کوشتنی چەندان کوردی چەکداری نێو داعش بەتۆمەتی ناپاکی لەدژی دەوڵەتەکەیان کە تائێستا نزیکەی 25-30 کوردیان کوشتووە، ئێستا پێموایە کەمتر لە 40 کوردی باشووریان تێدا ماون و بەشێکیشیان چارەنووسیان نادیارە".

پێشتر داعش لەڕێگەی چەند کوردێکی باشوورەوە چەندین پێشمەرگەی بەدیلگیراوی لەڕێگەی کوشتن و سەربڕینەوە شەهید کردن و گرتەی ڤیدیۆیی بڵاوکردنەوە، نزیکەی دوو هەفتە لەمەوبەریش لەلایەن چەکدارێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پێشمەرگەیەکی دیل سەربڕدرا.

مەریوان گوتی "باشترین بەڵگە بۆ کەمبوونەوەی کوردی باشوور لەنێو داعش شەهیدکردنی ئەو پێشمەرگەیە بوو بەدەستی کوردێکی ڕۆژهەڵاتی".

وەکو ئەو بەرپرسەی ئەوقاف گوتی، ئەو گەنجانەی لەنێو داعش گەڕاونەتەوە بەشێکیان بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لای دەزگا ئەمنییەکانن، هەندێکیشیان هەرچەندە لای کەسوکاریانن، بەڵام هەر لەژێر چاودێریدان و گوتی "هەندێک لەو کوردانەی لای دەزگا ئەمنییەکانن کەسوکاریان سەردانیان دەکەن و هەندێک لە کەسوکاریشیان سەردانیان کردووم کە سۆراغیان بۆ بکەم بۆ ئەوەی ئەگەر کوڕەکانیان لێکۆڵینەوەکانیان تەواو بووە ئازاد بکرێن، ئەوانەشی لەنێو کەسوکاریاندان لەلایەن مامۆستایانی ئاینییەوە هۆشیار دەکرێنەوە لەوەی ئەو کارەی کردبوویان هەڵە بووە".

زۆرجار لەلایەن سیاسی و بەرپرسە سەربازییەکانیش هۆشداری دەدرێت لە بوونی شانەی نووستووی داعش لە هەرێمی کوردستان، نەقشبەندیش هاوبۆچوونە لەگەڵ ئەوەی شانەی نووستوو هەن، بەڵام پێیوانییە چەکدارە کوردە گەڕاوەکان بەشێک بن لەو شانانە و گوتی "لەو باوەڕەدا نیم ئەو چەکدارە گەڕاوانە وەکو شانەی نووستوو کار بکەن، چونکە پەشیمان بوونەتەوە و دەزگا ئەمنییەکانیش هەر چاودێرییان دەکەن، بەڵام پێموایە ئەو داعشانەی وەکو فیکر لە کوردستان لەگەڵیانن، زۆرترن لەو کوردانەی لەنێو داعشدا ماون".

## "تائێستا هیچ کوردێک نەگەڕاوەتەوە"

بەرپرسانی پێشمەرگە لە میحوەرەکانی شەڕی دژی داعش بێئاگایی خۆیان لە خۆڕادەستکردنەوەی چەکدارە کوردەکانی نێو داعش دەردەبڕن، کەمال کەرکووکی بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تائێستا لەم میحوەر و سنوورەی ئێمە حاڵەتی لەو شێوەیە نەهاتووەتە لامان، بەڵام پێشتر خەڵکانی عەرەب و کورد کە لە دەوروبەری ڕۆژئاوای کەرکووک بوون و شانەی نووستووی داعش بوون، هەوڵیاندا وەکو ئاوارە دەرباز بن، بەڵام دەستگیرمان کردن".

هەروەها ئاری هەرسین سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان کە چەند مانگێکە لە سنووری خازرە لە دەوروبەری شاری مووسڵ، گوتی "ئەوەندەی ئاگادار بم لە سنووری ئێمەوە و لە سەرچاوەی ئەمنیشەوە نەمبیستووە، لەو باوەڕەشدام ئەو زانیارییانە ئەگەر لەڕێگەی دەزگا هەواڵگرییەکانەوە بێت تا ئاستێکی وەها نهێنین، دزەپێکردنی زۆر دەگمەنە، بەڵام لەوەش دڵنیام دەزگاکان لە چەند ڕێگەیەکی دیکەی ناڕاستەوخۆ لەوانەش لەڕێگەی عەشایەرە عەرەبەکانەوە بەردەوام لە هەوڵی گەڕانەوەی چەکدارە کوردەکاندان".

ڕاپۆرت
رووداو
ژمارە (403) دووشـەممە 2016/4/11



## نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ ئەردۆغان و داودئۆغلۆ کۆدەبێتەوە

**رووداو- هەولێر**

بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەت، ڕۆژی 2016/4/10 سەردانی تورکیای کردووە و لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆمار و ئەحمەد داودئۆغلۆ سەرۆکوەزیرانی تورکیا کۆبووەتەوە. بەپێی هەواڵەکە ناوەڕۆکی دیدارەکان بریتی بووە لە دوا پێشهاتەکانی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق، ئامادەکارییەکانی پرۆسەی ئازادکرنەوەی مووسڵ. پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لە بوارەکانی ئابووری و بازرگانی و تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە داراییەی رووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە و پێکهاتەی نوێی حکوومەتی عێراقی فیدراڵ.

ئەگەر محەممەد فەرەج خۆی بپاڵێوێ، سەڵاحەدین بەهائەدین دەگەڕێتەوە

# ململانێی توند لەنێوان ئەمینداری ئێستا و پێشووی یەکگرتوو هەیە



**هادی عەلی:**
**مامۆستا سەڵاحەدین خۆی کاندید بکات رکابەری نابێ**

**دیندار نەجمان دۆسکی:**
**بە مامۆستا سەڵاحم گوت جوان نییە خۆت کاندید بکەیتەوە**

هێڤیدار ئەحمەد
رووداو – هەولێر

ئەمینداری پێشووی یەکگرتووی ئیسلامی، هەموو هەوڵێک دەدات بۆ رێگریکردن لە محەممەد فەرەج، تاوەکو لە کۆنگرەی حەوتەمی یەکگرتوودا خۆی کاندید نەکاتەوە. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو دەڵێت "ململانێیەکی توند لەنێوان ئەمینداری ئێستا و پێشوو لەسەر پۆستی ئەمیندار دروستبووە".

یەکگرتووی ئیسلامی بڕیاری داوە لە سەرەتای مانگی داهاتوودا حەوتەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێ، هەر لە ئێستاوە مژاری گەرمی کۆنگرە دەرکەوتووە کە پۆستی ئەمینداره، چونکە ئەمینداری پێشوو هەوڵ دەدات لە دەرەوەی کۆنگرە ئەو پرسە یەکلایی بکاتەوە.

هەفتەی رابردوو کێشەکانی هەڵبژاردنی ئەمینداری نوێی یەکگرتوو گەیشتە لوتکە. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) سەڵاحەدین محەممەد بەهائەدین، ئەمینداری پێشووی یەکگرتوو داوای لە محەممەد فەرەج، ئەمینداری ئێستای یەکگرتوو کردووە، لە کۆنگرەدا خۆی کاندید نەکاتەوە "بۆ ئەوەی برایەتی نێو یەکگرتوو تێکنەچێ".

بەهائەدین راشکاوانەتر قسەی لەگەڵ ئەمینداری ئێستای یەکگرتوو کردووە "چوار ساڵی رابردووی ئەداکەت وەکو ئەمیندار خراپ بووە". بەڵام محەممەد فەرەج نەچووەتە ژێر باری داواکەی سەڵاحەدین بەهائەدین و پێیگوتووە "لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو دادەنیشم و دواتر وەڵامت دەدەینەوە".

هەر بەپێی زانیارییەکان، محەممەد فەرەج لە ئەمینداری پێشووی پرسیوە "ئایا بەنیازی خۆت کاندید بکەی؟". ئەویش لەوەڵامدا گوتوویەتی: "تەکلیف زۆرە کە بگەڕێمەوە، بەڵام ئەگەر لەسەر کاندیدێکی تەوافوقی رێککەوتین ئەوا ناگەڕێمەوە، ئەگەر لەسەر کەسێک رێکنەکەوتین دێمەوە".

محەممەد ئەحمەد، سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاریی حەوتەمین کۆنگرەی یەکگرتوو سەبارەت بەو کەسانەی خۆیان دەپاڵێون بۆ پۆستی ئەمیندار بە (رووداو)ی راگەیاند "لە کۆنگرە دەرگای خۆپاڵاوتن دەکرێتەوەو هەرکەسێک مەرجی تێدابوو دەتوانێ خۆی کاندید بکات".

سەڵاحەدین محەممەد بەهائەدین 18 ساڵ کەسی یەکەمی یەکگرتووی ئیسلامی بووە. لەکۆنگرەی شەشەمدا لە 2012/5/2 لەسەر داوای خۆی دەستبەرداری پۆستی ئەمیندار بوو، بەڵام دوای چوار ساڵ، ئەمینداری پێشوو دیسان دەیەوێ ببێتەوە کەسی یەکەم.

هادی عەلی کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکگرتوو، لەبارەی گەڕانەوەی سەڵاحەدین محەممەد بەهائەدین بە (رووداو)ی گوت "ئەگەرێکی بەهێزە مامۆستا سەڵاح خۆی کاندید بکاتەوە".

هادی عەلی پێیوایە ئەگەر سەلاحەددین بەهائەددین خۆی کاندید بکاتەوە، رکابەری نابێت "مامۆستا سەڵاحەدین 20 ساڵ هەمەکاری حیزب بووە و ئەگەر خۆی کاندید بکاتەوە، بڕوا ناکەم کەس رکابەریی بکات".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو هۆکارەکانی گەڕانەوەی ئەمینداری پێشوو بۆ (رووداو) روون دەکاتەوە "سەڵاحەدین بەهائەدین دەڵێت ئیدارەی حیزب نارێکە، هەڵوێستەکانی یەکگرتوو ناهاوسەنگیی تێدایە، یاری باش ناکات، خەریکە حیزب دابەش دەبێ، بۆیە دەگەڕێمەوە".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، لەسەر زاری سەڵاحەدین بەهائەدین دەگێڕێتەوە "مامۆستا سەڵاح دەڵێت لەسەر داوای خەڵک دەگەڕێمەوە و تەکلیفی زۆر هەیە". گوتیشی "مامۆستا سەڵاح دەڵێت راستە بە ئارەزوومەندی وازم لەو پۆستە هێناوە، بەڵام رزگارکردنی یەکگرتوو لە بەڵێنەکەی من گرنگترە".

بەڵام دیندار نەجمان دۆسکی، یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکگرتوو کە ئاگاداری وردەکاریی زۆرە لەسەر ئەو ململانێیەی ئێستا لەسەر پۆستی ئەمینداری گشتی یەکگرتوو دروست بووە، دەڵێت بەشێکی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەسەر ئەوە کۆکن کە نە سەڵاحەدین بەهائەدین و نە محەممەد فەرەج خۆیان کاندید نەکەن".

دیندار نەجمان کە ئێستا دانیشتووە و کاری حیزبی بۆ یەکگرتوو ناکات، بە (رووداو)ی گوت "بە مامۆستا سەڵاحم گوتووە، بۆ خۆت جوان نییە بگەڕێیەوە، بەڵام ئەو دەیەوێ بگەڕێتەوە".

دیندار نەجمان بەدووری زانی بەگەڕانەوەی ئەمینداری پێشوو کێشەکانی نێو یەکگرتوو چارەسەر ببن و گوتی "بەگەڕانەوەی مامۆستا سەڵاحەدین کێشەکانی یەکگرتوو چارەسەر نابن، بەشێک لە کێشەکانی ئێستای یەکگرتوو هی سەردەمی مامۆستا سەڵاحن، بەڵام ئەو کەسێکی ژیر و وردە و کاریزمای خۆی هەیە لەنێو یەکگرتوودا".

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو بەشێکیان دژی هەوڵەکانی سەڵاحەدین بەهائەدینن بۆ گەڕانەوەی و پێیانوایە محەممەد فەرەج، ئەمینداری ئێستا زیاتر لەوەی یەکگرتوو چاوەڕێی بوو، کردی.

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو لەوبارەیەوە دەڵێت "محەممەد فەرەج توانی کێشەکانی یەکگرتوو تا رادەیەک چارەسەر بکات، بەتایبەت لەم قەیرانە داراییەدا نەیهێشت یەکگرتوو تووشی قەیران ببێ". هەروەها دەڵێت "توانی باڵانس لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی رابگرێ و دۆخەکە جێگیر بووە، بەڵام لەبەرئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لێی رازی نییە کە گوایە وەکو پێویست دژی بنەماڵەی بارزانی ناوەستێ، بۆیە برایانی سلێمانی کە لەژێر کاریگەریی گوتاری گۆڕاندان، داوای گۆڕینی دەکەن".

ئەوئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووباسی یەکگرتووی سەردەمی سەلاحەددین بەهائەددین دەکات و دەڵێت "لەسەردەمی مامۆستا سەڵاحدا، یەکگرتوو خراپترین پەیوەندی هەبوو لەگەڵ حیزبەکان، لەڕووی داراییەوە بەردەوام کێشەمان هەبوو، هەر بەهۆی سیاسەتی ئەو بوو، یەکگرتوو لە بادینان دوو جار هێرشی کرایە سەر و کادری باشی شەهیدکران. ململانێی نێوان دەڤەری بادینان و سلێمانی هەر لەسەردەمی مامۆستا سەڵاح زەق بووەوە و چارەسەرکردنیشی ئەستەمە".

دیندار نەجمان هەرچەندە لە سەرکردایەتی یەکگرتوو دوورکەوتووەتەوە، بەڵام ئێستاش بۆ بیروڕاو وەرگرتنی هەڵوێست راوێژی پێدەکرێ. ئەو دەڵێت "سەرکردایەتی بادینان و هەندێ لە برایانی سلێمانیش لەگەڵ گەڕانەوەی سەڵاحەدین بەهائەدین نین، ئەمە هەڵوێست وەرگرتن نییە بەرامبەر مامۆستا سەڵاح، بەڵکو ترسە لە ئەزموونی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەنێو یەکگرتوودا".

ئەگەر سەلاحەدین بەهائەدین و محەممەد فەرەج خۆیان بۆ پۆستی ئەمیندار کاندید نەکەن، بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) هەریەک لە هادی عەلی و محەممەد رەئووف، دوو بەهێزترین کاندیدن بۆ ئەو پۆستە.

دیندار نەجمان پێیوایە "هەردووکیان دەرفەتیان هەیە ئەو پۆستە وەربگرن و لە کۆنگرەی رابردووش لە کێبڕکێدا بوون بۆ بەدەستهێنانی پۆستی ئەمیندار".

محەممەد فەرەج ئامادە نەبوو لەسەر ئەو پرسە هیچ بڵێت، هادی عەلیش گوتی "جارێ هیچ بڕیارێکم نەداوە".

ململانێ نێوان بادینان و سلێمانی لەسەر کۆنگرەکانی پێشتر و چاوەڕوان دەکرێ لە کۆنگرەی داهاتووش بێ کاریگەری نەبێ. هادی عەلی نایشارێتەوە "سلێمانی و دهۆک زۆرترین کاریگەرییان لەسەر کۆنگرە هەیە، ئێستا رۆحیەتی تەوافوق لە نێوان سلێمانی و بادیناندا هەیە".

دیندار نەجمان زیاتر لەسەر کێشەکانی یەکگرتوو قسە دەکات کە پێویستە لە کۆنگرەی حەوتەم هەر هیچ نەبێ بەشێکی چارەسەر بکەن و باسی نادادپەروەریی نێو یەکگرتوو دەکات "دیدگای سیاسی یەکگرتوو روون نییە و لە پەیڕەودا هاتووە کە دەبێ بڕیاری یەکگرتوو بڕیاری گشتی بێ، بەڵام کاریگەریی سلێمانی زۆرە، بۆیە هەندێجار ناچار بووین یاخیبوون رابگەیێنین تاوەکو هاوسەنگی دروست ببێ لە بڕیاردان". وەک نەجمان دۆسکی باسی دەکات "دابەشکردنی پۆستەکان لەنێو یەکگرتوو چ بۆ نێوخۆی حیزب، چ بۆ پۆستەکانی حکومەت، عەدالەتی تێدا نییە، بەشێکی زۆری دیسان بۆ سلێمانی دادەنرێ و دەبێ ئەمە لە کۆنگرە چارەسەر بکرێ".

# شەش مانگ بەسەر کۆنەبوونەوەی پەرلەمانی کوردستاندا تێدەپەڕێت

**پەرلەمانتارێکی پارتی: ئەگەر پەرلەمان تا ساڵێکی دیکەش کۆنەبێتەوە ئاساییە**

**یاساناسێک: کۆنەبوونەوەی پەرلەمان نائاسایی و نایاساییە**

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

ڕۆژی 12ی ئەم مانگە، شەش مانگ بەسەر دوایین کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستاندا تێدەپەڕێت کە بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی پارتی و بزووتنەوەی گۆڕانەوە پەکیکەوتووە و پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی زەردیش لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت "ئەوە لەڕووی یاساییەوە زۆر ئاساییە"، بەڵام پسپۆڕێکی یاسای گشتی دەڵێت "ئاسایی و یاسایی نییە پەرلەمان لەو ماوەیەدا کۆنەبووەتەوە".

تێکچوونی پەیوەندییەکانی پارتی و گۆڕان دوای زنجیرەیەک خۆپیشاندان لە سنووری پارێزگای سلێمانی هات کە ژمارەیەک بارەگای پارتی تێدا سووتێنران و چەند کەسێکیش بوونە قوربانی. پارتی پەنجەی تۆمەتی بۆ گۆڕان درێژ کرد و بەشێوەیەکی تاکلایەنە رێککەوتننامەی پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمانی لەگەڵ هەڵوەشاندەوە. پاشات لە ڕۆژی 2015/10/12 رێگەی بە یوسف محەممەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان نەدا بگەڕێتەوە شاری هەولێر.

خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە 2014/4/30ەوە دەستبەکار بووە و لەو ماوەیەشدا تەنیا 17 یاسای پەسەند و هەموار کردووە.

د.ڤالا فەرید، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، لەو کاتەوەی پەرلەمان کۆنەبووەتەوە نزیکەی 100 پرۆژە یاسا ئامادەن بۆ ئەوەی خوێندنەوەی دووەمیان بۆ بکرێ، بەڵام گوتی "مەرج نییە هەر هەموویان پەسەندکرابان، رەنگە بەشێکیان رەتکرابانەوە".

بەبۆچوونی د.ڤالا، پرۆژە یاسای جینۆسایدی شنگال و گواستنەوە و چاندنی جەستەی مرۆڤ و پرۆژە یاساکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ لەو پرۆژانەن کە زۆر گرنگ بوو خوێندنەوەی دووەمیان بۆ بکرێ.

هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان لە 2015/10/12ەوە کۆبوونەوەی نەکردووە، بەڵام لیژنەکانی پەرلەمان کاری خۆیان دەکەن.

دلێر مستەفا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی گوتی "لیژنەکان کاری خۆیان دەکەن و ئەگەر پەرلەمان بکەوێتەوە کار، مانگێک بە قەد چوار مانگی جاران دەتوانین پرۆژە پەسەند بکەین".

جگە لە یوسف محەممەد، رێگە بە پەرلەمانتارانی دیکەی فراکسیۆنی گۆڕان دەدرێت سەردانی شاری هەولێر بکەن، بەڵام بەشداری هیچ چالاکییەکی پەرلەمان ناکەن.

عەبدولڕەحمان عەلی، بڕیاردەری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "شەش مانگە کودەتا بەسەر پەرلەماندا کراوە، راستە کۆبوونەوە دەکرێت، بەڵام ئەنجامی نییە و ئێمەش بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەک ناکەین، بەڵکو ئامادەبوونمان لە پەرلەمان تەنیا بۆ ئەوەیە بڵێین لە هەولێر ماوین".

بە گوتەی ئەو پەرلەمانتارە، لەوکاتەوە تائێستا کاریان لەسەر چەندین دۆسیە کردووە و گوتی "بەدواداچوونمان بۆ چەندین دۆسیە لەسەر گەندەڵی نەوت و داهاتی خاڵە سنوورییەکان کردووە، هەر کاتێک پەرلەمان چالاک کرایەوە بۆ سەرۆکایەتی بەرز دەکەینەوە".

عەبدولڕەحمان عەلی گەشبین نییە بە چالاککردنەوەی پەرلەمان و دەڵێت "لەبەرئەوەی پەیوەندی حیزبەکان لە هەموو کاتێک خراپترە، بۆیە هیچ تروسکاییەک بۆ چالاککردنەوەی پەرلەمان نابینین".

ئایا لەڕووی یاساییەوە دەکرێت پەرلەمان شەش مانگ کۆنەبێتەوە؟ د.ڤالا فەرید گوتی "لەڕووی یاساییەوە زۆر ئاساییە کە شەش مانگە کۆبوونەوە نەکراوە، چونکە کاتێک وڵات و هەرێمێک دەکەونە حاڵەتێکی لەناکاو پەرلەمانەکەی بە ساڵیش کۆنابێتەوە".

بەڵام د.دانا عەبدولکەریم، پسپۆڕ لە یاسای گشتی و مامۆستای زانکۆی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "کۆنەبوونەوەی پەرلەمان لە شەش مانگدا ئاسایی و یاساییش نییە". گوتیشی "دەبوو پەرلەمان لەم قەیرانی دارایی و سەربازییەدا رۆڵی خۆی هەبووایە".

کۆنەبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لە کاتێکدایە کە ماوەیەکە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە دەبێت پێش هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا واتە پێش مانگی یانزە، ریفراندۆم بکرێت.

پەرلەمانتارەکەی یەکێتی گوتی "زۆر گرنگە تا کاتی ریفراندۆم پەرلەمان چالاک بکەینەوە".

لە سنووری پارێزگای سلێمانی تەنیا سێ پەرلەمانتاری پارتی هەن، بەڵام هیچیان ناچنە نووسینگەی سلێمانیی پەرلەمان. حەیات مەجید پەرخی پەرلەمانتاری پارتی کە خەڵکی سلێمانییە، گوتی "لە هەولێر دەوام دەکەین، تا بارودۆخەکە بەو شێوەیە بێت بە پێویستی نازانین بچینە نووسینگەی سلێمانی".

هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان شەش نووسینگەی لە سلێمانی، دهۆک، کەرکووک، هەڵەبجە، رانیە و سۆران هەیە، بەڵام لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا د.یوسف محەممەد تەنیا لە نووسینگەی سلێمانی دەوامی کردووە و هەفتەی رابردووش سەردانی پارێزگای هەڵەبجەی کرد.



## پێنجوێن پێویستی بەکارەبای ئێران نەما

**ڕووداو- سلێمانی**

محەممەد ئەمین هەورامی، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کارەبای نیشتمانی بۆ شارۆچکەی پێنجوێن ڕاکێشراوە و لەمەودوا پێویستی بە کارەبای کۆماری ئیسلامی ئێران نامێنێت و گوتی "هەرچەندە کارەباکەی ئێران بۆ پێنجوێن نزیکەی 12 مێگاوات بوو کە بڕێکی تاڕادەیەک کەمیشە، بەڵام دیارە بەشێوەیەکی مەرکەزی لە شاری تارانەوە ئەو کارەبایەی بە هەموو عێراق و هەرێمی کوردستانیش درابوو کوژێندرایەوە". هەفتەی ڕابردوو لەلایەن ئێرانەوە کارەبای پێنجوێن کە ماوەی نزیکەی نۆ ساڵە بۆ ماوەی 24 کاژێر پێیان دراوە کوژێندرایەوە لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان نزیکەی 27 ملیۆن دۆلار قەرزداری کارەبای ئێران بووە.

# 658 گوندی هەرێمی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی پەکەکەدان

## شارەزایەکی جوگرافیا: 34%ی خاکی پارێزگای دهۆک لەژێر دەستی پەکەکەیە



بەرپرسێکی سەربازیی پارتی: پەکەکە هۆکاری زیادبوونی ڕێژەی هەژارییە لە پارێزگای دهۆک

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بەپێی بەدواداچوونێکی (ڕووداو)، 658 گوندی هەرێمی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندایە کە بەشی هەرە زۆری دەکەوێتە پارێزگای دهۆک، بەرپرسێکیش لەو پارێزگایە دەڵێت بەهۆی پەکەکەوە زۆر لە گوندەکانی پارێزگاکە ئاوەدان نەکراونەتەوە.

پارتی کرێکارانی کوردستان زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە بنکە و بارەگای لە هەرێمی کوردستان هەیە و کۆنترۆڵی بەسەر ڕووبەرێکی زۆری خاکی هەرێمی کوردستانەوە هەیە و ناویشی لەو ناوچانە ناوە "هەرێمی پاراستنی میدیا".

هەرێمی پاراستنی میدیا کە سنووری پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک دەگرێتەوە، لەلای باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان هەڵکەوتووە و نزیکەی 658 گوند لە خۆدەگرێ.

### 70%ی ئامێدی بەدەست پەکەکەوەیە

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، زۆرترین خاکی هەرێمی کوردستان کە لەژێر دەستی پەکەکە بێت، دەکەوێتە سنووری پارێزگای دهۆک کە 361 گوندە و زۆربەی ئەو گوندانەش دەکەونە سنووری قەزای ئامێدی.

ئەو قەزایە لە ڕووی ڕووبەرەوە گەورەترین قەزای پارێزگای دهۆکە کە ڕووبەرەکەی 2716 کیلۆمەتر دووجایە. ئێستا نزیکەی 70%ی ئەو قەزایە لەژێر دەستی پەکەکەیە.

بەپێی ئەو ئامارەی لە بەرپرسانی قەزای ئامێدی دەست (ڕووداو) کەوتووە، 242 گوندی ئەو ناوچەیە لە ژێر کۆنترۆڵی پەکەکەدان، زۆربەی گوندەکانیش دەکەونە سنووری ناحیەی دێرەلوک، شیلادزێ، چەمانکێ، کانی ماسی و سەرسنگ.

پەکەکە لەسەر زۆربەی ڕێگای ئەو گوندانە بازگەی هەیە، لەوانەش بازگەی گەلی باڵندا لە ناحیەی شیلادزێ کە دانیشتووانی 131 گوندی ناوچەکانی نێروە و دۆسکی خواروو دەبێ بەو بازگەیەدا تێپەڕن، لە ناوچەی بەرێگارێش بازگەیان هەیە کە ڕێگەی تێپەڕبوونی دانیشتووانی 40 گوندە. لە ناحیەی کانی ماسیش بازگەیەکی دیکەیان هەیە.

### گومرگ وەردەگرن

بەپێی زانیاری گوندنشینانی ناوچەکە، زۆرجار بازگەکانی پەکەکە داوای گومرگ لە دانیشتووانی ئەو گوندانە دەکەن کاتێک بەروبوومەکانیان دێننە شارەکانی کوردستان. لەسەر نەدانی گومرگیش تا ئێستا چەندینجار کێشە لە نێوان گوندنشینان و گەریلاکانی پەکەکە دروستبووە.

### 30 %ی زاخۆ بەدەست پەکەکەوەیە

دوای ئامێدی، قەزای زاخۆ دووەمین قەزای سنووری پارێزگای دهۆکە کە زۆرترین گوندی بە دەست پەکەکەوەیە، ئەویش 100 گوندە و دەکەونە سنووری ناحیەی باتیفا و دەرکارێ. ڕووبەری قەزای زاخۆ 1378 کیلۆمەتر دووجایە و نزیکەی 30%ی ئەو ڕووبەرە بەدەست پەکەکەوەیە.

بۆتان تەحسین، قایمقامی قەزای زاخۆ باسی کاریگەریی گەریلاکانی پەکەکە لەسەر ئەو ناوچانە دەکات و دەڵێت "کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر خەڵکی ناوچەکە هەبووە، لە زۆر شوێن ڕێگە بە گوندنشینان نادەن گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە".

گەریلاکانی پەکەکە لە سنووری بادینان چوار هەرێمیان ڕاگەیاندووە، ئەوانیش هەرێمی زاب، هەرێمی ئۆرەمار، هەرێمی گارە و هەرێمی حەفت تەنین. جگە لە هێزەکانیان کە لەو ناوچانەن، چەندین قوتابخانە، نەخۆشخانە و گۆڕستانی تایبەت بە شەهیدەکانیان دروستکردووە.

لە سنووری قەزای زاخۆ چەندینجار کێشە لە نێوان گوندنشینان و گەریلاکانی پەکەکە دروستبووە و بەو هۆیەشەوە لە سنووری ناحیەی باتیفا سێ هاووڵاتی لەلایەن گەریلاکانی پەکەکەوە کوژراون. جگە لەوەش چەندین هاووڵاتی بۆ بەشێوەیەکی کاتی دەستگیرکراون و دواتر ئازادکراون.

لە سنووری قەزای ئاکرێ کە ڕووبەرەکەی 2829 کیلۆمەتر دووجایە، 17 گوند بە دەست پەکەکەوەیە، سەرجەمیشیان دەکەونە سنووری ناحیەی دینارتە. 8%ی ڕووبەری قەزای ئاکرێ لەژێر دەسەڵاتی پەکەکەدایە.

مەهران نێروەیی، بەڕێوەبەری ناحیەی دینارتە دەڵێت "86 گوند لە سنووری ناحیەکەمان هەن، 70 لەو گوندانە ئاوەدانن، جار جار پەکەکە دێنە نزیک ئەو گوندانەش، بەڵام 17 گوند بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی پەکەکەدان. بەڕاستی بوونی ئەوان کاریگەری زۆری لەسەر خەڵکی ئەو گوندانە هەبووە و ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان کار بکەن".

بەپێ زانیارییەکانی قایمقامی قەزای دهۆک، تەنیا لە دوو گوندی سنووری ناحیەی مانگێشکێ هێزەکانی پەکەکە هەن.

جەهوەر عەزیز، قایمقامی قەزای دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو دوو گوندانە دەکەونە باکووری سەنتەری شاری دهۆک، لەم دوو مانگەدا دووجار لەلایەن فڕۆکەکانی تورکیاوە بۆردومان کراون".

بەپێی قسەی شارەزایەکی جوگرافیا، 34%ی خاکی پارێزگای دهۆک لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پەکەکەدایە. ئەو شارەزایە کە تاوەکو ئێستا چەند لێکۆڵینەوەی لەسەر جوگرافیای پارێزگای دهۆک کردووە و نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "بەپێی بەدواداچوونەکانم 20%ی خاکی ئامێدی، 8%ی قەزای ئاکرێ، 4%ی قەزای زاخۆ و 2%ی قەزای ناوەندی دهۆک بەدەست پەکەکەوەیە. بەشێوەیەکی گشتی 34%ی خاکی پارێزگای دهۆک ئێستا لەژێر دەستی پەکەکەیە".

### 240 گوندی هەولێر بەدەست پەکەکەوەیە

ئەو ڕووبەرەی لە سنووری پارێزگای هەولێر بەدەست پەکەکەوەیە کەمتر نییە لەوەی دهۆک، بەپێی زانیارییەکان 240 گوندی سنووری پارێزگای هەولێر لەژێر دەستی پەکەکەدایە.

لە دەڤەری سیدەکانی سەر بە قەزای سۆران، 67 گوند لەژێر کۆنترۆڵی پەکەکەدان. زۆربەی گوندەکان دەکەونە سێگۆشەی سنووریی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران و تورکیا. ئەو گوندانەش لە گوندی بێرکمەی سیدەکانەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە دەڤەری ئەرگۆش لە نزیک سنووری تورکیا.

لە سنووری قەزای چۆمان 13 گوند بەدەست پەکەکەوەن، گوندەکانیش دەکەونە سنووری شارۆچکەی قەسرێ کە لە

لە گوندی وەسان دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە چۆمە و زەنگەڵین.

لە سنووری شارۆچکەی مێرگەسۆریش 160 گوند بە دەست پەکەکەوەن، گوندەکانیش دەکەونە سنووری شارۆچکەی بارزان، پیران و شێروان مەزن. چیاکانی بۆتێن و هۆکل.

### قەندیل.. ناوەندی دەسەڵاتی پەکەکە

قەندیل کە ناوچەیەکی ستراتیژیی کوردستانە، بەشێکی زۆری لەژێر دەستی پەکەکەدایە. پەکەکە شارەوانییەکی تایبەت بەو ناوچەیەی دامەزراندووە کە 49 گوند لەخۆدەگرێت. گوندی بۆکریسکانی ڕواندز ناوەندی شارەوانییەکەیە.

قەندیل ئاوەدانترین ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی پەکەکەیە لە باشووری کوردستان. بە نەوت و ئاژەڵداری و بەرهەمی کشتوکاڵی دەوڵەمەندە.

جگە لە بەرزاییەکانی قەندیل و گوندەکانی، چوار بەرزایی دیکەش لە سنووری قەزای چۆمان بە دەست پەکەکەوەن، ئەوانیش بەرزایی کۆدۆ: لە نێوان حاجی ئۆمەران و چۆمان. بەرزایی گرمەندیل لە قەزای چۆمان. شاخی بەراسکان و بەرزایی کونەڕێ لە سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەروەها بەرزایی گەروەزین- نێوان سیدەکان و باڵەکایەتی.

### کەمپی مەخموور

لە هەرێمی کوردستان چەندین کەمپی تایبەت بە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەن، بەڵام تەنیا یەک کەمپیان تایبەتە بە کوردی باکووری کوردستان و ئەندام و لایەنگرانی پەکەکەی لێ نیشتەجێ کراوە، ئەویش کەمپی مەخموورە.

ئەم کەمپە لە کۆتایی نەوەتەکان لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە بۆ ئەو ئاوارانە دروستکرا کە پێشتر لە تورکیا هەڵاتبوون یان دەرکرابوون و لە کەمپی ئەتروش لە پارێزگای دهۆک نیشتەجێ کرابوون.

ژمارەی دانیشتووانی ئەم کەمپە زیاتر لە 10 هەزار کەسە و بە پێگەیەکی گەورەی پەکەکە لە باشووری کوردستان دادەنرێ.

### پەکەکە و شنگال

پارتی کرێکارانی کوردستان چەندین هێزی لاوەکی هەیە و بۆ هەر پارچەیەکی کوردستان حیزبێکی دامەزراندووە. بەم دواییەش بەهۆی شەڕی داعشەوە چەندین هێزی نوێی دروستکرد بە تایبەتی دوای داگیرکردنی شنگال لەلایەن داعشەوە لە 2014/8/3.

بەپێی زانیارییەکان ئێستا 8 گوند و بەرزاییەکانی ڕۆژئاوای چیای شنگال لە سنووری قەزای شنگال بەدەست پەکەکەوەیە، جگە لەوەی چەند بارەگایەکیان لەنێو سەنتەری قەزای شنگال هەیە.

ساڵی ڕابردوو پەکەکە ئەنجوومەنێکی بەنێوی ئەنجوومەنی ئێزدیان لە شنگال دامەزراند. پێشتریش هێزێکی چەکداری بە نێوی یەکینەکانی پاراستنی شنگال (یەبەشە) دامەزراند و ئێستاش لەوێن. جگە لەوەی بە سەدان گەریلای هێزەکانی پاراستنی گەل-هەپەگە لە ڕۆژئاوا و باکووری چیای شنگالن.

بەگشتی لە سێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) 650 گوند لەژێر کۆنترۆڵی پەکەکەدان: لە هەولێر 240 گوند، لە دهۆک 361 گوند و لە سلێمانی 49 گوند. لەگەڵ 8 گوندی سەر بە قەزای شنگال کە ناوچەیەکی کێشەلەسەری هەرێمی کوردستانە.

### بۆچی پارتی لە شنگال بێدەنگ بوو؟

زۆربەی ئەو شوێنانەی لە باشووری کوردستان بەدەست پەکەکەوەن، ناوچەی نفوزی پارتین. ئەمەش بەرپرسانی ئەو حیزبەی نیگەران کردووە.

مەسرور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشتر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ماڵپەڕی ئەلمۆنیتۆر داوای لە پارتی کرێکارانی کوردستان کرد کە قەندیل چۆڵ بکەن.

مەسرور بارزانی کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیشە، پەکەکە لە قەندیل و شنگال بە میوان دەزانێت و دەڵێت "ئەوان میوانن، هەروەک چۆن هێزی پێشمەرگە بۆ هاوکاریی شەڕڤانان چوونە کۆبانێ و گەڕانەوە، ئەوانیش دەبێت بگەڕێنەوە".

سەرچاوەیەکی سەربازی هۆکاری مانەوەی گەریلاکانی پەکەکە لە سنووری پارێزگای دهۆک و جێنەهێشتنی شنگال ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت "ئامادەیی گەریلاکانی پەکەکە لە ناوچەکانی بادینان کاریگەری ڕاستەخۆی لەسەر شەنگال هەیە، چونکە ئەگەر ئەو هێزانە لە ناوچەکانی دهۆک نەبوونایە، پەکەکە نەیدەتوانی لە شنگال بمێنێتەوە".

ئەو بەرپرسە سەربازییە دەڵێت "لە کۆبوونەوەکانی پارتی لە ئاستی باڵادا باسی وجودی پەکەکە لە بادینان کراوە و بە پلە یەکیش پارتی زەرەرمەند بووە، چونکە پەکەکە ڕێگە نادات پارتی خزمەتی ئەو گوندانە بکات کە لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندان، بۆ نموونە چەند جارێک هەوڵ دراوە ڕێگاکانیان بۆ چاک بکرێ، پەکەکە ڕێگری کردووە".

بەپێی ئەو ڕووپێویانەی لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستانەوە کراوە، پارێزگای دهۆک هەژارترین پارێزگای هەرێمی کوردستانە. ئەو پلەدارە هۆکاری ئەمە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت "هۆکارەکەی بوونی پەکەکەیە لە پارێزگای دهۆک کە ڕووبەرێکی زۆری ئەو پارێزگایەی بەدەستەوەیە. خەڵکی ئەو گوندانە ناچاربوون ڕوو لە کۆمەڵگەکان بکەن و هیچ داهاتێکیان نییە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی ڕێژەی هەژاری لە پارێزگای دهۆک بگاتە 15%".

**ژمارەی ئەو گوندانەی لە باشووری کوردستان بەدەست پەکەکەوەن**

| ناوچەکان | ڕووبەر (کیلۆمەتر دووجا) | گوندەکانی بندەستی پەکەکە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ئامێدی | 2716 | 242 | 20% |
| زاخۆ | 1378 | 100 | 4% |
| ئاکرێ | 2829 | 17 | 8% |
| قەزای دهۆک | 1045 | 2 | 2% |
| سۆران | - | 67 | - |
| شنگال | - | 8 | - |
| چۆمان | - | 13 | - |
| بناری قەندیل | - | 49 | - |
| مێرگەسۆر | - | 160 | - |
| کۆی گشتی | | 658 | 34% |

## فەهیم تاشتەکین، شارەزای سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بۆ (ڕووداو):

# تورکیا ناتوانێ بۆ سووریا ببێتە مۆدێل

فەهیم تاشتەکین، 44 ساڵ، ماستەری لە زانستە سیاسییەکان هەیە و لە تورکیا زۆرتر وەکو شارەزای سیاسەتی دەرەوە دەناسرێ. تاشتەکین، لەبارەی هاتنی داعش و ڕووداوەکانی سووریا و عێراق، چەندین توێژینەوە و وتاری نووسیوە، دوایینیان پەرتووکێک بوو بەناوی (سووریا.. بسووتێنە و بڕۆ، خۆڕابگرە و بمێنەوە) کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەناو تورکیادا هەبوو.
تاشتەکین ساڵانی 1997 _ 1999 بەرپرسی دۆسیە هەواڵگرییەکان و بەڕێوەبەری تاوتوێکردنی هەواڵ بووە لە ڕۆژنامەی یەنی شەفەق. ساڵی 2000 ئاژانسی "قەفقاس"ی بۆ توێژینەوەی زانستی دامەزراندووە. ئێستاش لە کەناڵی MC TV بەرنامەیەکی هەفتانە لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پێشکەش دەکات.
تاشتەکین سەبارەت بە ڕووداوەکانی سووریا و مەسەلەی کورد لەو وڵاتە وەڵامی پرسیارەکانی (ڕووداو) دەداتەوە.

ڕووداو- هەولێر



**کورد ئەگەر بیەوێ بەچەک خۆی بسەپێنێ دەدۆڕێ**

**گرووپە چەکدارەکان پرۆسەی ڕۆیشتنی ئەسەدیان لەبار برد**

**تورکیا چیدی ناتوانێ بڵێ من ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاراستە دەکەم**

**ڕووداو: سەرەڕای هەوڵی وڵاتە گرنگەکانی ناوچەکە، ئەو فاکتەرانە چین کە ئاستەنگ دەخەنە بەردەم ڕۆیشتنی بەشار ئەسەد لە دەسەڵات؟**

**فەهیم تاشتەکین:** چەندین فاکتەری سەرەکی هەن، یەکەم: لە ڕۆژانی سەرەتای یاخیبوونی سووریا گرووپە چەکدارەکان هاتنە ناو مەسەلەکە و پرۆسەکەیان لەبار برد. دووەم: لە خۆپیشاندانەکاندا دروشمی وەکو "عەلەوییەکان بۆ ناو گۆڕ و کریستیانەکانیش بۆ بەیروت" دەگوترانەوە، ئەمەش خەڵکەکەی ترساند. سێیەم: لە سووریا زۆر بەخێرایی شەڕی بە وەکالەت دەستپێکرا. هەر ئەکتەرێکی ناوچەیی یان نێودەوڵەتی بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەستی خستە ناو پرۆسەکە. ئەمەش وای کرد خەڵکی سووریا کە لە بەرامبەر پلانگێڕییەکانی دەرەوە هۆشیارن، جارێکی دیکە بیر لە مەسەلەکان بکەنەوە. هێزە دەرەکییەکان بۆ بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ گرووپە جیاوازەکان ملی ڕێگایان گرتەبەر. هەر لایەک ویستی بە پیاوەکانی خۆی قەیرانەکە ئیدارە بدات. بەمشێوەیە گرووپە شکستخواردوو و پەرتوبڵاوەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەنێو شەڕ بۆ شەڕ ئاراستە دەکران. چوارەم: سووریا لە ماوەیەکی کەمدا، بووە شانۆی ڕۆژهەڤی جیهادیە نێودەوڵەتییەکان. ئەمەش شتێکە وەکو ئەوەی لە شتێک ڕابکەیت و تووشی شتێکی خراپتر ببیت. پێنجەم: لەهەموویان گرنگتر ئۆپۆزیسیۆن بە شێوەیەکی واتادار یەکگرتوو نەبوو، لەبەر ئەوەش نەبووە جێگرەوەی ئەسەد. لەماوەیەکی کەمدا دەستپێشخەری کەوتە دەست گرووپەکانی وەکو داعش، بەرەی نوسرە، سوپای ئیسلامی کە پشتگیری لە سعودیە وەردەگرت، ئەحرار ئەلشام کە تورکیا، قەتەر و کوێت پشتگیرییان دەکرد.

**ڕووداو: لە وڵاتانی وەکو میسر و تونس، سەرکردەکان زۆر بە پەلە خۆیان ڕادەست کرد و ڕۆیشتن. جیاواز لەوانە ڕووە قایمەکانی ئەسەد چین؟**

**فەهیم تاشتەکین:** جارێ شوێنی سووریا لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی جیاوازە. بەهۆی داگیرکردنی جۆلان، لەگەڵ ئیسرائیل لە ڕووی تەکنیکییەوە لە شەڕدایە، پشتگیری لە ڕێکخراوە فەڵەستینییەکان دەکات، لەگەڵ ئێران هاوپەیمانە، هەروەها بەهۆی وەستانەوەی لەدژی کامپ دەیڤد بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ساڵی 1979 و هاوپەیمانی مێژینەی لەگەڵ ڕووسیا، حیسابەکان لە سووریا ئاڵۆزترن. دەستوەردان لە سووریا بە واتای دەستوەردانە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سوپا و دەزگا ئیستخباراتییەکانی سووریا بەگوێرەی ئەو هاوسەنگییە دامەزراون. کاتێک ئەسەد هەستی بەوە کرد کە گەردەلوولە بەهێزەکە لێی نزیک دەبێتەوە، ڕێوشوێنی ئەمنی گرتەبەر و چەکی قورسی بەکارهێنا و هەروەها چەند هەنگاوێکیشی بەلای چاکسازییەوە گرتەبەر. بەجیا لە تونس هۆکاری پشت پەردەی ڕۆیشتنی موبارەکیش لە میسر لەسایەی دەستبەسەرداگرتنی سوپا بوو. لە میسر سەرەڕای کوشتنی سەتان کەسیش، کەس دەستی بۆ چەک نەبرد. دەستبردنی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بۆ چەک بیانووی دایە ئەسەد بۆ بەکارهێنانی هێز. بە بەراورد لەگەڵ میسر، یاخیبوونی سووریا لە ڕووی جەماوەرییەوە نەگەیشتە ئەو ئاستەی ئەسەد بهەژێنێ. بەپێچەوانەوە خۆپیشاندانی لایەنگرانی ئەسەد زۆر قەرەباڵغتر بوو لە خۆپیشاندانی دژبەرانی ئەسەد، بەڵام میدیای نێودەوڵەتی، خۆپیشاندانی چەند سەد کەسێکی لە دیمەشق، دەرعا، حەما و حومس وەها نیشان دەدا کە ئیدی خەریکە ڕژێم دەڕووخێ و بەمەش ڕای گشتی جیهانی لەخشتە برد. خوێندنەوەی سوننەکان لەوێ وەکو ئەوەی "ڕژێم دەڕوخێت" حیسابێکی هەڵە بوو. سەرەڕای ئەوەی سەربازەکان هەڵدەهاتن، سوپا یەکێتی خۆی پاراست. هەروەها بەردەوامی سیستەمەکە لە ڕووی ئابووریش، ڕەوایەتی مانەوەی ئەسەد لە چاوی خەڵکی ئاسانتر کرد.

**ڕووداو: ئەگەر ئەسەد بڕوات لە سووریا گۆڕانکارییەکی چۆن دێتە ئاراوە؟**

**فەهیم تاشتەکین:** ئەوەی ئەسەد بەڕێدەکات خەڵکی سووریایە. سەرەتا پێویستە کۆتایی بەشەڕ بێت. دەزگاکانی دەوڵەت و بەشێکی گرنگی کۆمەڵگا ئەسەد وەکو گەرەنتی هەڵنەوەشانەوەی سیستەم دەبینن. قەناعەتێک هەیە کە لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەسەد داڕوخانێک ڕوودەدات. بەڵام باوەڕی دەرەوە بەتەواوەتی پێچەوانەیە. چەندین وڵات و لەوانەش تورکیا، پێیانوایە تا ئەسەد نەڕوات ئەو شەڕە کۆتایی نایێت. بەڵام پێویستە واقیعی بین، باسی وڵاتێکی وەکو سووریا دەکەین کە چەندین هاوسەنگی تێدایە. ئەگەر ئێستا ئەو سیستەمەی سووریا کە کەس پێی باش نییە بڕووخێت، نەمومکینە ئەو جوگرافیایە جارێکی دیکە بێتەوە سەر یەک. ئەمەش هەموو ناوچەکە بەرەو ناسەقامگیری دەبات. ئەگەر سووریا هەڵوەشێتەوە لوبنان لە بیر بکەن! بارودۆخی ئوردن زۆر ناسک دەبێت. کاریگەری لەسەر فەڵەستینیش دەبێت.

**ڕووداو: لەحاڵەتی ڕۆیشتنی ئەسەد، بەعس ئەو هێزەی هەیە لە زەمینەیەکی ڕەوادا سیاسەت بکات، یان پەنا بۆ چەک دەبات؟**

**فەهیم تاشتەکین:** ئەم بارودۆخە پەیوەست نییە بە بەعس. سیستەمێکە، ڕێسای کۆمەڵایەتی، سیاسی، سەربازی و بیرۆکراتی خۆی هەیە. کاردانەوەی ئەو ڕێسایانە گرنگە. هەڵە دەکەین کە هێشتا مامەڵەی دەوڵەتی پارتێک لەگەڵ سووریا دەکەین. سووریا لەو پرۆسە خوێناوییەدا ناسنامەی (سووریایی) زەق کردەوە و نیشانی دا کە بووەتە دەوڵەت. کاتێک دێینە سەر سیناریۆکانی دوای ئەسەد، چی دەقەومێ؟ پەیوەستە بەوەی کێ دەبێتە جێگرەوەی ئەسەد. کاتێک گرووپە چەکدارەکان سەری ئەفەندیەکی دیمەشق دەپەڕێنن، ئەو کەس و لایەنانەی چارەنووسی خۆیان بە چارەنووسی ئەسەدەوە دەبەستنەوە، چاوەڕێی سیناریۆیەکی خراپ دەکەن. کاتێک گرووپە مەزهەبییەکان لە سووریا دەبنە خاوەن قسە، بەتایبەتی بۆ کەمینە ئایینی و مەزهەبیەکان بە واتای کۆتایی مێژوو دێت. بەمشێوەیە ئەو کەسانە بۆ ئەوەی لەناونەچن، زۆر بە توندی بەرگری لەخۆیان دەکەن.

**ڕووداو: پاش کۆبوونەوەی داودئۆغڵو لەگەڵ هیلاری کلینتن لە دوبەی لە ساڵی 2011، تورکیا سیاسەتی خۆی بەرامبەر سووریا گۆڕی. سەرچاوەی ئەو گۆڕانکاریە چی بوو؟ ئەمریکا چ بەڵێنێکی بە تورکیا دا؟**

**فەهیم تاشتەکین:** گوشار خرایە سەر تورکیا و داوای لێکرا کۆتایی بە هەوڵە دیپلۆماسیەکانی بێنێت و بۆ گۆشەگیری ڕژێم کاربکات، بەڵام ئەو گۆشەگیرییە بە ئاراستەی شەڕی بە وەکالەت ڕۆیشت. تورکیا بە پێویستی زانی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی هەماهەنگی بکات، هەروەها بۆ ئەوەی دەستپێشخەری زیاتر بگرێتە دەست، بە هەوەسی خۆی قۆڵەکانی بادەدا. لە لیبیا لەدوا ساتەکاندا سیاسەتی خۆی گۆڕی و تا لەدەستی هات پراگماتیستانە هەڵوێستی نیشاندا. پێیوابوو لە سووریا لەماوەیەکی زۆر کورتدا ئەسەد دەڕوات و بۆ ئەوەی دەرفەتەکەی لەدەست نەچێت، هاتە نێو کاروانەکە. حکومەت لەو بڕیارەیدا هەڵەی جدیی کرد. زانیارییەکان و ئاماژەکانی گۆڕەپانەکە کە ڕژێم لە ماوەیەکی کورتدا دەڕوات، هەڵخەڵەتێنەربوون.

**ڕووداو: تورکیا لەدوای ساڵی 2009 وە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مەیلی ئیمپریالیانەی نیشاندا. دەیویست دەربارەی دەستنیشانکردنی ئیدارەی سووریا و دوارۆژی ئەو وڵاتە ببێتە خاوەن قسە؟**

**فەهیم تاشتەکین:** هەڵبەتە بەڕێوەبەرانی تورکیا بەهۆی خۆ پفدان و باوەڕبەخۆبوون پێیانوابوو دەتوانن ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاراستە بکەن. تورکیا چووە ناو پرۆسەی چاکسازییەکانی ئەورووپا و ئابوورییەکەی گەشایەوە. ئەوانەی ئەنقەرە ئەو مەسەلەیەیان بە هەڵە خوێندەوە. بەهۆی خۆنمایشکردنی جەماوەری لەناو عەرەبەکان جۆشێکیان دروستکرد، بەڵام بەهۆی دەستوەردانە نێو کاروباری دراوسێکانیان، گرتنەبەری سیاسەتی مەزهەبیانە و حیزبیانە ئەو مەسەلەیە پێچەوانە هەڵگەڕایەوە. سەرکردەکانی ئاکپارتی وایانزانی ئەگەر بوونە خاوەن ئەو هەژموونەی بتوانن چارەنووسی دیمەشق دەستنیشان بکەن، دەتوانن حوکمی هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکەن. لەنێوان هەوەس و تواناکانیاندا ئاسمان و ڕێسمان جیاوازی هەیە، پێموانییە هێشتا لەو خەونە بەئاگا هاتبنەوە.

**ڕووداو: لەو کاتەی هێشتا تورکیا سەری لە کێشەی کەمینەکانی نێوخۆی دەرنەکردووە، چۆن دەتوانێ لە وڵاتێکی وەکو سووریا کە پڕە لە کەمینە و هەمووشیان بوونەتە توخمێکی پێکهێنەری ئەو وڵاتە، سەر دەربکات؟ ئایا دەتوانێ فۆرمێک بدۆزێتەوە کە هەموویان پێکەوە ئیدارەیەک دروست بکەن؟**

**فەهیم تاشتەکین:** تا ئەو کاتەی تورکیا کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر نەکات، ناتوانێت ببێتە مەرهەمی زامی کێشەی هیچ وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بانگەشەی بەنموونەکردنی تورکیا بۆ ناوچەکە بێ ناوەڕۆکە. ئەو ئەرمەنیانەی لە کاتی خۆیدا لە سەردەمی عوسمانیەکان دەرکران، بەرلەوەی بچنە هیچ شوێنێکی دیکە لە سووریا ژیانیان دۆزییەوە، سریانیەکانیش بەهەمانشێوە. ئەو کوردانەی ڕایانکرد یان دەرمانکردن، لە سووریا دوارۆژێکی باش یان خراپیان بۆخۆیان دروستکرد. سەرەڕای ئەوەی مافی دەستووریی هەندێکیان دەستیشی بەسەردا گیرا، بەڵام بارودۆخیان بەراورد لەگەڵ ئەوانەی تورکیا باشتر بوو. چەرکەسەکانی لای ئێمە، ئەوانەی سەربازی عوسمانی بوون و بەجدی بەشدارییان لە پرۆسەی دامەزراندنی کۆماردا کرد، توانەوە و زمانی خۆیان لەبیرکرد، بەڵام چەرکەسەکانی سووریا، ڕووبەڕووی ئەم جۆرە گوشار و توانەوەیە نەبوونەوە و بە زمانی دایکیان قسە دەکەن. لەوکاتەی عەلەوییەکانی سووریا بە ئارامی دەژین، لە تورکیا لە سیاسەتدا گۆشەگیرکراون. لەم بارودۆخەدا تورکیا چۆن بۆ سووریا دەبێتە مۆدێل؟ بەتایبەتی لەو کاتەی کورد هەبێت. لەبەرامبەر هەوڵی دامەزراندنی خۆسەریی کورد، تورکیا توندترین کاردانەوەی نیشاندا. حکومەتی سووریاش وەکو تورکیا توند نەبوو. تورکیا هەوڵی کورد لەگەڵ کۆمەڵگا ئایینی و ئەتنیکییەکانی دیکە بۆ دامەزراندنی ژیانێکی هاوبەش بە هەڕەشە لەسەرخۆی لەقەڵەم دەدات. لەبەر ئەمە تورکیا ناتوانێ لە هیچ مەسەلەیەکدا ڕێنوێنیی سووریا بکات.

**ڕووداو: لە پەرتووکەکەتاندا دەڵێن لەدوای ئابی 2015 و گەڕانەوەتان لە سووریا، لەگەڵ عەبدوڵڵا گویل دانیشتن. ئایا گویل خۆشحاڵە بەو سیاسەتەی تورکیا لەبارەی سووریا؟ ئەگەر عەبدوڵڵا گویل لەدەسەڵات بووایە هەمان سیاسەتی دەگرتەبەر؟**

**فەهیم تاشتەکین:** دانیشتنەکە لەسەر داوای ئەو بوو، دوو سەعات قسەمان کرد، ڕەخنەم لە سیاسەتی حکومەت دەربارەی سووریا گرت، هەموو هەڵەکانم بۆ ڕیز کرد، بێ ئەوەی تانەی لێبدات گوێی لێگرتم. گوتیشی چەندینجار ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و ئەحمەد داودئۆغڵوم ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام گوێیان لێنەگرتووم. گویل سەرکردەیەکە سروشتێکی نەرمی هەیە، وەکو ئەردۆغان گوشاربەر نییە.

**ڕووداو: دوای ئەوەی سیاسەتی سووریا ئەو ئەنجامەی لێنەکەوتەوە کە دەیویست، گوتاری ئیمپریالیانەی تورکیا زۆر کزبووە. ئایا تورکیا لەو سیاسەتە پەشیمان بووەتەوە؟**

**فەهیم تاشتەکین:** مێشکەکە نەگۆڕاوە، بەڵام چەندینجار بەر دیوار کەوت. ئیتر وەکو دوو ساڵ لەمەوبەر ناتوانێ بڵێت: "ئێمە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاراستە دەکەین، ئێمە پرۆسەکە بەڕێوەدەبەین". جگە لە کزکردنی دەنگیان هیچ دەرفەتێکی دیکەیان نییە. بەپێچەوانەوە دەکەونە نێو بارودۆخێکی زۆر کۆمیدیتر.

**ڕووداو: دوای گەڕانەوەی لە ئەمریکا، سەرۆک کۆمار ئەردۆغان گوتی بە ئۆبامام گوتووە "لەبەرامبەر ڕووداوەکانی باکووری سووریا بێدەنگ نابین". ئەگەری لەشکرکێشی تورکیا بۆ نێو سووریا چەندە؟**

**فەهیم تاشتەکین:** تورکیا ناچێتە نێو سووریا. بۆ ئەمە پێویستە عەقڵی خۆی لەدەستبدات. تورکیا چوار ساڵە هەڕەشە لە کورد دەکات. ویستی بە بەکارهێنانی گرووپەکانی وەکو داعش، بەرەی نوسرە و سوپای سووریای ئازاد دەستکەوتەکانی کورد لەناو ببات. شەڕێکی بەوەکالەتی لەدژی کورد کرد. هەروەها دەخوازێ بەتۆپبارانکردن دەرفەت نەدا کورد بگاتە ئەو ناوچانەی کە وەکو هێڵی سوور ڕایگەیاندوون. جگە لەمە ئاسان نییە، ڕاستەوخۆ سوپا ڕەوانەی سووریا بکات و بکەوێتە شەڕ. ئەگەر بچێتە نێو سووریا پێویستە ئەوەی لەبەرچاو بێت ڕەنگە شەڕ لەگەڵ کورد و هاوپەیمانەکانی و سوپای سووریا بکات. پێموایە ڕووسیا بۆ ئەوەی تۆڵەی فڕۆکەکەی بکاتەوە بە چوار چاو چاوەڕێیە تورکیا چ لە ڕێگای ئاسمانی چ لە ڕێگای زەمینی بچێتە نێو سووریا.

**ڕووداو: پێتوایە سیستەمی فیدراڵی چارەسەری کۆتایی بۆ سووریا دێنێت؟**

**فەهیم تاشتەکین:** پەیوەستە بەوەی تا چەند سیستەمی فیدراڵی کارا دەبێت. ئەوەی ناوچە کوردییەکان هیوابەخشە. بارودۆخێکە پەیوەستە بە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و دیسپلینی سەربازی. هەمان شت لەناوچە عەرەبییەکان نابینین، بەڵام ئەو مۆدێلەی کورد لە سووریا جێبەجێی دەکەن مۆدێلێکە سووریا ئاسوودە دەکات. بێگومان زۆر زەحمەتە. سووریا خاوەنی بیرۆکەیەکی توندی دەوڵەتی نەتەوەییە. بێگومان فڕێدانی ئەو بەرگە دەبێتە شۆڕشێکی جدی. گۆڕینی سیستەمێکی مەرکەزی بۆ لامەرکەزی کاری هەرە زەحمەتە لە جیهاندا.

**ڕووداو: کردنەوەی نوێنەرایەتی پەیدە لە مۆسکۆ، نوێنەرایەتی یەپەگە لە پراگ چ ڕێگایەک بۆ سیاسەتەکانیان دەکاتەوە؟**

**فەهیم تاشتەکین:** کورد لەم ڕووەوە ڕێگایەکی چەند ڕەهەندی دەگرێتەبەر. کردنەوەی نووسینگەکانیان لە پراگ یان لە برۆکسل، کرانەوەی ئەوان بەرەو ڕۆژئاوا نیشان دەدات. کردنەوەی نوێنەرایەتیشان لە مۆسکۆ، لە پێویستییانەوە بە پشتگیریی هێزێکی جیهانی دێت. وەرگرتنی پشتگیری لە ڕووسیا بە واتای کاریگەربوون لەناو پلاتفۆرمە نێودەوڵەتییەکان و کاریگەربوون لە دیمەشق دێت. هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا کاریگەرییەکی پێچەوانەی لەسەر دیمەشق دەبێت. ئەو فاکتەرەی ئەمە هاوسەنگ دەکات، بەستنی هاوپەیمانێتییە لەگەڵ ڕووسیا.

**ڕووداو: پێتوایە لە داهاتوودا ئەمریکا کار بۆ یەکخستنی ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بکات؟**

**فەهیم تاشتەکین:** لە وادەیەکی کورتدا ئەمە زەحمەتە. ئەمریکا ئەگەر حەزیش بکات ئەمە ناکات. دەبێت سەرەتا کورد خۆی داوا بکات، بەڵام چەمکی باڵادەست لەهەردوو پارچە بەتەواوەتی دژ بەیەکە. ئێستا ئابڵوقەی هەرێمی کوردستان جەرگبڕترین ئابڵوقەیە کە بەسەر کوردی سووریادا سەپێنراوە. سەرەتا پێویستە کورد یەکێتی خۆی دروست بکات. دواتر نۆرەی تێپەڕاندنی ئیرادەی هێزە ناوچەییەکان و بەدەستهێنانی پشتگیریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دێت.

**ڕووداو: خاڵی بەهێزی کۆمەڵگای کوردی لە سووریا بۆ گەیشتن بە مافەکانی و لایەنە دیارەکانی چییە؟**

**فەهیم تاشتەکین:** کورد مەسەلەیەکی هەیە. بۆ ئەوەی لەپێناو ئەو مەسەلەیە هەنگاوێک بنێ، زەمینەی لەباری هەیە. شەڕ و هەڕەشەکانی داعش بۆ ئەوەی گوێ لە قسەکانی کورد بگیرێ و جیاوازییەکانی نیشان بدات دەرفەتی دروست کرد. شەڕ لەدژی داعش ڕەوایەتی بۆ کورد دەستەبەر کرد. مۆدێلی دەستی ئەوان چەکی هەرە بەهێزە و ستراتیژی ڕێگای سێیەمینی بۆ کورد دەستەبەرکرد. بێگومان بۆ ئەوەی دەستکەوتە سیاسییەکانیان بپارێزن پێویستە فەلسەفەی پێکەوە ژیان لەگەڵ گەلانی دیکە لەدەست نەدەن و لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیش پەیوەندی ژیرانە دروست بکەن. کورد ئەگەر بیەوێ بەچەک خۆی بسەپێنێ دەدۆڕێ.

**هەڵوەشانەوەی سووریا کاریگەری لەسەر لوبنان و ئوردنیش دەبێت**

**ئۆپۆزیسیۆنی سووریا نەیتوانی ببێتە جێگرەوەی ئەسەد**

**تورکیا بۆ ئەوەی بچێتە نێو سووریا، دەبێ عەقڵی خۆی لەدەستبدات**

کوردستانی
ڕووداو



### ئەنگێلا مێركڵ دەچێتە باكووری كوردستان

**ڕووداو- ئیزمیر**

نێردراوی ڕووداو لە ئیزمیر ڕایگەیاند، لەسەر بانگهێشتنامەی شارەوانی پارێزگای كلیسی باكووری كوردستان و سێ هەزار ژنی سنوورەكە، ئەنگێلا مێركڵ، ڕاوێژكاری ئەڵمانیا ڕۆژی 16ی ئەم مانگە بە سەردانێک دەگاتە شارەكە. نێردراوی ڕووداو ئاماژەی بەوە كرد، مێركڵ لە سەردانەكەیدا كەمپی پەنابەران بەسەر دەكاتەوە، بەتایبەت ئەو كەمپانەی كە دەزگا ئەڵمانییەكان هاوكاری مرۆییان پێ دەبەخشن. شاری كلیس دەكەوێتە نزیک سنووری سووریا. ژمارەی دانیشتووانی نزیكەی 90 هەزار كەسە، بەڵام 129 هەزار پەنابەر ڕوویان تێكردووە و زۆرینەیان خەڵكی سووریا و ڕۆژئاوای كوردستانن.

ژمارە (403) دووشەممە 2016/4/11

## پلانەكەی ئامادەیە

# یەپەگە خۆی بۆ شەڕی منبج و جەرابلوس ئامادە دەكات



توركیا ئاستەنگ بۆ گرتنەوەی منبج و جەڕابلوس دروست ناكات، بەو مەرجەی پێشڕەوییەكان ئەلعەزاز نەگرێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیی لە دژی داعش و سەركردە سەربازییەكانی ڕۆژئاوای كوردستان، پلانی ئازادكردنی منبج و جەرابلوسیان ئامادە كردووە. پلانەكە بەهۆی هەستیاریی توركیا ناوچەی ئەلعەزاز ناگرێتەوە، بەڵام بەگوێرەی ئەو پلانە ڕێڕەوێک بەرەو عەفرین دەكرێتەوە و بەوەش بە كۆبانێوە دەبەسترێتەوە.

هێزەكانی سووریای دیموكرات كە لە 13 گرووپی چەكدار پێكدێت و یەپەگە دیارترینیانە، ڕۆژی 2016/1/26 بەنداوی تشرینیان لە ڕۆژئاوای ڕووباری فورات لەدەستی داعش دەرهێنا. دوای ئەوەش درێژەیان بە پێشڕەوی بەرەو ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دا، بەڵام بەهۆی تۆپبارانی توركیا و لەسەر داوای هێزەكانی ئەمریكا پێشڕەوییەكانیان وەستاند.

### پلانی گرتنەوەی منبج

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، بەتایبەتی دوای هێرشەكانی سەر بەلجیكا لە 22ی مانگی ڕابردوو، جارێكی دیكە ڕزگاركردنی ئەو ناوچانە لەدەستی داعش بووە ڕۆژەڤ. بەگوێرەی زانیارییەكانی (ڕووداو) هێزەكانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، لەگەڵ فەرماندەكانی سووریای دیموكرات لەم ماوەیەی دوایی دوو كۆبوونەوەیان بۆ گرتنەوەی منبج لە كۆبانێ و دەوروبەری كردووە. ئەوەی یەكەمیان كە 24ی مانگی ڕابردوو بووە، نەخشەی گشتی شەڕەكەی تێدا كێشراوە، كۆبوونەوەی دووەمیش ڕۆژی دووی ئەو مانگە بووە.

ئیدریس نەعسان چاودێری سیاسی لە كۆبانێ، ئەو زانیاریانەی بۆ (ڕووداو) پشتڕاست كردەوە و گوتی "بەگوێرەی زانیارییەكانم كۆبوونەوەی یەكەم لە ناوچەی بەنداوی تشرینی سەر بە كۆبانێ بووە، دووەمیش لەنێو كۆبانێ بووە بۆ دانانی ستراتیژ و نەخشە سەربازییەكان و گفتوگۆ لەسەر كۆبوونەوەی نێوان ئۆباما و ئەردۆغان".

### هەستیاریی توركیا لەبەرچاو گیراوە

ئێستا هێزەكانی سووریای دیموكرات لە ڕۆژهەڵاتەوە تەنیا 20 كیلۆمەتر لە منبج دوورن. جگە لە نارەزایی توركیا، هیچ ئاستەنگێک لەبەردەم گرتنەوەی منبج و جەڕابلوسدا نییە. ئەمەش لە دوایین دیداری هەردوو سەرۆک ئۆباما و ئەردۆغاندا كە لە واشنتن بەڕێوەچوو، باس كراوە.

بەگوێرەی نووسینێكی عەمبەرین زەمان ژنە نووسەری تورک لە پێگەی (دیكەن) "یەک هۆكار هەبوو بۆ دیداری سەرۆک ئۆباما لەگەڵ سەركۆمار ئەردۆغان: ئەویش مەسەلەی سووریا و داعش بوو. چونكە واشنتن، لەلایەک لە مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی داعش و لەلایەكەی دیكەش لەوە نیگەرانە كە نەبادا ئاگربەستی سووریا تێكبچێت بەهۆی هەڵمەتە تاک لایەنییەكەی توركیا، یان ڕاستتر بڵێین ئەردۆغان".

دوای سەردانەكەی ئەردۆغان بۆ ئەمریكا، میدیاكانی ئەمریكا بڵاویان كردەوە كە ئەمریكا و توركیا لەسەر بنەماكانی ئۆپەراسیۆنی منبج ڕێككەوتوون. هێشتا ئەردۆغان نەگەیشتبووە ئەمریكا مەولود چاوشئۆغڵو وەزیری دەرەوەی توركیا گوتی "لەبەر خاتری پەیەدە لە ئەمریكا ناتۆرێین".

هەر دوای سەردانی شاندێكی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا بۆ توركیا لە ڕۆژی سێی ئەم مانگە، ئیبراهیم كالن، گوتەبێژی سەرۆكایەتی كۆماری توركیا ڕایگەیاند "واشنتن لە ئۆپەراسیۆنی سەر منبج هەستیاریی توركیا لەبەرچاو دەگرێت و بەگوێرەی ئەمە پلانێک دادەڕێژێت".

بەگوێرەی زانیارییەكانی (ڕووداو) كە لەچەند سەرچاوەیەكەوە لە كۆبانێ و دەوروبەری دەستیكەوتووە، پلانی ئۆپەراسیۆنەكەی منبج تەنیا جەڕابلوس و منبج لەخۆ دەگرێت، هێزەكانی سووریای دیموكرات (HDS) پێشڕەوی بەرەو ئەلعەزاز ناكات كە چەند هێزێكی چەكداری سەر بە سوپای سووریای ئازادی لێیە و پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ توركیا هەیە.

ئیدریس نەعسان كە پێشتر بەرپرسی پەیوەندییەكانی دەرەوەی كانتۆنی كۆبانێ بووە، دەڵێت "پێشهاتە ئەمنییەكان و هێرشە تیرۆریستییەكانی سەر برۆكسل، پێش ئەویش پاریس، پاڵی بە ئەوروپا و ئەمریكاوە نا، تاوەكو گوشاری زیاتر بخەنە سەر توركیا و ڕێگا بە (HDS) بدەن پێشڕەوی بەرەو ڕۆژئاوای فورات بكات و جەرابلوس و منبج و لەوانەیە ئەلبابیش ڕزگار بكەن".

هەڵمەتەكە یەكەمجار بۆ سەر منبج یان جەرابلوسە؟ فەرماندەیەكی سەربازی لە ناوچەكە كە نەیویست ناوی ئاشكرا بكرێت، بە (ڕووداو)ی گوت "سەرەتا منبج ڕزگار دەكرێت، چونكە ئەگەر منبج ئازاد كرا جەرابلوس گەمارۆ دەدرێت و ڕزگاركردنی ئاسانتر دەبێت".

### ڕۆڵی یەپەگە

بەپێی هەواڵێكی ڕۆژنامەی حوڕییەتی توركی كە ڕۆژی 31ی مانگی ڕابردوو بڵاوی كردووەتەوە، توركیا دوو مەرجی داناوە بۆ بێدەنگبوون لە بەرامبەر ئۆپەراسیۆنی منبج: پێویستە ئەو عەشیرەتە عەرەبانەی بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەكە دەكەن لەژێر ناوی هێزەكانی سووریای دیموكرات نەبێت. پێویستە هاتوچۆی ئەو گرووپانە لەلایەن توركیاوە كۆنترۆڵ بكرێت. ئەمریكا زیاتر پاڵپشتی گرووپەكانی نێو سوپای سووریای ئازاد بكات.

ڕۆژنامەكە نووسیویەتی: "ئەمریكا ڕێگا نادات یەپەگە بەرەو منبج بچێت".

بەڵام عەمبەرین زەمان لە نووسینەكەیدا هەواڵەكەی حوڕییەت بە ناڕاست دەزانێ و دەڵێت "بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لە چەند سەرچاوەیەكی ئەمنییەوە دەستم كەوتووە، بەرپرسانی تورک باسی هەموو گفتوگۆكانی واشنتنیان نەكردووە. بەدڵنیاییەوە یەپەگە لەگەڵ عەرەبەكان بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی منبج دەكات. ڕاست نییە كە دەڵێن عەشیرەتە عەرەبەكان لە هێزەكانی سووریای دیموكرات جیادەكرێنەوە و ئەوان دەچنە ڕیزی ئەو گرووپانەی كە توركیا دروستی كردوون".

ئەوەی قسەكانی عەمبەرین زەمان پشتڕاست دەكاتەوە، ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی سەربازیی هەرێمی منبجە كە ڕۆژی هەینیی ڕابردوو لەلایەن گرووپە عەرەبەكانی نێو هێزەكانی سووریای دیموكرات دەرچوو. ئیدریس نەعسان دەڵێت "توركیا ئاستەنگ بۆ گرتنەوەی منبج و جەڕابلوس دروست ناكات، هێزە كوردییەكان هەستیاری لایەنی توركی لەبەرچاو دەگرن، ئەمریكا بەڵێنی پێداون كە ڕێژەی عەرەبەكان لەناو هەدەدسە زیاتر دەكرێت، پێشڕەوییەكان ئەلعەزاز ناگرێتەوە كە لەژێر دەستی گرووپە چەكدارەكانی ئۆپۆزیسیۆندایە".

هەروەها دەڵێت "لەگەڵ ئەنجومەنی سەربازیی منبج، ئەنجومەنێكی ئیداری لە پێكهاتەكانی منبج دروستكراوە، بۆ ئەوەی دوای ڕزگاركردنی لە داعش كاروبارەكانی بەڕێوەببات".

### ڕێڕەوێک بەرەو عەفرین

یەكێک لە ئامانجەكانی یەپەگە یەكخستنی جەزیرە و كۆبانێیە لەگەڵ عەفرین، بەڵام بۆ ئەوە، دەبێت شارۆچكەی ئەلعەزاز بكەوێتە دەستی كورد. بەگوێرەی پلانی گرتنەوەی منبج و جەرابلوس، هێزە كوردییەكان بەرەو عەفرین ناچن و تەنیا ئازادكردنی ئەو دوو ناوچەیەیان مەبەستە. ئەمەش یەكگرتنەوەی خاكی ڕۆژئاوای كوردستان پەكدەخات و لەوانەیە بەدرێژەكێشانی كۆی پرۆسەكە بخاتە مەترسییەوە.

عەمبەرین زەمان لە گۆشەكەیدا پێیوایە یەكنەگرتنەوەی كانتۆنەكان كاتییە و پەیوەستە بە سیاسەتی ئەمریكاوە "ئێستا ڕێگە نادەن هەر سێ كانتۆنە كوردییەكان یەكبگرنەوە. هەوڵ دەدەن ئەو هێزەی بەشداری ئۆپەراسیۆنەكان دەكات ڕەنگاوڕەنگ بێ. وەكو ئۆپەراسیۆنی شەدادی عەرەبەكانیش بەشداریی تێدا دەكەن. بەمشێوەیە بانگەشەی ئەوەی كە ئەمریكا خزمەتی ئامانجەكانی كورد دەكات، پووچەڵ دەكەنەوە".

بەڵام ئیدریس نەعسان لەوبارەیەوە بۆچوونێكی جیاوازی هەیە و پێیوایە "ڕاستە ئۆپەراسیۆنەكە لەژێر ناوی ئازادكردنی منبج و جەرابلوسە، بەڵام ئازادكردنی ناوچەی ئەلباب و دەوروبەریشی دەگرێتەوە. دوای ئازادكردنی ناوچەی ئەلباب، كۆریدۆرێک بەرەو عەفرین دەكرێتەوە".

# هەڕەشەی "لێستاندنەوەی وڵاتینامە" نەیارەكانی ئەردۆغان دەورووژێنێ



**ڕووداو- هەولێر**

هەڕەشەكەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک كۆماری توركیا دەربارەی لێسەندنەوەی مافی هاووڵاتیبوون لە "لایەنگرانی تیرۆر"، ڕۆژەڤێكی نوێی لە توركیا دروست كردووە. هەندێک لە چاودێرانی كورد دەڵێن، زەوتكردنی مافی هاووڵاتیبوون قۆناغێكی دیكەی ئەو پرۆسەیەیە كە دوای هەڵبژاردنەكانی حەوتی حوزەیران دەستی پێكردووە.

"تا یەک كەس لە ئێمە دەمرێت، 10-20-30 كەس لەوان دەكوژین. هەموو ڕێوشوێنێک لەدژی لایەنگرانی تیرۆر دەگرینەبەر تا ئاستی لێسەندنەوەی مافی هاووڵاتیبوون، چونكە ئەوانە نابنە هاووڵاتیی ئێمە". ئەم قسەیەی ئەردۆغان كە لە ڕۆژی پێنجی ئەم مانگەدا (ڕۆژی پارێزەران) كردی، ئێستا بووەتە ڕۆژەڤی میدیاكانی توركیا.

هێشتا هیچ هەنگاوێک بۆ بەكردەوە جێبەجێكردنی ئەم قسەیەی ئەردۆغان نەنراوە، بەڵام چاودێرانی سیاسی لە توركیا وای دەبینن كە هەر لە ئێستاوە ڕای گشتی بۆ ئامادە دەكرێ.

نوعمان كورتولوش، جێگری سەرۆكوەزیران و گوتەبێژی حكومەت، چەند سەعاتێک دوای قسەكانی ئەردۆغان بە ئاژانسی ئانادۆڵوی گوت: "پەكەكە بە درێژایی مێژوو هیچ كاتێک وەكو ئەمڕۆ لە دەرەوە پشتگیری لێنەكراوە. ڕێكخراوێكی چەكدار، بكوژ و غەداری بەمشێوەیە خۆی وەكو هەواداری ئاشتی بە ڕای گشتیی جیهان نیشان دەدات".

هەر ڕۆژێک دوای قسەكانی ئەردۆغان، ئەحمەد داودئۆغڵو سەرۆک وەزیرانی توركیا لە یەكێک لە فرۆكەخانەكانی توركیا گوتی: "ئەگەر كەسێک لە وڵاتێک كاری تیرۆریستی بكات و زیان بە هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە بگەیەنێ، كەواتە لەگەڵ خەڵكی ئەو وڵاتە پەیوەندییە مەعنەوییەكانی پچڕاوە، بەڵام تا ئێستا لەو ڕووەوە هیچ هەنگاوێكمان نەناوە و گفتوگۆمان لەسەر نەكردووە".

لایەنێكی دیكەی پەیوەندیدار بەو مەسەلەیە، وەزارەتی دادی توركیایە. بەكر بۆزداغ وەزیری دادی توركیا دەڵێت: "كاتێک كەسێک خۆی داوا بكات، دەكرێت مافی هاووڵاتیبوون لەو كەسە بستێندرێتەوە، بەهەمانشێوە دەكرێت مافی هاووڵاتیبوون لەو كەسانە وەربگیرێتەوە كە بەدەستیان هێناوە. ئێستا ئەو ڕێسایە بە گوێرەی ئەو ڕۆژەڤەی هەیە گونجاوە".

### كاردانەوەی نێودەوڵەتی

فریدەم هاوس كە ڕێكخراوێكی ناحكومییە و بۆ پشتیوانی لە دیموكراسی و ئازادییە سیاسییەكان دامەزراوە و بارەگاكەی لە ئەمریكایە، ڕەخنە لەو قسانەی ئەردۆغان دەگرێت و پێیوایە توندوتیژی زیاتری لێدەكەوێتەوە.

مارک لاگۆن، سەرۆكی ئەو ڕێكخراوە دەڵێت "ئێستا توركیا سەری لێشێواوە و لە قەبارەی خۆی گەورەتر پێناسە بۆ تیرۆر دەكات. بە هەزاران كەس بەبێ هیچ هۆكارێک ڕووبەڕووی دادگا كراونەتەوە و لێسەندنەوەی مافی هاووڵاتیبوونیش ڕێگا بۆ توندوتیژیی زیاتر دەكاتەوە".

توركیا لەساڵی 1975دا پەیماننامەی نەتەوە یەكگرتووەكانی بۆ كەمكردنەوەی ژمارەی ئەو كەسانەی بێ نیشتیمانن واژۆ كردووە. هەروەها لە ساڵی 1986 واژۆی لەسەر پەیماننامەی مافەكانی یەكێتیی ئەورووپا كردووە كە پاراستنی مافی هاووڵاتیبوونی وەكو پرەنسیپی سەرەكی تێدا جێگیركراوە.

نووسەری تورک یاڵچین دۆغان لە پێگەی T24 ڕەخنە لە بەڕۆژەڤكردن و زەمینە ئامادەكرن بۆ ئەم هەنگاوە دەگرێت و پێیوایە "هاووڵاتیبوون پشت بە پەیوەستبوون بە وڵاتێک دەبەستێت. وڵاتەكان ناچار دەكات باری ئەو پەیوەستبوونە هەڵبگرن. هەڵگرتنی ئەو بارەش بە یاساكانەوە دەبەستێتەوە. لە بنەمادا وەرگرتنەوەی مافی هاووڵاتیبوون باروودۆخێكی شازە. هەر وڵاتێک پەیماننامەكانی یەكێتیی ئەورووپای واژۆ كردبێ، بیر لە وەرگرتنەوەی مافی هاووڵاتیبوون لە هاووڵاتیانی ناكاتەوە".

### لەگەڵ ڕۆحی یاسا ناگونجێ

یاساناسانی تورک ڕەخنە لەو لێدوانەی سەركۆماری توركیا دەگرن و پێیانوایە بەپێی پەیماننامەی مافی مرۆڤی ئەورووپا مافی هاووڵاتیبوون لەكەس ناسێندرێتەوە. پرۆفیسۆر یوجەل سایمان كە یاساناسێكی دیاری توركیایە، بە پێگەی T24ی توركی ڕاگەیاندووە "هیچ كەسێک بەبێ ڕەزامەندی خۆی لە مافی هاووڵاتیبوون بێبەش ناكرێ. لێسەندنەوەی مافی هاووڵاتیبوون، نابێ وەكو سزایەک بەكاربێت. ئەمە لە دەستووری توركیا و پەیماننامەی مافی مرۆڤی یەكێتیی ئەورووپادا جێگیركراوە". هەروەها دەڵێت "ناكرێ یاسای هاووڵاتیبوون هەموار بكەنەوە، لە بواری یاسایی گفتوگۆشی لەسەر ناكرێ. تەنیا بە سیاسی گفتوگۆی لەسەر دەكرێت".

دۆغو ئەرگیل، مامۆستای زانكۆی ئەنقەرە لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت، ڕیزبەندكردنی كەسانێک لە ژێر ناوی هەواداری تیرۆر و سەندنەوەی مافی هاووڵاتیبوون لێیان، ڕوفتارێكی بەدەر لە یاسایە. هیچ دەسەڵاتێک ئەو مافەی نییە. بۆت هەیە سزایان بدەی، بەڵام دۆزینەوەی سزای پڕوپووچ و ناشیرین، مەترسیدارە بۆ ڕۆحی یاسا".

### كورد چی دەڵێن؟

لەبارەی ئەو قسانەی ئەردۆغان، كورد بۆ دوو بەرە دابەش بوون. بەرەیەكیان پێیوایە قسەكانی سەركۆماری توركیا ئەڵقەیەكی دیكەیە لەو سیاسەتەی لە دوای حەوتی حوەزیران لەدژی كورد دەستی پێكردووە. بەرەكەی دیكەش كە سەر بە حكومەتە، پێیوایە قسەكانی ئەردۆغان لە دژی كورد نییە.


محەممەد كایا، سەرۆكی ڕێكخراوی دیجلە بۆ توێژینەوەی سیاسی و ئابووری، پێیوایە لێسەندنەوەی مافی هاووڵاتیبوون قۆناغێكی دیكەیە لەو پرۆسەیەی لەدوای حەوتی حوزەیران لەدژی كورد دەستی پێكردووە. كایا بە (ڕووداو)ی گوت "سەرۆک كۆمار لەم پرۆسەیەدا لەگەڵ پێكهاتە شاراوەكانی دەوڵەت ڕێككەوتووە و كردەوە نایاساییەكان لەدژی كورد جێبەجێ دەكات". هەروەها دەڵێت "كاتێک ئەردۆغان دەڵێت ئەوان یەک لە ئێمە دەكوژن، ئێمە 30 كەس لەوان دەكوژین. خیتابێكە بۆ هەستی دەنگدەری نەتەوەپەرستی تورک".

كایا پێیوایە سیاسەتەكانی ئێستای ئاكپارتی نەک كورد لە ئاكپارتی دووردەخاتەوە، بەڵكو خەریكە پەتی پەیوەندیی كورد لەگەڵ توركیا دەپچڕێنێ.

بەڵام ئۆرهان میرئۆغڵو، پەرلەمانتاری كوردی ئاكپارتی، پاكانە بۆ قسەكانی ئەردۆغان دەكات و دەڵێت "سەرۆک كۆمار ویستی بە ڕاشكاوانە بڵێ لە شەڕی تیرۆر بەردەوام دەبین". میرئۆغڵو ڕەخنە لە بیركردنەوەی میدیای كوردی دەگرێت و دەڵێت "میدیای كوردی سەرلەبەری قسەكانی سەركۆمار بەهەڵە دەخوێنێتەوە. پێیوایە هەموو كورد لە سنوور دەردەكرێن. ئەوە خوێندنەوەیەكی هەڵەیە".

بەهۆی داعش و قەیرانی دارایی

# قوتابیانی بنکەکانی لەبەرکردنی قورئان بەرەو کەمبوونەوەن



## بەرپرسێکی یەکگرتوو:
## فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان مۆڵەتی کردنەوەی سەنتەری فێربوونی قورئانیان پێداوین

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان باس لە کەمبوونەوەی هامشۆی قوتابیان بۆ بنکەکانی لەبەرکردن و فێربوونی قورئان دەکەن و هۆکارەکەشی بۆ سەرهەڵدانی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی دەگێڕنەوە.

لەساڵی 2010ەوە وەزارەتی ئەوقاف 71 بنکەی فێربوون و لەبەرکردنی قورئانی لە سەرتاسەری کوردستاندا کردووەتەوە و دابینکردنی مامۆستا و تێچووی بنکەکانیش لە ئەستۆی خێرخوازانە.

ئەو بنکانە تەنیا ڕۆژانی هەینی لە بەیانی تا ئێوارە بەڕووی قوتابیاندا دەکرێنەوە و هەموو تەمەنێکیش بۆی هەیە هاتوچۆی ئەو بنکانە بکات. بڕیاریشە ساڵی داهاتوو یەکەمین وەجبەی قوتابیان بۆ لەبەرکردنی قورئان دەربچن.

بەڵام بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقاف دەڵێن ئێستا کەمتر قوتابیان هامشۆی ئەو بنکانە دەکەن.

بەبۆچوونی مەریوان نەقشبەندی بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف، داعش هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی قوتابیانی بنکەکانە و گوتی "هەرچەندە بەهۆی هاتن و ڕۆیشتنی بەردەوامی ئەو قوتابیانە بۆ بنکەکان ئامارێکی ورد لەبەردەستدا نییە، بەڵام ڕۆیشتنی خەڵک بۆ ئەو بنکانە لە دوای سەرهەڵدانی داعش بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، بۆ نموونە ڕێژەی چوونی پیاوان 30-35% کەمتر بووە".

گوتیشی "نەک هەر قوتابیانی ئەو بنکانە، بەڵکو دوای هاتنی داعش بەگشتی سەردانی خەڵک بۆ شوێنە ئاینییەکان کەم بووەتەوە لەوانەش مزگەوتەکان، چونکە دەزگا ئەمنییەکان گومانیان لێیان هەیە".

بەڵام عومەر ڕەشید، بەڕێوەبەری لەبەرکردن و فێرکردنی قورئان، جگە لە شەڕی داعش، قەیرانی دارایی و کردنەوەی چەند سەنتەرێکی دیکە لەلایەن پارتە ئیسلامییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە بە هۆکاری کەمبوونەوەی قوتابیانی بنکەکانیان گەڕاندەوە.

عومەر ڕەشید بە (ڕووداو)ی گوت "پێشتر داواکاری زۆر بوو بۆ وەرگرتن لەو بنکانە، تەنانەت خەڵک هەبوون واستەیان دەکرد بۆ ئەوەی وەریانبگرین، بەڵام بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی داراییەوە هاتنی قوتابی زۆر لاواز بووە و بەڕێژەی 70% دابەزیوە، لەلایەک بەهۆی داعشەوە خەڵک دەترسن لەوەی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە گومانیان لەسەر دروست بکەن کە دێنە ئەو بنکانە و هەندێجاریش پرسیاریان لێکردوون".

نەقشبەندی دەڵێت ئەوان ئاگادارن پارتە ئیسلامییەکان بنکەی تایبەت بە خۆیان لەنێو بارەگاکانیان کردووەتەوە و گوتی "زانیاریمان هەیە لەنێو بارەگای پارتە ئیسلامییەکان و هەندێکیشیان بەنێوی ڕێکخراوی ناحکومییەوە سەنتەری لەبەرکردن و فێرکردنی قورئانیان کردووەتەوە، بەڵام هیچ پەیوەندییەکیان بە وەزارەتی ئەوقافەوە نییە".

عەبدوڵڵا وەرتی، گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی نەیشاردەوە ئێستاش لە چەند شوێنێک خەڵک بۆ لەبەرکردن و فێرکردنی قورئان ڕوویان تێدەکەن و گوتی "لە نێو بارەگای مەکتەبی سیاسی و ڕادیۆ، سەدان منداڵ دێن و لە زۆربەی بارەگای خوشکان و خوێندکارانیشدا وانەی قورئان دەگوترێنەوە".

بە گوتەی وەرتی، داعش کاریگەری لەسەر شوێنەکانی ئەوانیش هەبووە و گوتی "بێگومان داعش کاریگەری هەبووە، چونکە لەگەڵ هێرشەکانی داعشدا لە ڕاگەیاندنەکانەوە باسی مەترسییەکانی ئیسلامی سیاسی دەکرێت و ڕەنگە ئەوەش کاریگەری کردبێتە سەر هەندێک خێزان کە نەهێڵن کوڕ و کچەکانیان سەردانی ئەو شوێنانە بکەن".

لە کاتێکدا بنکەی حکومەت بۆ فێربوونی قورئان هەیە، ئایا ئەو شوێنانەی ئەوان نایاسایی نییە، گوتەبێژەکەی بزووتنەوە گوتی "نەخێر، مەرج نییە لەبەرکردن و فێرکردنی قورئانی پیرۆز تەنیا لە شوێنە حکومییەکاندا بێت، بڕوا ناکەم وەزارەتی ئەوقافیش بڵێت جگە لە شوێنەکانی ئێمە، نابێت لەهیچ شوێنێکی دیکە قورئان بخوێندرێت".

بەهار هادی، بەرپرسی مەکتەبی بانگەوازی یەکگرتوو دەڵێت لەلایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە مۆڵەتی فەرمییان بۆ کردنەوەی چەند سەنتەرێک بۆ فێربوونی قورئان کردووەتەوە و گوتی "بە دیاریکراوی نازانم چەند سەنتەرن و زانیاریشم نییە لەوەی بەهۆی داعش و قەیرانی داراییەوە هاتنی فێرخوازان کەمی کردبێت".

وەزارەتی ئەوقاف لە چوارچێوەی ئەو چاکسازییانەی لە پەیکەربەندی وەزارەتەکەیاندا دەیکەن، بەڕێوەبەرایەتی بنکەکانی لەبەرکردنی قورئان دەکەنە بەش و بنکەکانیش کەمتر دەکەنەوە.

مەریوان گوتی "داواکاری دیکەمان بۆ کردنەوەی بنکە بۆ هاتووە، بەڵام نایکەینەوە، چونکە زیادکردنی بنکەکان لەڕووی کارگێڕی و فیکرییەوە ڕەنگە باش نەبێت، بگرە ئەو 71 بنکەیەش کەم دەکەینەوە، بەجۆرێک ئەگەر لە شارێکدا 30 بنکەی تێدا بێت، ڕەنگە بیکەینە دوو تا سێ بنکە".

# وەزارەتی تەندروستی 100 ملیار دینار قەرزداری دەرمانە

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی



وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی 100 ملیار دینار قەرزداری کۆمپانیاکانی هێنانی دەرمانە، لە بودجەی ئەمساڵی عێراقیشدا بڕی 257 ملیار و 560 ملیۆن دینار بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە.

وەزارەتی تەندروستی بە دوو شێواز دەرمان دابین دەکات، یەکێکیان لە بەغداوە بۆی دێت لە چوارچێوەی بەشە بودجەی 17%. بەڵام ئەگەر لەو بڕە کەمتری بۆ هات ئەو کاتە ڕوو لە کڕینی دەرمان دەکات، ئەویش لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانەوە ڕاستەوخۆ لە کۆمپانیاکان دەکڕدرێن، نزیکەی 90 کۆمپانیای نێوخۆیی و بریکاری کۆمپانیای دەرەکیش دەرمان بۆ هەرێمی کوردستان هاوردە دەکەن، بەڵام وەزارەتی تەندروستی گرێبەستی لەگەڵ بەشێک لەو کۆمپانیایانە هەیە.

د.خاڵس قادر گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەهۆی قەیرانی داراییەوە تا ئێستا نزیکەی 100 ملیار دینار قەرزداری کۆمپانیاکانین و گوتی "ئەگەر وەکو جاران بودجە هەبووایە ئەو بڕە قەرزە ئاسایی بوو، بەڵام بۆ کاتی ئەم قەیرانە بڕەکە زۆرە، بەهۆی قەیرانەکەشەوە بڕێکی کەم پارە بە کۆمپانیاکان دراوە، کۆمپانیا هەیە ساڵێکە هیچ بڕە پارەیەکی وەرنەگرتووە و کۆمپانیاش هەیە دوو ساڵە پارەی وەرنەگرتووە".

لە حوزەیرانی ساڵی 2014ەوە و هاوکات لەگەڵ دروستبوونی قەیرانە داراییەکەدا، شەڕی داعشیش ڕووی لە هەرێمی کوردستان و عێراق کرد و بەو هۆیەشەوە زیاتر لە میلۆنێک ئاوارەی عەرەب و ڕۆژئاوای کوردستان پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێنا.

د.خاڵس گوتی "پێشتر دەرمان بۆ ئاوارەکانیش نەدەهات، بەڵکو لەسەر ئەرکی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام ئێستا دەرمانیان بۆ دێت، بەتایبەتی بۆ نەخۆشیی شێرپەنجە و نەخۆشییە درێژخایەنەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش تاڕادەیەک هاوکار بوون بۆ ئاوارەکان، بەڵام هێشتا لە ئاستی پێویستدا نەبووە".

د.خاڵس ڕوونیکردەوە کە هەرچەندە ئەو بڕە پارەیەش قەرزداری کۆمپانیاکانن، بەڵام تائێستا هیچ کۆمپانیایەک هەڕەشەی بایکۆتکردنی دابینکردنی دەرمانی نەکردووە. گوتیشی "بەڵام وەکو جارانیش گەرموگوڕ نین کە دەستبەجێ وەڵامی داواکارییەکانمان بدەنەوە".

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای ئەمساڵەوە و بەهۆی دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەرانەوە کەمکردنەوەی نرخی لە هەندێک بواردا ڕاگەیاند، گوتەبێژەکەی وەزارەتی تەندروستیش داوایەکی لە کۆمپانیاکانی دەرمان کرد و گوتی "هەرچەندە پێشبینی دەکەین هەر ئەمساڵ بەو شێوەیە بین، بەڵام ئەگەر چارەسەری قەیرانەکە نەکرێت، بێگومان لەڕووی دەرمانەوە کاریگەری زیاتری لەسەرمان دەبێت، بۆیە داوامان لە کۆمپانیاکان کردووە نرخی دەرمان و قازانجی خۆیان کەمتر بکەنەوە، ئەوە هاوکارییەکی گەورەیە بۆمان، چونکە ئێمە پێویستمان بەوەیە بەردەوام دەرمان بکڕین".

گوتەبێژەکەی وەزارەتی تەندروستی نەیتوانی لەئێستاوە پێشبینی بڕی کڕینی دەرمان بۆ ئەمساڵیان بکات و گوتی "ناتوانین بڵێین ئەمساڵ بایی چەند دەرمان دەکڕین، چونکە لە قۆناغی یەکەمدا چاوەڕێی وەزارەتی تەندروستی عێراق دەکەین، بەڵام ئەگەر بڕی پێویست نەهات ئەو کاتە دەیکڕین".

ناوبراو گوتیشی "ماوەی مانگێکە ڕێککەوتنێکی نوێمان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیی عێراق کردووە کە ئەمساڵ بەپێی پێویست دەرمانمان بۆ بنێرن، بەتایبەتیش بۆ نەخۆشییە درێژخایەنەکان و شێرپەنجە هەم بۆ خۆمان و بۆ ئاوارەکانیش، ئەوانیش بەڵێنیان داوە بۆمان بنێرن"، وەکو د.خاڵس باسی کرد، دەرمانی نەخۆشیی شێرپەنجە و بێهۆشکاری لەو دەرمانانەن کە پێویستە بیکڕن.

عێراق پشت بە نەوت دەبەستێت وەکو سەرچاوەی سەرەکی داهات، بەڵام سەرباری کێشە سیاسی و ئەمنییەکانی، دابەزینی نرخی نەوتیش بۆ نزیکەی 40 دۆلار، عێراقی تووشی قەیرانێکی گەورەی دارایی کردووە، هەر بۆیە ساڵی ڕابردوو بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ وەزارەتی تەندروستیی عێراق تا ئاستی 50% دابەزیوە.

د.بەختیار شاوێس، ئەندامی لیژنەی تەندروستی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پەیوەندییەکی باش لە نێوان وەزارەتەکانی تەندروستی عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵام ساڵی ڕابردوو تەندروستی عێراقیش گرفتی داراییان هەبوو. گوتیشی: "ساڵی ڕابردوو سێ ملیار دۆلار بودجەی وەزارەتی تەندروستی بووە، بەڵام لەبەرئەوەی مانگانە لە پارەی نەوت پارەکە بۆ تەندروستی تەرخان دەکرا، لە کۆتایی ساڵدا دەرکەوت بە فیعلی ملیارێک و 200 ملیۆن دۆلاریان بۆ سەرفکراوە کە لە نیوەش کەمترە، بۆیە ساڵی ڕابردوو تەندروستیی عێراق لە بڕی 17%، نزیکەی 9%ی دەرمانی بۆ هەرێمی کوردستان و ئاوارەکانیش ناردووە".

ئەمساڵ لە نەفەقاتی حاکیمە لە بودجەی گشتیی عێراق بڕە پارەی دەرمان بۆ تەندروستی عێراق دیاریکراوە، ئەحمەد حاجی ڕەشید بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە، ئەمساڵ نەفەقاتی حاکیمە بڕی شەش تریلیۆن و 575 ملیار و 247 ملیۆن و 692 هەزار دینارە و حەوت بڕگەی لەخۆگرتووە کە بڕگەی پێنج، تایبەتە بە دەرمان و بڕی ترلیۆنێک و 515 ملیاری بۆ تەرخان کراوە.

ناوبراو گوتی "لەوەش ڕێژەی 17%ی بۆ هەرێمی کوردستانە کە دەکاتە 257 ملیار و 560 ملیۆن دینار، پێشتر ئەو پارەیە ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزیری داراییەوە سەرف دەکرا، بەڵام ئەمساڵ بە واژووی سەرۆک وەزیرانی عێراق سەرف دەکرێت".



## شیرینی کوردستان لە کەنەدا نمایش دەکرێ

**رووداو- سلێمانی**

وەفدێکی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان دوو جۆرە شیرینی لە پێشانگایەکی خواردەمەنی نێودەوڵەتی نمایش دەکەن. بەختیار مەلا ئەحمەد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی یەکێتییەکە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند شەوی بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 37 بازرگان لە هەرێمی کوردستان بەمەبەستی بەشداریکردن لەو پێشانگایە سەردانی کەنەدا بکەن کە 700 کۆمپانیا لە سەرانسەری جیهان بەشداریان تێدا کردووە. بەختیار مەلا ئەحمەد گوتی "بازرگانانی ئێمە جگە لە بەشداریکردنیان، دوو جۆرە شیرینی تایبەتییان لەگەڵ خۆیاندا بردووە کە یەکێکیان تایبەتە بە شاری سلێمانی و ئەوەی دیکەش تایبەتە بە شاری دهۆک و لەوێ نمایشی دەکەن".

# سیستمێکی ئاودێریی هاوچەرخ دەهێنرێتە کوردستان



ڕەوا عەبدوڵڵا
رووداو- هەولێر

بـۆ گەشـەپێدانی سیسـتەمی ئاودێـری، کۆمپانیایەکـی ئیماراتـی لەگـەڵ وەزارەتـی کشـتوکاڵی هەرێمـی کورسـتان ڕێککەوتووە سیسـتەمێکی هاوچەرخـی ئاودێـری بهێنێتە کوردسـتان کـە 80%ی بەفیڕۆدانـی ئـاو کـەم دەکاتـەوە و کواڵیتـی و بـڕی بەرهەمی کشتوکاڵیش زیاد دەبێ.

هەرێمی کوردستان خاوەنی زیاتر لە 6 ملیۆن و 143 هەزار دۆنم زەوی شـیاوە بۆ کشتوکاڵ، بەڵام تەنیا ملیۆنێک و 310 هەزار دۆنمی بەراوە کە بەشـێکیان بۆ چاندن پشـت بە سیستەمی ئاودێریی هاوچەرخ دەبەستن.

وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئاو لەساڵی 2009وە لە ڕێگەی قەرزی کشتوکاڵەوە دەسـتی کردووە بە پاڵپشتیکردنی جووتیاران بـۆ کڕینـی سیسـتەمی ئاودێریـی هاوچـەرخ بەشـێوەکانی (پرژاندن، دڵۆپاندن، میحوەری، بەکرە).

بەپێـی ئامـاری بەڕێوەبەرایەتـی ئامێـرە کشـتوکاڵییەکان، 4322 جووتیـار بـە قەرزی کشتوکاڵی سیستمی ئاودێرییان کڕیوە، پشکی شـێریش بەر جووتیارانی سـنووری پارێزگای هەولێر کەوتووە.

حەسـەن حوسـێن، بەڕێوەبـەری ئامێـرە کشـتوکاڵییەکان لـە وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "بۆهاندانی جووتیاران، سەرەتا هەر جووتیارێک سیستەمێکی ئاودێری بۆ زەوییەکەی کڕیبا، وەزارەتی کشتوکاڵ 20% تاوەکـو 35%ی تێچـووی ئامێرەکـەی دەگرتە ئەسـتۆ، لەهەمانکاتیشـدا جووتیـار دەیتوانی لەڕێی قەرزی بانکی کشـتوکاڵەوە سیسـتەمی ئاودێری بۆ زەوییەکەی بکڕێت.

گرنگیی ئەو سیستەمە هاوچەرخە ئاودێرییە بۆ کشـتوکاڵ لەوەدایـە 80%ی بەفیڕۆدانی ئاو کـەم دەکاتـەوە و لەکاتی پێویسـتدا جووتیار دەتوانـێ بەرهەمەکـەی ئـاو بـدات، بەمـەش کواڵیتی و بڕی بەرهەمی زیاد دەکات.

حەسەن حوسێن دەڵێت "ئەگەر جووتیارێک لە چاندنی دۆنمێـک زەویی دێمی 200 تاوەکو 300 کیلـۆ گەنمـی دەسـت بکەوێـت، بـە سـوودوەرگرتن لەو سیسـتەمە ئاودێرییانە بە کواڵیتییەکـی بـەرز 1000 تاوەکو 1200 کیلۆ گەنمی دەستدەکەوێت".

ئێسـتا لـە وڵاتانـی پێشـکەوتوو زۆربـەی سیسـتەمە ئاودێرییەکان بە ئەلیکترۆنی کراون و جووتیار لەڕێی کۆمپیوتەرێکەوە لە ماڵەکەی خـۆی هـەر کاتێک ویسـتی دەتوانـێ ئامێری سیسـتەمی ئاودێریەکـەی بخاتـە کار و هـەر بەشێکی زەوییەکەی پێویسـتی بەئاودان بێت ئـاوی بدات، بەڵام ئەو سیسـتەمە ئاودێریانەی لە کوردسـتان هەن هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاسـتە و پێویسـتیان بە وزەی مرۆیی هەیە و ئاودانیشیان زۆر ورد نییە.

بـۆ گەشـەپێدانی سیسـتەمی ئاودێـری لە هەرێمی کوردسـتان، لە کۆتایی مانگی ڕابردوو وەزیـری کشـتوکاڵ پێشـوازی لـە شـاندێکی کۆمپانیـای ئەلجنانی ئیماراتی بۆ وەبەرهێنانی کشـتوکاڵ کـرد، کۆمپانیاکە بەڵێنـی داوە لە ئایندەیەکـی نزیکدا سیستەمێکی هاوچەرخی ئاودێـری بهێنێتـە کوردسـتان کە پێشـتر لە وڵاتانی وەک ئیسـپانیا و میسـر و سـوودان و ئەفریقا دایانمەزراندووە.

حەسـەن حوسـێن دەڵێـت "جیاوازیی ئەو سیسـتەمە ئاودێرییەی کۆمپانیا ئیماراتییەکە بەڵێنی داوە بهێنێتە کوردستان لەگەڵ سیستەمە ئاوێرییەکانـی ئێمـە لەوەدایە ئەم سیسـتەمە لەڕێی ستوون بە بەرزایی سێ مەتر و نیو لەسەر کێڵگەکە جێگیر دەکرێت و ڕشاندنی ئاوەکەی لە شێوەی باران دەبێت، بەمەش کەشێکی گونجاو بۆ گەشـەی ڕووەکەکە دەڕەخسـێنێ و بەرهەم زیـاد دەکات، هەروەها سیسـتەمەکە بۆ زەویی تەختایی و بەرز و نزمیش گونجاوە".

هەرچەنـدە تێچـووی دامەزراندنـی ئـەم سیستەمە ئاودێرییە بەراورد بە سیستەمەکانی دیکـەی کوردسـتان 25% زیاترە، بـەڵام وەک حەسـەن حوسـێن دەڵێـت "ئەم سیسـتەمە یەکجار لـە زەوی جێگیر دەکرێـت، بۆیە وەک سیستەمەکانی دیکە دوای پێگەیشتنی بەرهەم پێویستی بەهەڵگرتنەوە نییە، بەمەش تێچووی هەڵگرتنەوەی ساڵانە بۆ جووتیار دەگەڕێتەوە".

بەهـۆی فراوانیـی زەوییە کشـتوکاڵییەکان و کەمیـی بـڕی بارینـ لـە بەشـێکی زەوییە کشـتوکاڵییەکانی سـنووری هەولێر، پشـکی شـێری دامەزراندنی سیسـتەمە ئاودێرییەکان بـەر پارێزگای هەولێـر کەوتـووە، 68%ی ئەو سیسـتەمە ئاودێریانەی بە پاڵپشتی وەزارەتی کشـتوکاڵ و قەرزی کشـتوکاڵ دامـەزراون لە سـنووری پارێـزگای هەولێرن. بەپێـی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵی هەولێر، لە سـنووری پارێزگای هەولێـر دوو ملیۆن و 472 هەزار و 265 دۆنم زەوی شیاو بۆ چاندن هەیە، بەڵام تەنیا 358 هەزار دۆنمی بەراوە.

ئاوارە حەسـەن عومەر، بەڕێوەبەری هۆبەی ئامێـرە کشـتوکاڵییەکان لـە بەڕێوەبەرایەتی گشـتیی کشـتوکاڵی هەولێر، دەڵێت "بەهۆی فراوانیی زەویی شیاو بۆ چاندن و کەمیی باران لە پارێزگای هەولێر، زۆرترین خواسـت لەسەر دامەزراندنی سیسـتەمی ئاودێـری لە پارێزگای هەولێرە".

هەرچەنـدە دوو سـاڵە بەهـۆی قەیرانـی داراییەوە پێدانی قەرز بۆ کشـتوکاڵ ڕاگیراوە، بـەڵام ئـاوارە حەسـەن دەڵێـت "بەهـۆی ئەو سـوودەی سیسـتەمەکە بۆ زیادکردنی بەرهەم هەیەتـی، بـەردەوام ئەو جووتیارانـەی توانای داراییـان باشـە، داوای مۆڵەتـی بیـر لێدان و دامەزراندنـی سیسـتەمی ئاودێـری دەکـەن".

گوتیشـی "بەهـۆی چاندنـی گەنمـی بـاش و خزمەتکردن و ئاودان لەڕێگەی ئەو سیسـتەمە ئاودێریانەوە لە هەندێ ناوچەی هەولێر بەرهەمی تۆنێک گەنم، گەیشتووەتە 50 تۆن".

پێچەوانەی ئەو پێشـکەوتنە کشتوکاڵییەی لـە پارێزگای سـلێمانی هەیە، بەپێـی ئاماری وەزارەتی کشـتوکاڵ جووتیارانی ئەم پارێزگایە کەمتریـن داوایـان بۆ دامەزراندنی سیسـتەمی ئاودێری هەبووە و تەنیا 2.5%ی ئەو سیسـتمە ئاودێریانـەی لـە ڕێـی قـەرزی کشـتوکاڵەوە دامەزرێنران، لە سـنووری پارێزگای سـلێمانی بووە.

ڕزگار محەممەد، جێگری بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی، هۆکارەکەی بۆ تۆبۆگرافیای پارێزگای سـلێمانی و مسۆگەریی بارینـی بـاران و زۆریـی سـەرچاوەی ئـاو و بەکارهێنانی کەناڵی ئاودێری گەڕاندەوە و گوتی "هەرچەندە ئاودانی بەرهەمە کشـتوکاڵییەکان لەڕێگەی دێراو و کەناڵی ئاودێری زۆر پەسـەند نییـە و ئاو بەفیڕۆ دەدات، بەڵام بەهۆی زۆریی ئاو لە پارێزگای سـلێمانی، خەڵک زیاتر پشت بەدێراو و کەناڵی ئاودێری دەبەستن".

**ئەو سیستمە ئاودێریانەی جووتیاران بە پاڵپشتی وەزارەتی کشتوکاڵ دایانمەزراندوون**

| جۆری سیستەمی ئاودێر | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| پرژاندن | 2309 | 35 | 256 | 140 | 2740 |
| میحوەری | 588 | 1 | 48 | 4 | 641 |
| دڵۆپاندن | 48 | 73 | 745 | 30 | 896 |
| بەکرە | - | - | - | 45 | 45 |
| کۆی گشتی | 2945 | 109 | 1049 | 219 | 4322 |

# بزنی مەرەز.. ئاژەڵێکی پڕ بەرهەم و فەرامۆشکراو لە کوردستان

ڕەوا عەبدوڵڵا
رووداو- هەولێر

ڕەوا عەبدوڵڵا
رووداو- هەولێر

پسپۆڕێکی بواری ئاژەڵ دەڵێت، بزنی مەرەز خاوەنی چەند بۆهێڵێکی زۆر نایاب و دەگمەنە و ئەگەر بەشێوەیەکی هاوچەرخ وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، دەبێتە سـەرچاوەی داهاتێکی زۆر باش بۆ کوردستان، بەڵام گرنگیی پێنادرێت.

زێدی ڕەسـەنی بزنـی مەرەز کوردسـتانە و لە هەرێمی کوردسـتانیش زیاتـر لە ناوچەکانی هەورامان، پشـدەر و بیتوێن، مێرگەسۆر، زاخۆ و ئاکرێ هەیە.

ئـەو بزنە بەراورد بە بزنی ئاسـایی قەبارەی بچووکتـرە و کێشـی لـە نێـوان (30 بـۆ 35) کیلۆگرامە، بەڵام خاوەنی موویەکی نایاب و نەرمە کە لە چەندین بـواردا بەکاردێت، بۆیە لەبازاڕدا خواستێکی زۆری لەسەرە.

د.یوسـف بەرزنجی، سەرۆکی بەشی سامانی ئاژەڵ لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، ساڵی 2009 توێژینەوەی لەسەر ژمارەیەک بزنی مـەرەز (113 مـێ و 10 نێـر) کـردووە و بۆی دەرکەوتـووە چوار جیـن کاریگەرییان لەسـەر دەرکەوتنی ڕەنگی بزنی مـەرەز (قاوەیی تۆخ، ڕەش، سـپی، ڕەساسـی، کاهـی و ڕەنگەکانی دیکـە) هەیە. ڕەنگەکانی ڕەش، سـپی، قاوەیی تۆخ ڕەنگی سەرەکین و ئەوانی دیکە لە ڕێگەی لێکدان پەیدا دەبن.

هاوشـێوەی کوردستان، بزنی مەرەز لە چین و پاکستان و تورکیا و ئێران و چەندین ناوچەی دیکە هەن کە بە بزنی کشمیر ناسراون، ڕەنگ و قەبارەیان لەوانەی کوردستان نزیکە، بەڵام وەک د. یوسف بەرزنجی دەڵێت "بزنی مەرەزی کوردی خاوەن هەندێ تایبەتمەندییە کە جیای دەکاتەوە لە بزنەکانی هاوشێوەی".

بزنـی مەرەزی کوردی خاوەنـی دوو فەرووی تایبەتە، بەڵام لە کوردستان تەنیا مووی فەرووی دەرەوە بۆ دروستکردنی ڕانک و چۆخە و عەبا و چەندین شتی دیکە سوودی لێ دەبینرێت، مووی فەرووی ناوەوە بەهۆی کورتی فڕێدەدرێت.

د.یوسـف بەرزنجی دەڵێت "مـووی هەردوو فـەرووی بزنی مەرەزی کوردی لە جۆری نایابە، بەتایبەت فەرووی ناوەوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی تەکنۆلۆژیا لە کوردسـتان سـوودی لێ نابینرێت و فڕێدەدرێ".

وەک پسـپۆڕان دەڵێن، شیر و گۆشتی بزنی مەرەز لە بزنی ئاسـایی خۆشترە و هیچ بۆنێکی نییە، لە وەچە خسـتنەوەش لەپێشەوەی بزنی ئاساییە، 13%یان دووانەیان دەبێت.

د. یوسف دەڵێت "کێشـی بێچـووی بزنی مـەرەزی کـوردی لەکاتی لەدایکبـوون نزیکەی 2-3 کیلۆگرامـە، بـەڵام دوای چـوار مانـگ لـە شـیرکردنەوە، کێشـی بێچـووەکان بەپێی ڕەنگەکانیان دەبێتە 12- 15 کیلۆگرام. بێچووە نێرەکانیـش هەمیشـە کێشـیان کیلۆیـەک لە مێیەکان زیاترە".

بزنـی مەرەز لە تەمەنی دوو سـاڵی بێچووی دەبێت، تا تەمەنی 6 سـاڵیش بەرهەمی باشە، بەڵام دوای ئەم ماوەیە ددانی دەکەوێت و شیری کـەم دەبێـت و سـوودە ئابوورییەکەی لەکەمی دەدات.

د.یوسـف بەرزنجی دەڵێت "داهاتی ساڵانەی مـوو و بێچووی بزنی مەرەزی کوردی بەگوێرەی ڕەنگەکانیان دەگۆڕێت، بەڵام بەگشـتی داهاتی بزنێکـی مـەرەز لـە نێـوان 100 دۆلار بـۆ 280 دۆلاردایە بێجگە لە شـیرەکەی، ئەگەر سـوودی مووی فەرووی ناوەوەی هەژمار بکەین، هەر بزنە 40 دۆلاری دیکە داهاتی دەبێ".

بەپێـی ئامـاری وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئاو، لەکۆی 1،871،918 سـەر بزن کە لە کوردسـتان هەن، پێشبینی دەکرێت نزیکەی 10 بۆ 13 هەزار بزنیان مەرەز بن.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "هەسـت بە کەمبوونەوەی بزنی مەرەز دەکەین، بۆیە دانانی وێسـتگەی پەرەپێـدان بەهاوکاری پسپۆڕانی کۆلێژە کشتوکاڵییەکان لەم قۆناغەدا بەپێویست دەزانین، بەڵام بەهۆی کەمیی بودجە ناتوانین ئەو کارە بکەین". گوتیشی "ئاژەڵداران وەک پێویسـت گرنگـی بـە بەخێوکردنی بزنی مەرەز نادەن، چونکە پێویسـتی بە ژینگەیەکی کوێستانی هەیە و بەخێوکردنی تێچووی زیاترە و کێشیشـی کەمە، بـەڵام مووەکەی گرانە، بەو هۆیەوە لە لەناوچوون ڕزگاری بووە".

بـە مەبەسـتی پاراسـتنی بزنـی مـەرەز و زیادکردنـی ڕەنگـی قاوەیـی تۆخ، لـە کۆتایی سـاڵی 2012 لەسـەر پێشـنیاری کۆمەڵـەی مافەکانی ئـاژەڵ، پارێزگای دهـۆک پارەی بۆ کڕینـی 190 بزنـی مـەرەز و 10 نێری تەرخان کرد و ئەرکی کارگێڕیی پرۆژەکە خرایە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ و سەرپەرشتی زانستیشـی بە بەشی سـامانی ئاژەڵی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی دهۆک سپێردرا.

بزنـەکان لە ناوچەی بامەڕنێ لەلایەن چەند ئاژەڵدارێکەوە بە کرێ بەخێودەکران، بەڵام دوای دوو ساڵ بەهۆی دابیننەکردنی بودجە، پرۆژەکە هەڵوەشایەوە و بزنەکانیش بەسەر ئاژەڵداران و کۆلێژی کشتوکاڵدا دابەش کران.

د.ڕەبیـع ئۆرەمـاری، مامۆسـتای بەشـی بەرهەمی ئاژەڵ لە کۆلێژی کشـتوکاڵی زانکۆی دهـۆک دەڵێت "بۆ ئـەوەی تایبەتمەندی مووی بزنەکان دیاری بکەیـن، 117 نموونەم وەرگرت، دواتـر قوتابییەک ماسـتەری لەسـەر وەرگرت، بۆمـان دەرکەوت مووەکانیـان لە جۆری نایابن، بەڵام هەندێکیان بە ڕێگەی پـەروەردە و بژاردە پێویستیان بە پێشخستنە".

بەر لەو توێژینەوەیە لە ساڵی 2011 د.ڕەبیع بەهاوکاری د.یوسـف توێژینەوەیەکیان لەسـەر تایبەتمەندی بزنی مـەرەز لەگەڵ بزنی خۆماڵی و شامی لەڕێگەی DNA لەسەر 40 بزن کردووە.

د.یوسـف دەڵێت "بۆمـان دەرکـەوت بزنی مـەرەز زیاتر لە بزنی شـامی نزیکـە نەک بزنی خۆماڵی، بۆیە بۆ زیادکردنی کێش باشترە بزنی مەرەز لەگەڵ بزنی خۆماڵی لێکبدرێت نەک بزنی شامی".


لە کۆلێژی کشـتوکاڵی زانکۆی سـلێمانیش قوتابییەک خەریکی توێژینەوەیە بۆ دۆزینەوەی دووریـی بۆماوەیی نێوان بزنی مەرەز و خۆماڵی کـە زیاتر لـە 216 نموونـەی لـە 10 ناوچەی جیاوازی کوردسـتان مـاوەی دوو سـاڵە کاری لەسەر دەکات.

ئارام حەمەد قادر، قوتابی ماسـتەر لەبەشی بەرهەمهێنانـی ئاژەڵـی لە کۆلێژی کشـتوکاڵی زانکـۆی سـلێمانی، دەڵێت "بـۆم دەرکەوتووە بزنی مەرەز لە کوردسـتان لەلایەن جوتیارانەوە بەشێوەیەکی زۆر کلاسیک و بێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانیان هەموو ڕەنگەکان بەیەکەوە بەخێـو دەکرێـن، لـە ئەنجامـی جووتبوونیش چەندین ڕەنـگ دەرکەوتووە کـە هەندێکیان لە بازاڕ خواسـتیان لەسـەر نییە، بەهەمانشـێوە بەهۆی نزیکییان لەگەڵ یەکدی ڕێژەی لەبارچوون زیاد بووە".

ئارام حەمەد قادر، ئاماژەی بەوەشـدا کە لە ڕێگەی توێژینەوە و بە سوودوەرگرتن لە DNA، لەهەوڵـدان دووریی نێوان بزنی مـەرەزی ڕەنگ سـپی و ڕەش و قاوەیی تۆخ بدۆزنەوە، تاوەکو لەداهاتوودا ڕێنمایی بدەنە ئاژەڵداران کە دەکرێت بـۆ خسـتنەوەی وەچەی بـاش و تەندروست بەگوێـرەی خواسـتی بـازاڕ چ ڕەنگێـک لەگەڵ ڕەنگێکی دیکە لەیەک بدەن.

ئـارام حەمەد دەڵێـت "بۆمـان دەرکەوتووە دووریـی بۆماوەیی نێوان بزنی مەرەزی سـپی و قاوەیـی تۆخ زۆرە، بۆیە باشـتر وایـە ئەم دوو ڕەنگـە بـۆ خسـتنەوەی وەچەی باشـی مەرەز لێکبدرێت".

بەگوتەی د.یوسـف بەرزنجی، بزنی مەرەزی کـوردی خاوەنـی چەنـد بۆهێڵێکـی نایـاب و دەگمەنـە، ئەگەر هاوچەرخانـە بەخێوبکرێت و وێستگەی تایبەت بۆ پەرەپێدانی دروستبکرێت، دەبێتـە سـەرچاوەی داهاتێکـی زۆر بـاش بۆ کوردستان.



لە کوردستان تەنیا 13 هەزار بزنی مەرەز ماون

پشکەکانی Aramco دەفرۆشرێن

# سعودیە خۆی بۆ قۆناغی دوای نەوت ئامادە دەکات

ڕووداو- New York Times، Bloomberg

شازادەیەکی پلەبەرزی سعودیە بەشێک لە پلانی نوێی وڵاتەکەی ئاشکرا دەکات کە بریتییە لە کارکردن بۆ ئەوەی سعودیە لە داهاتوودا هێندە پشت بە داهاتی نەوت نەبەستێ، لە کاتێکدا دابەزینی کوشندەی نرخەکانی نەوت ئابووریی سعودیەی تووشی ڕاچڵەکان کرد. پلانەکە فرۆشتنی پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی حکومەتی سعودیە ناسراو بە Aramco لەخۆدەگرێت.

محەممەد بن سەلمان، وەلی وەلیعەهدی سعودیە و کوڕی شەشەمینی پادشای ئەو وڵاتە لە دیمانەیەکی پێنج کاژێری لەگەڵ ئاژانسی بلومبێرگ ئاشکرای کرد کە ئەو پارەیەی لە ڕێگەی فرۆشتنی پشکەکانی Aramcoوە دەست حکومەتی سعودیە دەکەوێت، زیاتر لە دوو تریلیۆن دۆلارە و ئەم بڕە پارەیەش بۆ وەبەرهێنانەکانی حکومەت تەرخان دەکرێن.

بن سەلمان کە وەزیری بەرگری سعودیەشە، لەبارەی ئەم پلانەوە ڕایگەیاند "گومانی تێدا نییە، ئەمە گەورەترین پشتیوانی ماڵی دەبێت لە هەموو جیهاندا".

بەگوێرەی وەزیری بەرگریی سعودیە، لەم هەنگاوەدا تەنیا 5%ی کۆمپانیاکە دەفرۆشرێت، پارەکەشی بۆ سندوقێکی حکومی بەناوی "سندوقی وەبەرهێنانی گشتی"ی سعودیە تەرخان دەکرێت. بن سەلمان کە کەسی دووەمی دەسەڵاتی ئال سعودە، لە بارەی پلانی خەرجکردنی ئەم بڕە پارەیە دەڵێت "تەنیا ماوەتەوە وەبەرهێنانەکان فرەجۆر بکەین، بۆ ئەوەی لە ماوەی 20 ساڵی داهاتوودا ببینە خاوەنی ئابوورییەک کە پشتی سەرەکی بە نەوت نابەستێ".

80 ساڵ پاش دۆزینەوەی یەکەم کێڵگەی نەوتی سعودیە، کوڕە 30 ساڵانەکەی مەلیک سەلمان بەنیازە ئابووری گەورەترین هەناردەکاری نەوتی خاو لە جیهاندا بۆ ئابوورییەک بگۆڕێت کە توانای خۆڕاگرتن لە قۆناغی دوای نەوتی هەبێت. هەڵکردن لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە بۆ کۆمەڵگایەکی وەکوو سعودیە کە لەسەر یارمەتییەکانی حکومەت ڕاهاتووە، ئاسان نابێت.

بڕیار وایە هەتا 2018 یان زووتریش پشکەکانی Aramco بفرۆشرێن، پارەکەشی بۆ وەبەرهێنان لە ناوەوە و دەرەوەی سعودیە تەرخان دەکرێت، پارەی ئەم پشکانە بەسە بۆ ئەوەی کۆمپانیاکانی ئەپڵ، ئەلفابێت (گووگڵ)، مایکرۆسۆفت و بێرکشایەر هەیسوەی پێ بکڕدرێ.

بیرۆکەی سەرەتایی ئەم گۆڕانە پێکهاتەییە لە ئابووری سعودیە دوای زنجیرەیەک ڕێوشوێنی دیکە دێن کە لە کۆتایی ساڵی پارەوە پەیڕەو کراون، بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لەوەی کورتهێنانی بودجەی سعودیە لە 15% تێپەڕنەکات. لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی 2015 و لە چوارچێوەی ئەم ڕێوشوێنانەدا حکومەت بڕیاریدا نرخی کارەبا و سووتەمەنی بەرز بکاتەوە و کۆتایی بە سیاسەتی دەستبڵاوی حکومەت بهێنرێت.

بڕیار وایە لە ماوەی یەک مانگی داهاتوودا کۆمەڵێک چارەسەری خێرا لە چوار چێوەی "پلانی گۆڕانی نیشتمانی" ڕابگەیەنرێت، گرنگترینیشیان بەرزکردنەوەی داهاتە غەیرە-نەوتییەکانی حکومەتە لە ڕێگەی دانانی باج لەسەر بەهای کاڵاکان.

بن سەلمان لە بارەی ڕوئیای حکومەت گوتی "کار دەکەین بۆ ئەوەی خەرجییەکانی حکومەت ئامانجدار بن، هەربۆیە پێموانییە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە تووشی کێشەیەکی ئەوتۆ ببین "پێشتر حکومەت 40% زیاتر لەو ڕێژەیەی خەرج دەکرد کە لە بودجەی ساڵانەدا دیاری کرابوو، بڕیارە ئەم ڕێژەیە بۆ 12% دابەزێنرێت".

بەپێی توێژینەوەیەکی سندوقی نێودەوڵەتی دراو لەساڵی 2014 ژمارەیەکی زۆر لەو وڵاتانەی ویستوویانە پشت بەستنی خۆیان بە نەوت کەم بکەنەوە سەرکەوتوو بوون. شارەزایان پێیانوایە وڵاتانی کەنداو، یەک لەوانیش سعودیە، دەرفەتێکی زێڕینیان لەبەردەست بوو بۆ ئەوەی کاتێک نرخی بەرمیلێک نەوت 100 دۆلار بوو چاکسازی لە ئابوورییەکەیاندا بکەن، بەڵام ئەو دەرفەتەیان لەدەست خۆ دا.

پۆڵ سولیڤان، پرۆفیسۆر لە زانکۆی جۆرج تاون لە واشنتن، پێیوایە پرۆسەی چاکسازی لە ئابووری سعودیە تەنیا بەوە ناکرێت وەبەرهێنان لە بواری غەیرە-نەوتی زۆرتر بکەیت. سولیڤان لەمبارەیەوە دەڵێت "ئەمە شتێکی ئاشکرایە کە سعودیە پێویستی بە چاکسازی، فرەجۆری ئابووری و بوژاندنەوەی ئابووری هەیە، بەڵام ئەمە تەنیا زۆرترکردنی وەبەرهێنان لە پیشەسازی غەیرە نەوتی لەخۆناگرێت. چونکە چاکسازیی ئابووری شتێکە و ڕازاندنەوەی خوانێکی ڕەنگین شتێکی دیکەیە."

بن سەلمان دووەم بەهێزترین کەسایەتی سیاسی سعودیەیە و جگە لە وەزارەتی بەرگری، لە ڕێگەی ئەنجوومەنی کاروباری ئابووری و گەشەسەندنی سعودیە چاودێری وەزارەتەکانی دارایی، نەوت و ئابووری دەکات.

بەگوتەی وەزیری بەرگریی سعودیە، بەشێک لە داهاتی Aramco بۆ کڕینی دوو دەرفەتی ئابووری لە دەرەوەی سعودیە تەرخان دەکرێت، بەڵام بن سەلمان ئامادە نەبوو ناوی ئەو دوو دەرفەتە ئابوورییە بدرکێنێ.

کۆمپانیای Aramco گەورەترین کۆمپانیای بەرهەمهێنانی نەوتە و ڕۆژانە نزیک ملیۆنێک بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێ، کە ئەمەش دەکاتە 10%ی بەرهەمهێنانی جیهانی. یەدەگی نەوتی ئەم کۆمپانیایەیە 160 ملیار بەرمیلە. ژمارەیەک لە شارەزایانی نەوت پێیانوایە کار کردن لەگەڵ Arambo و کڕینی پشکەکانی ئەم کۆمپانیا زەبەلاحە، هێندەش ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی ئەم کۆمپانیایە زۆر بەدەگمەن زانیارییەکانی بڵاودەکاتەوە و کەمیش نین ئەو کەسانەی Aramco وەکوو بانکی خێزانی مەلیک دەبینن.

ژان فرانسوا سێزنیک، لە ئەنجوومەنی ئەتلانتیک دەڵێت "ئەو بڕە پارەیەی لە فرۆشتنی پشکەکانی Aramco دێتە دەست سعودیە دەتوانێت بازاڕ و ئابووری سعودیە ببوژێنێتەوە، بەڵام تەحەدای سەرەکی لە سعودیە ئەوەیە شەفافیەت بۆ کۆمپانیایەیەک بگەڕێنێتەوە کە ماوەیەکی زۆرە لەبەرامبەر هەوڵەکانی شەفافکردندا خۆی ڕاگرتووە".


ڕاشڵ زیمبا، لە لە ناوەندی ئابووری جیهانی ڕووبینی، ئاماژە بەوە دەدات، حاڵی حازر ڕیاز مانگانە 10 بۆ 15 ملیار لە پارەی یەدەکی وڵاتەکەی بەکاردەهێنێت و هەتا ئێستا 600 ملیار دۆلار پارەی یەدەکی ماوە. ئەمەش دەکرێت مەترسییەکی کورتخایەن لەسەر ئابووری سعودیە دروستبکات.

بەڵام جگە لەم مەترسییە کورتمەودایە، مەترسییەکی دوورمەوداش لەسەر سعودیە هەیە، بە گوێرەی ڕاپۆرتی کۆمپانیای ڕاوژێکاری مەککینسی لەبەر ئەوەی نیوەی دانیشتوانی سعودیە تەمەنیان لە خوار 25 ساڵە، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا ژمارەیەکی زۆر خواست لەسەر بازاڕی کاری سعودیە دروست ببێت. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم داوایە، ڕیاز دەبێت سێ هێندەی ئەو هەلی کارانە لە سعودیە دەستەبەر بکات کە لە نێوان 2003-2013 دروستکراون.

سەداد حوسێنی، جێگری پێشووی سەرۆکی Aramco، باس لەوە دەکات کە هەنگاوەکانی وەزیری بەرگریی سعودیە پاڵپشتییەکی زۆری لەگەڵە و دەڵێت "زۆر لە گەنجەکان هەست بە دڵخۆشی دەکەن کە دواجار لە سعودیە خەریکە دەبێت بە خاوەنی پلان و ئاراستەیەکی ئابووری ڕوون، بەڵام ئەمە پرسیارە بۆ هەموو کەسێک کە بۆچی ئەم چاکسازییانە پێشتر نەکراون".



تەنیا 5%ی پشکەکانی کۆمپانیای ئارامکۆ بایی 2 تریلیۆن دۆلارە




# ئەفریقا.. دەوڵەتانی خاوەن نەوت بەرەو داڕمان دەچن

ڕووداو- Foreign Policy

دابەزینی نرخی نەوت لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا لەسەر ئەفریقا قورس کەوتووە. ئەو بەرمیلە نەوتەی لە هاوینی 2014 بە 115 دۆلار دەیانفرۆشت، ئێستا نرخەکەی بۆ خوار 40 دۆلار دابەزیوە. ئەم وڵاتانە نەیانتوانیوە وەکوو وڵاتانی کەنداو بڕێک لە یەدەگی دراوی بیانی پاشەکەوت بکەن کە لە ڕۆژی تەنگانەدا فریایان بکەوێت. هەربۆیە نرخی دراوی خۆماڵییان دابەزیوە، ئاستی هەڵاوسانیان تا ئاستێکی مەترسیدار بەرزبووەتەوە و حکومەتەکانیشیان ناچار بوون خەرجییەکانی کەرتی گشتی کەم بکەنەوە.

دابەزینی بەهای زێڕی ڕەش کارێکی کردووە، کیشوەری ڕەش تووشی ڕۆژی ڕەشی خۆی ببێت، سەقامگیریی ئەم وڵاتانە بەشێوەیەکی مەترسیدار هەڕەشەی لەسەرە، ناڕەزایی جەماوەری لە زۆربەی وڵاتان ڕووی لە زیادبوون کردووە. گەشەی وڵاتە نەوتییەکانی ئەفریقا نەک چەند ساڵێک بەڵکو چەندین دەیە بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە. بیرۆکەی "پێشکەوتنی ئەفریقا" کە بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی خەڵک و دەرکەوتنی چینی ناوەڕاست لەم وڵاتانە سەری هەڵدابوو، خەریکە جارێکی دیکە کپ دەبێتەوە.

فاکتەری هەموو ئەو گۆڕانی باڵانسەی ئابووریی ئەفریقا لەناو ئەفریقا خۆیدا نییە، بەڵکو بەشێکی بەرچاوی بۆ دەرکەوتنی نەوتی شەیڵی ئەمریکا، کەللەڕەقیی سعودیە بەرامبەر بە کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و دابەزینی گەشەی ئابووریی چین دەگەڕێتەوە. ئەم هۆکارانە کاریگەریی بەرچاویان لەسەر ئابووریی ئەفریقا هەبووە.

هەتا دوو ساڵ لەمەوبەر، نایجیریا بە گەورەترین ئابووریی ئەفریقا ناوزەد دەکرا، بەڵام شکانی نرخی نەوت نەیهێشت دڵخۆشییەکانی بەڕێوەچوونی یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراتیکی ئەم وڵاتە زۆر بخایەنێت. دابەزینی بەهای نەوت کە 70%ی داهاتی نایجیریا پێکدەهێنێ، حکومەتی نایجیریای ناچار کرد خەرجییەکانی حکومەت دابەزێنێ و داوای قەرزی 3.5 ملیار دۆلاری لە بانکی جیهانی و بانکی گەشەسەندنی ئەفریقا بکات. ئاستی گەشەی ئابووریی ئەم وڵاتە لەساڵی 2015دا نیوەی ئاستی ساڵی پێشتر بووە و بۆ 3% دابەزیوە. تەنانەت هەوڵەکانی محەممەدۆ بوهاری، سەرۆکی نایجیریا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی خەریکە شکست دەهێنێت، لەبەر ئەوەی حکومەت پارەی نییە پشتگیری لەم پرۆسەیە بکات.

شکانی بەهای نەوت تەنیا نەبووەتە هۆی ئەوەی بوهاری لە بردنە سەری بەڵێنەکەی خۆی بۆ لەناوبردنی چەکدارانی بۆکۆحەرام شکست بهێنێ، بەڵکو مەترسی ئەوەشی دروستکردووە، کۆمەڵێک کێشەی کۆن لە ناوچەی ناسراو بە "سێگۆشەی نایجیر" دروست بکات کە تێیدا چەکدارانی گرووپی ڕزگارکردنی سێگۆشەی نایجیر بە بەردەوامی نەوتیان دەدزی، بۆڕییە نەوتەکانیان دەتەقاندەوە و زۆربەی جارانیش بۆ وەرگرتنی پارە، کرێکارانی کەرتی نەوتی نایجیریایان دەڕفاند. ئەم گرژیانە هەندێکجار بە ڕێژەی 25% بەرهەمهێنانی نەوتی نایجیریایان دادەبەزاند.

لەساڵی 2009وەو لە چوارچێوەی پرۆگرامی ئاشتەواییدا 30 هەزار کەس لەو چەکدارانە خرانە بەر ڕاهێنانی پیشەیی و مووچەیان بۆ دیاری کرا، بەمەش ئاڵۆزییەکانی ئەو ناوچە پڕ نەوتانەی نایجیریا هێورکرانەوە. حکومەتە دەستکورتەکەی بوهاری ئەم پرۆگرامەی وەستاندووە، هەر بۆیە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی و پێکدادانی سەربازی لەم ناوچەیە جارێکی دیکە هاتووەتە ئاراوە.

بەڵام نایجیریا تاکە وڵاتی ئەفریقا نییە کە بەدەست نرخی کەمی نەوتەوە دەناڵێنێ. ئەنگۆلا، دووەم بەرهەمێنەری نەوت، ناچار بووە بە ڕێژەی 25% بودجەی ساڵانەی 2016 دابەزێنێ. لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا هیچ وڵاتێکی جیهان هێندەی ئەنگۆلا لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت قازانجی نەکردووە. ئەنگۆلا هەتا 2002 وڵاتێک بوو بەدەست زیانەکانی جەنگی ناوخۆییەوە دەیناڵاند، بەڵام پاش هەڵکشانی بەرچاوی نرخی نەوت و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ ڕۆژانە 2 ملیۆن بەرمیل، ئەم وڵاتە توانی لە نێوان 2002 بۆ 2014 زیاتر لە 468 ملیار دۆلار داهاتی هەبێت.

گەندەڵییەکانی حیزبی دەسەڵاتدار، چڕکردنەوەی وەبەرهێنانەکانی حکومەت لە پایتەخت و پشتگوێخستنی ناوچە و کەرتە ئابووری و پیشەسازییەکانی دیکە وای کردووە ئەنگۆلا نەتوانێت لە ماوەی زیاتر لە یەک دەیەدا ئابووریەکی سەقامگیر دابمەزرێنێ کە هێندە وابەستەی یارییەکانی نرخی نەوت نەبێت. ئەم ڕەوشە بووەتە هۆی ئەوەی هەزاران کەس لەم وڵاتەدا پیشەی خۆیان لەدەستبدەن، نرخی خۆراک بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزببێتەوە و حکومەت نەتوانێ هیچ چارەسەرێک بۆ بڵاوبوونەوەی پەتای "زەردە تا" دابنێت. لە دۆخێکی لەمجۆرەدا ترسی حکومەت لە ناڕەزایەتیش بەرزبووەتەوە، بەجۆرێک دادگای لواندا، پایتەختی ئەنگۆلا، بڕیاری چەندین ساڵ زیندانی بۆ 17 کەس لە گرووپێکی کتێب خوێندنەوە دەرکردووە، بەو بیانووەی ئەم گرووپە بە نیازی ڕووخاندنی حکومەت بوون. بەردەوامبوونی ئەم بارودۆخە دەشێت گرژی زیاتر و جدیتر لە نێوان خەڵک و حکومەتە 36 ساڵانەکەی ئەنگۆلادا بهێنێتە ئاراوە.

بەڵام شکستی ئابووری و دارایی هەموو کیشوەری ئەفریقای نەگرتووەتەوە و جۆرێک لە گۆڕانی باڵانس خەریکە لە ئابووری ئەفریقادا سەرهەڵدەدات و باڵانسەکە بە لای وڵاتانی دیکەی وەکوو ئەسیوپیا و تانزانیادا دەشکێتەوە. ئەم وڵاتانە دەیانەوێت بیسەلمێنن ئەفریقا چیدی نابێت وەکوو کیشوەری دابینکردنی سامانە سروشتییەکان ببینرێت.

لەڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە، ئەسیوپیا پاش نایجیریا دووەم وڵاتی ئەفریقایە. گەشەی ئابووریی ئەم وڵاتە لە نێوان 2004 بۆ 2014 نزیکەی 11% بووە، پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی بواری کشتوکاڵ وای کردووە ڕێژەی هەژاری ئەم وڵاتە لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا 33% دابەزێت. ئەمەش لە کاتێکدا ڕێژەی هەژاری لە نایجیریا لە هەمان ماوەدا ڕووی لە زیادبوون نابوو. ئەگەرچی حکومەتەکەی "بەرەی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕی گەلی ئیسیۆپیا" تۆمەتبارە بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، بەڵام هیچ لایەنێک ناتوانێت چاو لەو گەشە ئابوورییە بپۆشێت کە بە هاوکاریی چین لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا دەستبەری کردووە.

تانزانیا نموونەیەکی باشترە بۆ ئەو وڵاتە ئەفریقیانەی لەڕووی ئابوورییەوە پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیوە. جۆن ماگۆفولی، سەرۆکە نوێیەکەی تانزانیا، بەپێچەوانەی سەرۆکی ئەنگۆلا جەماوەرێکی زۆری لە وڵاتەکەی خۆیدا هەیە، بەشێکی بەرچاوی ئەم پشتگیرییەش بۆ پلانی ماگۆفولی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و پێداچوونەوە بە خەرجییەکانی حکومەت دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی ئابووری تانزانیا پشت بە داهاتی فرۆشتنی زێڕیش دەبەستێ، بەڵام 7% لە کۆی گەشەی بەرهەمی ناپاڵفتەی ناوخۆیی تانزانیا بۆ پێشکەوتنەکانی کەرتی بیناسازی، پەیوەندی و گواستنەوە و کەرتە بازرگانییەکان دەگەڕێتەوە.

هەمان شت بۆ وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، وەکوو ڕواندا، کینیا و ئۆگانداش ڕاستە. تێکڕای ڕێژەی گەشەی ئابووری ئەم وڵاتانە لە ساڵی 2015 بۆ 2016 زیاتر لە 5% بووە. زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا خەریکە لەڕووی وزەشەوە پشت بەخۆیان دەبەستن، لە کاتێکدا هەم کینیا و هەمیش ئۆگاندا لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک کێڵگەی نەوتیان دۆزیوەتەوە، تانزانیاش یەدەگێکی گەورەی غازی سروشتی دۆزیوەتەوە.

هاوکات لەگەڵ دابەزینی ئاستی گەشەی ئابووریە نەوتییەکانی ئەفریقا، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەم کیشوەرە خەریکن سەرنجی وەبەرهێنەرە ڕۆژئاوایی و چینییەکان ڕادەکێشن. ساڵی ڕابردوو وەبەرهێنانی بیانی لە ئەفریقا بە ڕێژەی 30% دابەزیبوو، بەڵام پشکێکی کەم لەم دابەزینە بەر کەرتەکانی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان و خزمەتگوزارییە دارایی و بانکییەکان کەوتبوو. وەبەرهێنەرە ڕۆژئاواییەکان دەزانن، لە بارودۆخێکی وەکوو ئێستادا، ئابوورییە فرەجۆرەکان لەبارترن بۆ ئەوەی پشتگیری لە وەبەرهێنانی تایبەت بکەن.



# کەلوپەلی ئەنفالکراوان هێشتا لە بەغدایە


نەوزاد مەحموود

ڕووداو- سلێمانی





بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە سلێمانی دەڵێ ئامادەکارییەکان بۆ یادی ئەنفال خەریکە کۆتایی دێت و زۆر کاریان لەبەرنامەدایە بۆ ئەو یادە "هەوڵ دەدەین ئەمساڵ گوتارەکان نەمێنن بۆ ئەوەی بتوانین وێنە و پێشانگاکان و کەلوپەلی بەجێماوی قوربانییەکان و چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکان پیشان بدرێن".

ئیبراهیم محەممەد، بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە سلێمانی پێیوایە ناکرێ وەک ساڵانی ڕابردوو، گوتارە دوورو درێژەکان دووبارە بکرێنەوە، هەر بۆیە زۆربەی کاتەکە بە ڕێکخراوەکان و کەسوکاری قوربانییەکان دەدرێ "چەند کەسێک خۆبەخشانە جلوبەرگ و کەرەستە و کەلوپەلی قوربانییەکانیان کۆکردووەتەوە و لەو یادەدا نمایش دەکرێن".

گەلی کورد، لە هەر پارچەیەکی کوردستان بەگشتی و لە باشووری کوردستان بە تایبەتی، گەرمیان و کوێستانی پڕە لە ئاسەواری کوشتوبڕ و ستەمی سوپا دەسەڵاتدار و سەردەستەکان، بەڵام زۆربەی ئازارەکان لە مانگی ئاداردا کۆبوونەتەوە. پرۆسەی ئەنفال، یەکێکە لەو ستەمە کەموێنانەی لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە بەرامبەری کراوە و نزیکەی 180 هەزار کەس لە شوێنی ژیانی خۆیانەوە گوازرانەوە بۆ بیابان و دواتر زۆربەیان کران بەژێر خۆڵەوە. ئەو پرۆسەیە بە هەشت قۆناغ جێبەجێ کرا.

ئیبراهیم محەممەد، باسی زیادکردنی 8 خولەک ڕاوەستان بە بێدەنگی دەکات لە کاژێر 9ی بەیانی ڕۆژی 4/14 دا کە هێمایە بۆ 8 قۆناغەکەی ئەنفال "ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر ئەوەی ماوەی 8 خولەک لە نێو فەرمانگە و شوێنە فەرمییەکان خەڵک بەپێوە و بەبێدەنگی ڕابوەستن و لە شوێنە گشتییەکانیش ماوەی خولەکێک".

هەروەها لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردەوە داوا کراوە لە خوێندنگەکان لەو ڕۆژەدا باسی 8 قۆناغەکەی ئەنفال بۆ خوێندکاران بکەن و داواش لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کراوە، داوا لە مامۆستایانی ئایینی بکەن لەو ڕۆژەدا لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە گوتار پێشکەش بکەن و قورئان بخوێننەوە و کەنیسەکانیش لە کڵێساوە زەنگ لێبدەن "ئەمساڵ یادی ئەنفال ڕێکدەخرێ و وەک ساڵانی ڕابردوو نابێ".

لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە بەشێک لە کەلوپەلی بەجێماوی شەهیدانی هەڵەبجە نمایش کراون لەگەڵ بەڵگەنامەکانی کیمیابارانکردنی شارەکە، وەک ئیبراهیم محەممەدیش بۆ (ڕووداو)ی باسکرد، ئەوان ئەمساڵ بۆ یەکەمجار کەلوپەلی کۆکراوەی قوربانیانی ئەنفال نمایش دەکەن "نیو تۆن لە جلوبەرگ و پێڵاو و کەرەستە و کەلوپەلی بەجێماوی ئەوانەی ئەنفال کراون، هێشتا لە بەغدایە و نەمانتوانیوە بیانگێڕینەوە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لەم یادەی ئەمساڵدا پیشانی خەڵک بدرێن".

هەروەها باسی هەوڵەکان بۆ بەدۆکیۆمێنتکردنی پرۆسەی ئەنفال دەکات کە هەمیشە وەک ڕەخنەیەک ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە. ئیبراهیم گوتی "تاوەکو ئێستا 11 بەرگ لە بەڵگەنامەکانی پرۆسەی ئەنفال پەیداکراون و کۆکراونەتەوە، هەموو بەڵگەنامەکان بە زمانی عەرەبین و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوری، بەڵام بەداخەوە بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەمانتوانیوە چاپی بکەین و لەم یادەی ئەمساڵدا پیشانی بدەین". ئیبراهیم محەممەد گوتیشی، هەوڵ دەدەن لە مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ، هۆڵێکی گەورە بۆ بەڵگەنامەکان و کەلوپەلی بە جێماوی شەهیدان دروستبکرێ کە ئەویش بەهۆی قەیرانی داراییەوە ڕاوەستاوە.

ساڵی 1988 پرۆسەی ئەنفال لە گەرمیان و قەرەداغ دەستی پێکرد و سەتان گوند و شوێنی نیشتەجێبوون لە ئاوەدانی و ژیان داماڵران. تەنانەت ئەوانەش کە لە پرۆسەکە ڕزگاریان بوو، مەینەتییەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی گەورە تەنگی پێهەڵچنین و نەیانتوانی بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان.

کاژێر 10ی سەرلەبەیانی ڕۆژی 4/14 یادی ئەنفال لە مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ دەستپێدەکات. تاوەکو ساڵی ڕابردووش، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو یادەی تێکەڵ بە گێڕانەوەی بەشێک لە ئێسک و پرووسکی قوربانییەکان دەکرد و شین و گریانی کەسوکاریان تێکەڵ بە بڕگە و بەرنامەکانی ئەو یادە دەبوو. بەڵام ئەمساڵ بەهۆی شەڕی داعش و دژواربوونی ڕێگاکانی هاتوچۆی نێوان هەرێمی کوردستان و ناوەڕاست و باشووری عێراق، پرۆسەی گەڕان و پشکنینی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش کێشەی بۆ دروستبووە.

بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە سلێمانی دەڵێ بودجەی هەڵسوڕاندنی یادەکە بۆ چارەکێکی پارەی ساڵانی ڕابردوو کەمکراوەتەوە کە 8 ملیۆن دینارە "ئەو پارەیە کەمە و داوامان لە کۆمپانیا و خێرخوازان کردووە سپۆنسەری بکەن، لەبەر ئەوەی ناتوانین میوان داوەت بکەین، داوامان لە حکومەت کردووە کونسوڵی وڵاتان لەوێ ئامادەبن و بەشداریی یادەکە بکەن، بەڵام پلانەکەمان وا داناوە خەڵکێکی زۆر بەشداریی بکەن".

## هیچ سەردەمێک برینی گەرمیان ساڕێژ ناکات

# "توخوا لە نێو بەفرگری ماڵەکەتان بمشارەوە با نەمبەن"


نەوزاد مەحموود

ڕووداو- گەرمیان


"لەنێو کانە خەڵوزێکدایە، هەرچەند بانگی دەکەم ئاوڕ ناداتەوە، منیش هەرچی دەکەم نایگەمێ، نازانم بۆچی ناتوانم بیگەمێ". ئەوە خەونێکە کە دوای 28 ساڵ، مینا عەلی بابا فارس، بە خوشکە ئەنفالکراوەکەیەوە بینیویەتی. ئێستا ئەو دوای لەدەستدانی هەموو شتێک، تەنیا ڕازییە بەوەی لە خەوندا خوشکەکەی لە نزیکەوە ببینێ و پرسیارێکی لێبکات، بەڵام وا لەخەونیشدا نائومێد دەبێ.

دوای زیاتر لە چارەکە سەدەیەک، لەگەڵ مینا دەچینەوە بۆ ئاواییەکەی. ئاواییەکە چۆڵە، بەڵام کوچە و کۆڵانە خۆڵاوییەکانی بۆ ئەو پڕن لە یادەوەریی خۆشی ئەو ڕۆژانەی لە کانی بە سەتڵ ئاوی سازگاری دەهێنا و ئێواران مانگاکانی دەدۆشی "خاوەنی منداڵ بووم، خاوەنی پیاوی خۆم و خەسوو و خەزوور بووم". پەنجە بۆ شوێنی ماڵەکەیان درێژ دەکات و دەڵێت "خانووەکەمان لێرە بوو، لەگەڵ پیاوەکەم بە قوڕ سواخمان دەدا و زۆر دڵمان پێی خۆش بوو". بەڵام ئێستا کۆشکێکی شاهانەی لە شوێنی ئەو کەلاوەیە بۆ بنیاد بنێی، نیگەرانییەکانی کەم ناکاتەوە.

شەش مانگ بەر لە دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفال، مینا هەموو تاڵاوەکانی ئەو پرۆسە دۆزەخییەی چێشت و کاتێکیش گەڕایەوە، هیچ لە شوێنی خۆی نەمابوو، چونکە بەهۆی نالەباریی ڕەوشی ئاواییەکەوە، لەگەڵ خێزانەکەی دەڕواتە ئاوایی عەزیز قادر لە نزیک سەرقەڵا و دواتر دەگەڕێتەوە ئاواییەکەی خۆی، پاشان دیسانەوە بەرەو ئاوایی ماڵی باوکی لە خانە عوبێد "هەواڵیان دا بە جەیش کە خانەعوبێدیش پێشمەرگەی لێیە، ئینجا بە هەلیکۆپتەر کەوتنە بۆردومانی خانەعوبێد، لەوێش هەلیکۆپتەر نەیهێشت بحەوێینۆ". ڕۆژی دواتر فڕۆکە جەنگییەکان دێنەوە و ئاسمانی ئاواییەکە دەتەنن.

مینا ئەو ڕۆژە هەویری شێلابوو تاوەکو نان بکات لە تەنوور، یەکێک لە منداڵەکانی دەڵێ "دایە تینوومە"، ئەویش دەچێ پەرداخێک ئاوی بۆ بهێنێت و فڕۆکەیەک دەست بە بۆردومان دەکات "قاچێکم لە دیوی دەرەوە و قاچێکم لە نێو ژوورەکەدا بوو، پارچە تۆپێک بریندار کردم، هەر ئەو تۆپە 11 کەسی دیکەی کوشت، کە هەموویان خاڵۆزا و خاڵۆژن و خزمی نزیکم بوون، خاڵۆ ژنەکەم حامیلە بوو، ساچمەیەک بەر سکی کەوتبوو، دەستی کۆرپەکەی لە سکییەوە هاتبووە دەرەوە".

فڕۆکەکان لە دوای خۆیان ئاواییەکی خوێناوی و وێرانەیەکیان جێهێشتووە، مینا و باوکی لە بریندارەکانن و پێشمەرگە بە تراکتۆرێک لەگەڵ چەند بریندارێکی دیکەدا دەیانگوازنەوە بۆ شوێنێکی دوورتر تاوەکو برینەکانیان ساڕێژ بکەن "دوای پێچانی برینەکانمان گوتیان بە پیکابێک بڕۆن با لە تکریت چارەسەرتان بۆ بکەن چونکە برینەکانتان سەختە، بەڵام لە تکریت چارەسەریان نەکردین، دەچووینە هەر نەخۆشخانەیەک هەروا دەستیان بەڕووماندەوە دەنا، گەڕاینەوە بۆ کەرکووک".

### "ئێوە بەختتان هەیە"

ماوەی هەفتەیەک مینا و باوکی و کچێکی ئامۆزای، لەدەرگای نەخۆشخانەکانیان دەدا چارەسەریان بکەن، دواتر لە نەخۆشخانەی کەرکووک ماوەی دوو مانگ دەمێننەوە تاوەکو چاک دەبنەوە "بەڵام لە جیاتی ئەوەی بچینەوە بۆ ماڵەوە، سواری سەیارەیان کردین بۆ دوبز، ئینجا بۆ تکریت، دواتر لە زیندانێک خۆمان بینییەوە کە پڕ بوو لەخەڵک".

دوای 15 ڕۆژ مانەوە لە زیندان، ئەفسەرێکی کوردی خەڵکی سلێمانی بە مینا دەڵێ کە ئەو لە کوێیە "پێیگوتین ئێوە بەختتان هەیە و شوێنەکەتان باشە، دوای 20 شەوی دیکە خەڵک دەتوانن بێنە لاتان و بتانبینن". ئەو ژنە کە ئێستاش ئاسەواری برینەکان بە ڕوخسار و دەست و قاچییەوە دیارن، تاوەکو ساڵێکی زیندانی تەواو نەکرد و نەگەڕایەوە بۆ نێو سوتماکی ئاواییەکەی، بە باشی تێنەگەیشت ئەو (بەخت)ە چییە ئەو هەیەتی "بەختەکە ئەوە بوو نوگرە سەلمانمان نەبینی".

"ژنیان دەهێنا، کچیان دەهێنا، تورکمانیان دەهێنا، عارەبیان دەهێنا، کە ئەنفال دەستیپێکرد، ئیدی قاعەکانمان نەیدەگرت، ڕێگەی دانیشتنمان نەمابوو، بەڵام ئێمە هەر نەماندەزانی خەڵک ئەنفال کراون".

### "عەبا کچێکی ڕزگار کرد"

وادەی 20 ڕۆژەکە تێپەڕی و ڕێگا درا خەڵک هامشۆیان بکەن، بەو پێیەی زیندانەکەی ئەوان عەرەب و تورکمان و نەتەوەکانی دیکەشی تێدا بووە. مینا و کچی ئامۆزاکەی لە ژوورێکدا پێکەوە بوون، دایکی کچی ئامۆزاکەی دێت و عەبایەک لەگەڵ خۆی دەهێنێ و بەکچەکەی دەڵێ بیدات بەسەریدا و بەدوایدا بڕوات "ئەوان دەرفەتیان لە قەرەباڵخیی هاموشۆکردن بینی و هەر چۆن بوو گەیاندییە دەرەوەی زیندانەکە، کەچی لە ژوورەوە دوو سەرینی کردبوو بەژێر بەتانییەوە بۆ ئەوەی پۆلیسەکان وابزانن نوستووە".

چەند کاژێرێک دواتر ئاشکرا بووە کە کچەکەی ئامۆزای هەڵاتووە "من لە ژوورێکی تاکەکەسیدا بەندکرام و ئەشکەنجە درام، نەیانهێشت و نان و ئاوم بدرێتێ".

دوای ساڵێک مینا و باوکی ئازادکران، بە ئۆتۆمبێلێک گەڕانەوە بۆ عەربەت و لەوێوە دەچنەوە بۆ ناحیەی ڕزگاری، پێش ئەوەی بگەنە ڕزگاری، باوکی لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا بە کچەکەی دەڵێ کە چی قەوماوە "وا دەڕۆینەوە ڕۆڵە، بەڵام خوشک و براو و منداڵ و کەسوکار هەموو ڕۆیشتوون، دێیەکان وێرانکراون، هەرکام لە منداڵەکانت دەست بکەوێتەوە شوکری خودا بکە".

لەنێو منداڵەکانیدا کچە تەمەن 5 ساڵەکەی گەڕایەوە "دایکم بۆی گێڕامەوە چۆن مردوون، لە برسان و لە تینوان، دایکم گێڕایەوە کە چۆن لەتێک کارتۆنی داوە بە دەست منداڵێکەوە کاتێک بەگریانەوە داوای نانی کردووە، ئەوانە منداڵی نازداری من بوون، تەنانەت گۆڕیشیان نییە بچم بە دیاریانەوە بگریم".

### " لەناو بەفرگرەکەتان بمشارەوە"

مینا، دیمەنەکانی ساتەوەختی پێچانەوەی ئاواییەکان و هاتنی قافڵەی سەربازەکانی نەبینی، بەڵام عاسم حوسێن، بۆ مینای



"دایکم بۆی گێڕامەوە منداڵەکەت داوای نانی دەکرد نەبوو بیدەمێ، لەتێک کارتۆنم دایە دەستی"

گێڕابووەوە کە چۆن ئاواییەکەیان خاپوور کرد، چۆن خەڵکەکە و منداڵەکانی ئەویشیان فڕێدایە نێو ئۆتۆمبێلەکانەوە و بەرەو بیابان بەڕێیان کردن.

عاسم بەسەرهاتی گەنجێکی گێڕایەوە و گوتی "گەنجێک خۆی کرد بە ماڵماندا، دەپاڕایەوە پەنای بدەین، بەڵام خۆ ئێمەش وەک ئەو بێدەسەڵات و بێدەرەتان بووین، دەیگوت توخوا لە ناو بەفرگری ماڵەکەتان بمشارنەوە با نەمبەن".

بە هەر دەردێک بوو، عاسم بەهۆی برایەکییەوە نەکەوتە دەست سوپای عێراق و خۆی گەیاندە شوێنێکی ئارام. بەتێپەڕینی مانگان دەزانێ وا قافڵەکان لە بیابانەوە دێنەوە و ئەوانەی نەکراون بە ژێر خۆڵەوە و ڕزگاریان بووە، دەبێ پێشوازییان لێبکرێ.

"منیش وێڵی بینینی دایکم بووم، دایکم و خوشک و براکانم لە نوگرەسەلمان بوون، پیاوێکی ناسیاومان هات و ژنێکی لەگەڵدا بوو، گوتی ئەوە دایکتە، منیش هەندێک سەیرم کرد و گوتم نەخێر ئەوە دایکی من نییە، کەچی ژنەکە بە گریانەوە گوتی کچێ عاسە، ڕۆڵە من دایکتم، من لە نوگرەسەلمان گەڕاومەتەوە".

عاسم حوسێن، لە پشتی دایکە پیرەکەیدا، شوێنی ئەو کێبڵانەی بینیوە کە لە نوگرە سەلمان ئەشکەنجە دراوە، چەند ساڵێک دایکی مایەوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێ "هەر ئازار و مەینەتییەکانی ئەوێ، مردنی ئەو منداڵانەی لەوێ بینیبوونی ، کوشتی".



## سوێدییەکان خۆیان فێری کوردی دەکەن

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

ژمارەیەک گەنجی سوێدی داوا لە پەیمانگایەکی کوردی دەکەن بۆ ئەوەی کۆرسی فێربوونی زمانی کوردیان بۆ بکاتەوە. بەهزاد پیرمووسا، سەرۆکی ئەنسیتیتۆتی کوردی لە ستۆکهۆڵم بە (ڕادیۆی سوێد)ی ڕاگەیاند گروپێک لە گەنجانی سوێدی بە ناوی "گروپی ڕۆژئاڤا" کە سێ مانگ لەمەوبەر سەردانی کۆبانێیان کردبوو بۆ گەیاندنی کۆمەک بە دانیشتووانی شارەکە، دوای گەڕانەوەیان داوایان کرد کۆرسێکی فێربوونی زمانی کوردییان بۆ بکەینەوە. گوتیشی "هەفتانە ڕۆژانی دووشەممە بۆ ماوەی دوو کاژێر دەرسی کوردی بە شێوەی دیالۆگ بەو گەنجە سوێدیانە دەڵێینەوە".

# هەڵەبجە و ئەنفال چەپ و ڕاستەکانی سوێد کۆدەکاتەوە

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

لە گەڕەکە کۆن و چۆڵەکەی ستۆکهۆڵم (گاملەستان) لە نزیک ماڵی شا و سەرۆکوەزیران، دەنگی گۆرانی و عودی گۆرانیبێژی کورد محەممەد تەها ئاکرەیی دەهاتە دەرەوە کە بە دەنگێکی غەمگین گۆرانیی بۆ هەڵەبجە دەگوت.

ئەمە بۆنەیەک بوو لە هۆڵی بۆنە نیشتیمانییەکانی پەرلەمانی سوێد بەڕێوەدەچوو کە لەلایەن تۆڕی کوردی- سوێدی (svensk kurdiska nätverk) لە پەرلەمانی سوێد ڕێکخرابوو.

هەمیشە وا باوبووە کە پارتە چەپەکان لە پرسی نەتەوەکانەوە نزیک بوون، بەڵام ئەمجارە پارتە ڕاستڕەوەکانی سوێد کە کۆمیتەیەکی (کوردی — سوێدی)یان دامەزراندووە و ساڵانە چالاکی بۆ یادەکانی ئەنفال و هەڵەبجە ڕێکدەخات، بۆنەکەیان سازکردبوو.

کەم بۆنە هەیە پارتە چەپ و ڕاستەکانی سوێد کۆبکاتەوە، بەڵام نەهامەتییەکانی گەلی کورد توانی لە هۆڵی بۆنە نیشتیمانییەکانی سوێد هەموویان کۆبکاتەوە. ئیسماعیل کامیل کە ئێستا وەک یەدەگ و جێگرەوە کارەکانی لە پەرلەمان دەکات، دەڵێت "ئەنفال و هەڵەبجە تاکە یاد بووە کە پارتە ڕاست و چەپ و بگرە ڕەگەزپەرستەکانیشی کۆکردووەتەوە".

ئانالینا سۆرنسۆن سەرۆکی تۆڕی سوێدی – کوردی لە پەرلەمانی سوێد دەڵێت "بووەتە نەریتێکی ساڵانە کە ئێمە یادەکانی هەڵەبجە و ئەنفال دەکەینەوە".

ئەو کە ئێستا لەسەر لیستی پارتی سۆسیال دیموکرات ئەندامی پەرلەمانی سوێدە بە (ڕووداو)ی گوت "کۆمیتەکەمان چەندین کار دەکات، بەشێکیان پرۆتۆکۆلین و کار لەسەر یادەوەرییەکان دەکەین، ئەوی دیکەشی پەیوەندی بە بڕیار و هەڵوێستی سیاسییەوە هەیە". بە باوەڕی سۆرنسۆن بۆ ئێستای دۆخی کوردستان گرنگە بگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو. بۆیە دەڵێت "بەهەماهەنگی لەگەڵ خەڵکی کوردستان لە ئەنفالەوە کار لەسەر دۆخی کوردستان دەکەین".

ئەنیکا لیلەمێت ئەندامی کۆمیتەکە و پارلەمانتاری پارتی ژینگە، لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی و وەک ئەرکێکی سەرەکی پەرلەمان لە بابەتەکە دەڕوانێت و دەڵێت "ئەنفال و هەڵەبجە ئەو پرۆسەیە بوو کە سەدان هەزار کەسیان تێدا بووە قوربانی. ئەم بابەتە پاشخانێکی فراوانتری لە بابەتێکی نەتەوەیی هەیە و وەک پرسێک بۆ هەموو مرۆڤایەتی لە پەرلەمانی سوێد کارمان لەسەر کردووە".

کەم بابەت هەیە کە کۆی دەنگ لە پەرلەمانێکی فرەڕەنگی وەک سوێد بەدەست بهێنێ، بە جینۆسایدناسینی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە ئەو بابەتە بوو کە هەموو پارتەکانی سوید بە ڕەگەزپەرستەکانیشەوە لەسەری کۆک بوون.



هەموو پارتەکانی سوید بە ڕەگەزپەرستەکانیشەوە لەسەر بە جینۆسایدناسینی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە کۆک بوون

پەرلەمانی سوێد وەک یەکەمین پەرلەمانی وڵاتانی جیهان، لە ڕوانگەی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتەوە ئەم بڕیارەی دا. هەر لەسەر پێشنیازی پارتە سوێدییەکان ساڵڕۆژی هەڵەبجە کرایە ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی چەکی کۆکوژ.

کارکردن بۆ ئەم پرسانە لەسەر ئاستی ئەندامان و پارتەکانی نێو پەرلەمان و چڕبوونەوەی لەتۆڕێکی فەرمی لە پەرلەماندا هەنگاوێکە لە چالاکی کوردی تاراوگەنشین و بەتایبەت پارلەمانتارانی کوردەوە هاتووە.

"بوونی ئەو ژمارە بەرچاوەی کورد لە نێو پەرلەمان بۆخۆی دیاردەیە". ئەمە گوتەی ئیسماعیل کامیلە کە ئەندامی هەمیشەیی تۆڕی سوێدی — کوردییە.

ئیسماعیل بوونی ئەو تۆڕە زۆر بە پێویست دەزانێت و دەڵێت "ئەزموونێکی ناوازەیە لە ئاست ناوەندێکی گەورەی وەک پەرلەمان لە هەموو جیهاندا".

ڕەشید سندی کە کوردێکی دانیشتووی سوێدە، شانازی بەو تۆڕە هاوبەشە کوردی- سوێدییە دەکات و دەڵێت "تۆڕێک بەناوێکی کوردی لە پەرلەمانێکی وەک سوێد، شانازییە بۆ من و هەموو بیانییەکانی ئەم وڵاتە".

بەڵام ئەو تۆڕە هەرگیز لەلای ئێلیا سڤانسۆن جێی قبوڵ نییە. ئەو قوتابی زانکۆی ستۆکهۆڵمە لەبەشی یاسا دەڵێت "ئەوەی ڕوودەدات لەدەستدانی خەسڵەت و ڕەسەنایەتییە. لەدەستدانی ئیرادە و تەسلیمبوونە بە سەرڕەشەکان کە خەریکە وڵاتەکە تێکدەدەن".

سڤانسۆن هەروەها دەڵێت "چەمکی تاراوگەنشین، بیانی، هەڵاتوو و کۆچبەر، ماناکەی ڕوونە و میوانێکی کاتییە، نەک بەشدار لە بڕیاری ئەم وڵاتە".

سڤانسۆن بە شەرمی دەزانێت ناوەندێک هەبێت لە دەسەڵاتی بڕیار ناوێکی بیانی هەبێت "ئەمە چ کارەساتێکە ناوی کوردی لە پەرلەمانی سوێد هەبێت".

### لە ئاوارەییەوە بۆ ناوەندی دەسەڵات

تۆڕی سوێدی — کوردی، وەک کۆمیتەیەکی فەرمیی لە پەرلەمانی سوێد کاری خۆی دەکات و زادەی کاری پێنج پارلەمانتاری کوردە لە پەرلەمانی سوێد. ئەو تۆڕە لە ساڵی 2010 کاری بۆ کرا و لە ساڵی 2011دا دامەزرا. پارتی گەلی لیبراڵ ڕۆڵی سەرەکی لە دامەزراندنیدا هەبوو.

بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، سەرۆکایەتیی تۆڕەکە دەبێت لەلایەن پارتی دەسەڵاتەوە بێت و جێگرەکەی لە ئۆپۆزیسیۆن، ئیسماعیل کامیل کە ئەندامی پارتی گەلی لیبراڵە، گوتی "پێشتر پارتەکەی ئێمە سەرپەرشتی دەکرد و ئێستا ئێمە جێگرین و لەلایەن سۆسیال دیموکراتەوە سەرپەرشتی دەکرێت، کۆمیتەیەکی کارایە کە ڕاستەوخۆ دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن کۆ دەکاتەوە".

ستراتیژی کاری ئەم تۆڕە لەسەر سێ بنەمایە. یەکەم: مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان. دووەم: باشتربوون و پتەوبوونی دانوستاندن و هەماهەنگی هەردوو پەرلەمانی سوێد و پەرلەمانی کوردستان. سێیەمیش کاراکردنی بابەتەکانی پرسی کوردە لەسەر ئاستی هەموو ئەورووپا.

زۆر لە پارلەمانتارانی باڵی چەپ کە ئێستا حوکمڕانێتی سوێد دەکەن، ڕەخنەی ئەوەیان لە پارتەکانی ڕاست هەبووە کە هاوسۆز نین لەگەڵ پرسی کورد، ئەگەر هەڵوێستێکیشیان هەبووبێت، وەک بەزەیی و هەندێکجار بۆ ڕیکلام بووە.

بەڵام ئیسماعیل کامیل دەڵێت "کاری پارتە ڕاستەکان و لیبراڵ وەک نموونە لە دەرەوەی دروشم بووە و سەرکەوتنی کۆمیتەکە کە ئەو کات ئێمە سەرۆکایەتیمان دەکرد، وەڵامی هەموو ئەو جۆرە تێڕوانینانەیە".

# گۆڕینی ناو و تەمەن.. کێشەی گەورەی کوردی تاراوگە

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

"بۆ بەهێزبوونی کەیسی پەنابەرییەکەم، ناچار بووم ناوی نەتەوە و شوێنی نیشتەجێبوونم بگۆڕم. دواتر بۆ سوودمەندبوون لە خزمەتگوزارییەکان، تەمەنی خۆم گۆڕی" ئەمە گوتەی کوردێکی تاراوگەنشینە کە زیاتر لە 11 ساڵە لە سوێد دەژی و ئێستا بەهۆی گۆڕینی ناو و تەمەن و شوێنی نیشتەجێبوونی پێشووی، ناتوانێت پاسپۆرتی عێراقی وەربگرێ.

لەساڵی 2003ەوە سوێد و بەشێک لە وڵاتە ئەورووپییەکان، دانیان بە پاسپۆرتی عێراقیدا نا و لەسەر بنەمای ڕەگەزنامەی وڵاتی یەکەم، دەتوانیت ڕەگەزنامەی سوێد بەدەست بهێنی و پاسپۆرت وەربگری، بەڵام بەشێکی زۆر لە کوردی تاراوگە بەهۆی گۆڕینی ناو و تەمەن و شوێنی نیشتەجێبوونیان نەیانتوانی سوود لەو دەرفەتە وەربگرن.

نەهرۆ سەلاح، لەدوای پێنج ساڵ مانەوە دەیتوانی ببێتە سوێدی و ڕەگەزنامە وەربگرێت، بەڵام 11 ساڵی تێپەڕاندووە و هێشتا ناتوانێ ڕەگەزنامەی سوێدی وەربگرێ، تەنانەت ترسی هەیە مافی مانەوەش لە دەست بدات.

نەهرۆ خەڵکی شارێکی هەرێمی کوردستانە، بەڵام لەوێ خۆی بە دانیشتووی شاری مووسڵ تۆمار کردووە و ناوی سیانیی خۆی گۆڕیوە. ئەو کۆلێژی دەرمانسازی لە زانکۆی ئۆپسالا تەواو کردووە، بەڵام دەڵێت "لە کوردستان سوودی لێ وەرناگرم، چونکە بەناوی ڕاستیی خۆم نییە و بۆم تەعدیل ناکەن".

شەهرام کە خەڵکی شاری دهۆکە، هەمان کێشەی نەهرۆی هەیە، بەڵام ئەو لە سوێد کێشە بۆ بڕوانامەی دروست بووە. ئەو دەڵێت "لە کوردستان کۆلێژی ئەندازیاریم تەواو کرد، بەڵام بەهۆی گۆڕینی تەمەن و ناوی باپیرم ناتوانم سوود لە بڕوانامەکەم لە سوێد وەربگرم، تەنانەت بەهۆی ئەو گۆڕینەوە پاسپۆرتیشم نادەنێ، بۆیە دوور نییە بگەڕێمەوە کوردستان". شەهرام تا ئێستاش بە پاسپۆرتێکی کاتی گەشت دەکات کە لە زۆربەی وڵاتان یاسایی نییە.

پارێزەرێکی کورد دۆسیەی زۆر لەو پەنابەرانەی لەلایە کە ئەو کێشەیەیان هەیە، دەڵێت "زۆربەی ئەوانەی ئەو جۆرە کێشانەیان هەیە، خەڵکی باشووری کوردستانن".

ئارێز ڕۆستەمی، پارێزەرێکی کوردە کە زمانەکانی کوردی، سوێدی، فارسی و عەرەبی بە پاراوی دەزانێت، بۆیە پەنابەران زوو زوو کاریان دەکەوێتە لای ئەو.

ئارێز دەڵێت "لەکاتی نووسینی بریکارنامە، بەفەرمیکردنی واژوو، هەروەها بابەتەکانی دادنووسی بۆ کوردستان، پێویستیان بە باڵیۆزخانە و نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت، بەڵام هیچیان بۆ ناکرێت، لەبەر ئەوەی ناو و تەمەنیان وەک یەک نییە".

ئەمجەد عەزیز، پێشتر لە نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ماوەیەکیش فەرمانبەری باڵیۆزخانەی عێراق بووە لە سوێد و دەڵێت "یەکێک لەو کێشە زۆر دیارانەی ڕۆژانە دەهاتە بەردەممان، کێشەکانی ناوگۆڕین بوو، بەتایبەت لە بواری بڕوادان بە بریکارنامە". گوتیشی "لە 2003 تا 2007یش فەوزایەک لە کاری ناوخۆی وڵات و لە باڵیۆزخانەکانیش هەبوو، زۆر کەس بە کەیسی جیاواز و بە شێوەی ناڕاست، پاسپۆرت و ناسنامەیان بەدەستهێنا، بەڵام ئێستا بواری ئەو کارانە نەماوە".

سوێد بێ هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی وڵاتی یەکەم و بێ گەڕانەوە بۆ پەڕی فەرمیی وڵاتی یەکەم، کار بە ناسنامە و پەڕە فەرمییەکان ناکات.

بەهۆی نەبوونی پاسپۆرت لە کۆتایی هەشتاکان تا کۆتایی ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، کڕینەوەی پاسپۆرتی بەکارهاتوو پاش گۆڕینی وێنەکەی، تاکە ڕێگەی گەیشتنی کۆچبەران بوو بە دەرەوە، چونکە دەرهێنانی پاسپۆرت تا ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نەبوو.



پارێزەرێکی کورد: چەندین بەرپرسی باڵای کوردستان لە سوید بەهۆی گۆڕینی ناو و تەمەنیان خۆیان لە دانی باج دزیوەتەوە

ئەردەڵان محەممەد، پێشتر کاری لەو شێوەیەی کردووە و دەڵێت "هەتا پاسپۆرتی جۆری (S) ئەو جۆرە کارانەمان دەکرد، بۆ ئەوەی زۆر دەستکاری نەکرایە، تەنیا وێنەکەمان دەگۆڕی. ئیدی لە زۆر وڵات کۆچبەرەکە بە ناچاری بەو ناو و تەمەنە خۆی تەسلیم دەکرد و ئێستاش زۆریان هەر ئەو شوناسەیان بەدواوەیە".

ئەو کارەی ئەردەلان بەهەموو پێوەرێک تەزویرە، ئەردەلان دەڵێت تا ساڵی 2003ش ئەو بەزمە هەبوو، حکومەتیش ئاگادار بوو، بەڵام هیچ ئیجرائاتێکی نەکردووە.

زۆرینەی ئەو کۆچبەرانەی ساڵانی نەوەتەکان تا سەرەتای ساڵانی 2000 بەو ڕێگایە چوونەتە دەرەوە، ناو و شوناسیان گۆڕاوە.

پەنابەرێکی کورد دەڵێت "قەت بەخەیاڵماندا نەدەهات، پێویستمان بەو شتانە بێت، بە ئارەزووی خۆمان چیرۆکی جیاواز و ناو و ناونیشانی جیاوازمان بۆ خۆمان دروست دەکرد".

ئەوان کێشەیەکی زۆریان هەیە. ئارێز ڕۆستەمیی پارێزەری کورد دەڵێت "کۆمۆن هەیە، زۆرترین کوردی بە ڕەچەڵەک کەرکووکیی لەخۆ گرتووە کە لە ڕاستیدا هەموویان خەڵکی هەولێر و سلێمانین. کوردی باشوورمان هەیە بە خەڵکی سنە و مەریوان خۆی تەسلیم کردووە، تەنانەت هەبووە خۆی بە فارس و ئەفغان ناساندووە".

وردبوونەوەی زۆرتر لەم بابەتانە دەچێتە خانەی تەزویر و جۆرێک لە کاری ڕەش، بۆیە وەک ڕۆستەمی گوتی "بە ناچاری لە زۆربەی مافەکانی خۆیان خۆش دەبن".

سەعید هەمەوەندی پەنابەرێکی کوردە، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەی لە ناو و تەمەنیدا کردوویەتی، لە زۆر ماف بێبەش بووە. ئەو بە پێکەنینەوە گوتی "مەگەر خوا بزانێت چەند درۆمان کردووە! نە سەعیدم و نە هەمەوەندیم و نە تەمەنیشم ئەو تەمەنەیە لەسەر ناسنامەکەم هەیە". گوتیشی "نەک هیوای ئەوەم نەبوو پێویستم بەم جۆرە شتانە بێت، لە ڕاستیدا لەو باوەڕەدا نەبووم جارێکی دیکە کوردستان دەبینمەوە".

### بەرپرسی باڵا و پەرلەمانتار ناوی خۆی گۆڕیوە

لایەنێکی دیکەی ئەم بابەتە خۆدزینەوەیە لە باج، یان سوودمەندبوونە لە سیستمی دارایی. بۆ نموونە کەسێک بە ئەستەم دەتوانێت داهات و سەرمایەی کوردستانی تێکەڵ بە پرۆسەی ئابووریی سوێد بکات. ئەگەرچی ئەو کوردانە کەمن کە دەیانەوێت کاری لەو شێوەیە بکەن، بەڵام وەک ڕۆستەمی دەڵێت "ئەوانەی بەناوی وەرەسە و شتی دیکەوە ویستوویانە پارەی زۆر لە کوردستان حەواڵەی ئێرە بکەن، تووشی کێشە بوون".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتووە، خەڵک هەیە لە کوردستان بەرپرسیارێتی گەورەی حیزبی و حکومی هەیە و لە سوێد بەناوێکی دیکە خۆی تۆمارکردووە.

ڕۆستەمی دەڵێ "خەڵک هەیە لە کوردستان مووچەی گەورەی هەیە و باج نادات، یان کەسوکار و منداڵەکانی سوودمەندی سیستمی سۆسیالن لە سوێد، بەڵام لەم کاتەدا بەهۆی جیاوازیی ناو و شوناس، ڕزگاری بووە لە یاسا. لە نێویاندا بەرپرسی باڵای ئیداری و مەکتەب سیاسی و پارلەمانتار هەیە".

پێشتر لە کوردستان هەوڵ درا بەشێوەیەکی یاسایی ئەم جۆرە کارانە چارەسەر بکرێن و هەوڵیش درا پرۆژە یاسایەکی لە پەرلەمان بۆ ڕێکبخرێت. بەڵام هۆگر نەجمەدین کە یاساناسە لە هەولێر، دەڵێت "هیچ پرۆژەیەک ناتوانێت چارەسەری ئەم بابەتە بکات. ئەو جۆرە کارانە تەزویر و کاری نایاساییین، بۆیە کەس مافی ئەوەی نییە داکۆکیشیان لێ بکات".



## ئارارات ئەلبوومێکی گۆرانی بڵاودەکاتەوە

**دەریاز یونس- رووداو- هەولێر**

هونەرمەندی گەنج ئارارات، لە ئایندەیەکی نزیکدا نوێترین ئەلبوومی گۆرانی خۆی بەیارمەتی هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر بڵاودەکاتەوە.

ئارارات، بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەلبوومەکە ماوەیەکی زۆرە ئامادەیە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بڵاومان نەکردەوە، تێکستی گۆرانییەکان لەلایەن چەند شاعیرێک نووسراون و ئاوازی سەرجەم گۆرانییەکانیش لەلایەن هەڵکەوت زاهیرەوە دانراون".

ئارارات زیاتر لەبارەی ئەلبوومەکەی قسەی کرد و گوتی "ئەلبوومەکە ئێستا ئامادەیە، یەکێک لە گۆرانییەکانی نێوی لە ماوەیەکی نزیکدا کلیپ دەکەم، دواتریش ئەلبوومەکە بڵاودەکرێتەوە. گۆرانییەکان زیاتر رۆمانسی و سلۆن، بەڵام دوو گۆرانی ریتمی خێراشی تێدایە".

---

ئیسماعیل سابووری بۆ (رووداو):

# لە ئێران دەستکاری هۆنراوەی گۆرانییەکانیان دەکردین



ئیسماعیل سابووری، هونەرمەندی کوردی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت کاتێک یەکەمجار مەزهەری خالقیی بینیوە، باوەشی پێدا کردووە و گریاوە. خالقی ئامۆژگاریی کردووە کە واز لە خوێندنەکەی نەهێنێ. ئەو هێندە سەرسام و حەیران بووە بە خالقی، هەرگیز لە رووی نەهاتووە داوای ئاوازێکی لێ بکات.

ئیسماعیل محەممەد ساڵح ناسراو بە ئیسماعیل سابووری، ساڵی 1956 لە شاری کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. ساڵی 1979 کۆلێژی هونەرە جوانەکانی لە تاران تەواو کردووە، تا ئەو کاتەی لە ئێران بووە 105 گۆرانی تۆمار کردووە و ئەلبوومێکیشی بەنێوی سەفەرنامەی کوردستان بڵاوکردووەتەوە. پاشان لە باشووری کوردستان ئەلبوومی بیرەوەری بڵاوکردووەتەوە و ئێستاش ئەلبوومێکی دیکەی ئامادەیە.

سابووری 13 ساڵە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێیە و لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) یادگارییەکانی خۆی و هونەرمەند مەزهەری خالقی دەگێڕێتەوە.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

**رووداو: کەی و لەژێر کاریگەریی کێ دەستت بە کاری هونەری کرد؟**

**سابووری:** برا گەورەکەم هونەرمەند بوو، بەڵام من پێش براکەم و لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە هاتمە نێو بوارەکە و بەهۆی کاریگەریی زۆری ماMۆستا مەزهەری خالقییەوە بوو، سەرەتاش لە رادیۆی کرماشانەوە دەستم پێکرد.

**رووداو: بۆچی بەدیاریکراوی بەهۆی کاریگەریی خالقی؟**

**سابووری:** پێدەچێت بەهۆی نزیکیی دەنگمان لەیەکدییەوە بێت، جگە لەوەش دەنگی مامۆستا جوانییەکی تایبەتی تێدا بوو.

**رووداو: لە کەیەوە هەستت بەو کاریگەرییە کرد؟**

**سابووری:** ئەوەندەی بیرم بێت لە تەمەنی دوانزە ساڵییەوە گۆرانییەکانیم دووبارە دەکردنەوە و هەستم دەکرد کاریگەریی هەیە، بەڵام ئیدی لە بیست ساڵیدا رێچکەی خۆم دۆزییەوە.

**رووداو: کەی خالقیت لە نزیکەوە ناسی؟**

**سابووری:** لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا بوو، ئەو کاتە مامۆستا جێگری بەڕێوەبەری رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی ئێران بوو، رۆژێک هاتە رادیۆ، کە بینیم لە یادمە لە باوەشیدا گریام و ئەویش دەستی بە قژمدا هێنا، ئیدی ئەو کەسانەی لەوێ بوون پێیانگوت کە من سەرسامی دەنگیم و دەنگیشم خۆشە.

**رووداو: بۆچی گریایت؟**

**سابووری:** لە خۆشەویستی بینینەکەی، ئەو کاتە لەبەرئەوەی وەکوو ئێستا کلیپ نەبوو، پێش ئەوەی ببینم لە خەیاڵی خۆمدا وێنەیەکی مامۆستام دروستکردبوو، کە بینیشم هەر ئەو وێنەیە بوو.

**رووداو: گۆرانیت بۆ گوت؟**

**سابووری:** نەخێر، ئەگەر داواشی بکردایە نەمدەتوانی گۆرانی بۆ بڵێم.

**رووداو: بۆچی؟**

**سابووری:** نازانم، ئیدی لە خۆشەویستی بووە یان لەبەر ترس.

**رووداو: چ رێنماییەکی کردی؟**

**سابووری:** گوتی گرنگی بە خوێندنەکەت بدە و زانکۆ تەواو بکە.

**رووداو: ئەو دیدارە چەندە هاندەرت بوو بۆ پەرەدان بە هونەرەکەت؟**

**سابووری:** بێگومان هاندانەکەی بۆ من زۆر باش بوو، توانیم لە هونەرەکەم بەردەوام بم.

**رووداو: بەو پێیەی دەنگت زۆر لە خالقییەوە نزیکە، گۆرانییەکانت گوتوونەوە؟**

**سابووری:** نەخێر، مەگەر لە بۆنە و کۆنسێرتدا، ئەگەرنا هەوڵم دا ستایلی خۆم بدۆزمەوە، بۆ نموونە گۆرانی پەپولەی ئازادی پێشتریش کاتم هەبووە نوێی بکەمەوە، بەڵام ناتوانم، لەبەرئەوەی سەروەتێکی هونەری کوردییە و هەرگیز وەکو خۆی جوان ناگوترێتەوە.

**رووداو: دوای ئەو جارە هیچ جارێکی دیکە خالقیت بینییەوە؟**

**سابووری:** بەڵێ، چونکە دواتر بووە بەڕێوەبەری رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و منیش لە تەمەنی 20 ساڵیدا لە رادیۆی کرماشان دامەزراند، ئیدی بەردەوام دەمبینی و کاتی تۆمارکردنی گۆرانییەکانیش زۆرجار گوێی لێ رادەگرتم.

**رووداو: داوای ئاوازت لێ نەکرد؟**

**سابووری:** نەخێر، ئەو بوێرییەم نەبوو.

**رووداو: دەڵێن لە قوتابخانە نمرەیەکی بەرزت هێنا، بەڵام چوویتە کۆلێژی هونەر؟**

**سابووری:** راستە، نمرەکەم زۆر بەرز بوو، دەمتوانی بڕۆمە هەر کۆلێژێک کە بەلای خەڵکەوە بەرز بوون، بەڵام من هونەرە جوانەکانم هەڵبژارد.

**رووداو: لەئێران ئاوازەکانت زیاتر هی کێ بوون؟**

**سابووری:** هی خۆم بوون و هەندێجاریش سوودم لە ئاوازی دیکە دەبینی، جگە لەوەش شەش ساڵ مەقامم خوێند و ئەوەش یارمەتیدەرم بوو بۆ دانانی ئاواز.

**رووداو: ئەی بۆچی کەمتر مەقام لە ئەلبوومەکانتدا هەن؟**

**سابووری:** دوو ئەلبوومی مەقامم لە کەناڵی کوردسات گوتوون و ئێستا لەنێو بازاڕدان. بەڵام گۆرانییەکی ریتمی ماوەکەی رەنگە چوار دەقیقە بێت، بەڵام مەقام کاتی دەوێ، بۆیە مەگەر لە کۆنسێرت یاخود شوێنێکی تایبەت بگوترێ.

**رووداو: تۆ زیاتر پشتت بە فۆلکلۆر بەستووە، بۆچی؟**

**سابووری:** جوانییەکی تایبەتی و راستگۆیانەی تێدایە، ئەگەرنا دەبێت پاڵ بدەیتە موزیکی رۆژئاوایی کە ئەوەش دوورە لە هەستی کوردییەوە.

**رووداو: بەڵام هەست دەکەیت گوێگری نوێ حەزی بە فۆلکلۆر نییە؟**

**سابووری:** ئەگەر بەرهەمەکە جوان بێت بێگومان حەزی لێدەکەن، ئەگینا بەرهەمی دیکەی جگە لە فۆلکلۆریشم هەیە.

**رووداو: لە کەیەوە هاتیتە باشووری کوردستان؟**

## کاتی خۆی بوێریم نەبوو داوای ئاواز لە خالقی بکەم

**سابووری:** لە ساڵی 2003وە هاتووم و مەبەستیشم ئیشی هونەری بوو، چونکە لە ئێران ئەو دەرفەتەم نەبوو.

**رووداو: لەبەر هۆکاری سیاسی نەبوو؟**

**سابووری:** نەخێر.

**رووداو: بۆچی لە ئێران ئەو دەرفەتە نەبوو، لە کاتێکدا زۆر هونەرمەندی دیکە لەوێ کار دەکەن؟**

**سابووری:** بەڵێ کار دەکەن، بەڵام کارکردنیان زۆر سەختە، پێش هاتنم چەند کۆنسێرتێکم کرد و چەندین کێشەیان بۆ دروستکردین تا مۆڵەتیان پێدایین، جگە لەوە دەستکاری هۆنراوەیان دەکرد، یانی رۆحت ئازاد نەبوو.

**رووداو: ئەی چۆن ئەو هەموو گۆرانییەت بڵاوکردەوە؟**

**سابووری:** بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکان پێش شۆڕشی ئیسلامی بوون، دواتر نزیکەی بیست ساڵ هیچ بەرهەمێکم نەبوو.

**رووداو: حەز دەکەیت بڕۆیتەوە ئێران؟**

**سابووری:** نەوەڵڵا، هەرچەندە کێشەی سیاسیشم نییە، بەڵام رەنگە تووشی کێشەم بکەن.

**رووداو: دوای هاتنیشت بۆ باشووری کوردستان، تەنیا ئەلبوومێکت هەیە، کەم نییە؟**

**سابووری:** بەهۆی بارودۆخەوەیە، چونکە ئەلبوومیش زۆری تێدەچێت، بەڵام ئێستا ئەلبوومێکی نوێم ئامادەیە کە هەشت گۆرانییە و دوویان مەقامن، هۆنراوە و ئاوازی خۆمە و مامۆستا عەبدوڵڵا جەمال کاری تێدا کردووە، بەڵام بەهۆی بارودۆخەوە پێناچێت ئەمساڵ بڵاوی بکەمەوە.

**رووداو: بۆچی بەرهەمی هاوبەشت نییە؟**

**سابووری:** زۆر لێی مورتاح نیم. حەز دەکەم لەگەڵ سارەنگی سەیفیزادە بیڵێم، دەنگێکی زۆر جیاواز و خۆشی هەیە.

**رووداو: پێت گوتووە؟**

**سابووری:** نەخێر، ئەگەر دەرفەت هەبوو پێی دەڵێم.

**رووداو: پێت خۆشە گۆرانییەکانی خالقی بڵێیتەوە؟**

**سابووری:** نەخێر، چونکە گوناهە ئەوگۆرانییانە بگوترێنەوە، بەبۆچوونی من بۆ گوتنەوەی گۆرانی

## حەز ناکەم بگەڕێمەوە ئێران

هونەرمەندە مەزنەکانی رابردوو هەتا خۆیان لە ژیاندان گۆرانییەکانیان نەگوترێنەوە، بەڵکو دوای کۆچی دواییان بگوترێنەوە ئەوەش بەمەرجێک هەقی خۆی پێبدرێت.

**رووداو: سەرنجت لەسەر گۆرانیبێژانی ئێستا چییە؟**

**سابووری:** ئەو هەستەی لە دڵی ماملێ و زیرەک و سەید ئەسغەر و خالقیدا هەبوو، ئەو هەستە لە دڵی گۆرانیبێژانی ئێستادا نییە.

## که یەکەمجار مەزهەری خالقیم بینی گریام

## پێمخۆشە دوێت لەگەڵ سارەنگی سەیفیزادە بکەم

---

چیمەن رەحمانی کچە گۆرانیبێژی کورد بۆ (رووداو):

# دەمەوێ لەپشت کارە هونەرییەکانمەوە پەیامێک هەبێت



چیمەن رەحمانی، خانمە گۆرانیبێژی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، دانیشتووی شاری کرماشانە و تاقە کچی هونەرمەندی کۆچکردووی کورد یەدوڵڵا رەحمانییە. دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاریی کشتوکاڵە. ئەمساڵ یەکەم کلیپی گۆرانی بەنێوی "یەک لە هەزاران" بڵاوکردەوە کە بەرهەمێکی ئۆرکێسترایی تایبەت بوو بە ژنان. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) زانیاری زۆرتر لەبارەی خۆی و کارەکانییەوە دەدرکێنێ.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

## پێمخۆشە چەند کارێکی باوکم نوێ بکەمەوە

**رووداو: تۆ کچی کەسایەتییەکی هونەریی رۆژهەڵاتیت ئەویش یەدوڵڵای رەحمانییە، بۆچی وا درەنگ دەستت بە کاری هونەری کرد؟**

**چیمەن رەحمانی:** سەرەتا باوکم بەو شێوەیە نەبوو کە بڵێت دەبێ گۆرانی بڵێی، یاخود بۆ گۆرانیگوتن هانم بدات، بەڵام کاتێک زانی حەزم لە هونەرە هاوکاری کردم.

**رووداو: لە تەمەنی چەند ساڵییەوە دەستت بە گۆرانیگوتن کردووە؟**

**چیمەن رەحمانی:** بیرمە تەمەنم شەش ساڵان بوو، ئەوکات کە دەچووینە دەشت و دەر بۆ سەیران، باوکم گۆرانییەکانی هونەرمەند ناسر رەزازی دەگوتەوە، منیش بەدوای ئەودا دەمگوتنەوە، بەڵام وەکو پیشەییبوونی زیاتر لە هەژدە ساڵییەوە دەستمپێکرد. باوکم خەونی ئەوە بوو لە پڕۆگرامێکدا کە خۆی گۆرانی تێدا دەڵێت پێکەوە گۆرانی بڵێین و بمناسێنێ و دەیگوت دەمەوێت بە کارێکی گەورە دەست بەکاری هونەری بکەیت نەک بە کارێکی بچووک و دواتر لەبیر بچیتەوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی کۆچی دوایی باوکمەوە کە پێنج ساڵ لەمەوبەر بوو، ئەو دەرفەتە نەگونجا، لە ئێرانیش نەدەبوو ئافرەت بە تەنیا گۆرانی بڵێت.

**رووداو: بەڵام ئافرەتانی دیکەی رۆژهەڵات و فارسیش بە تەنیا یاخود لەگەڵ گرووپدا گۆرانییان گوتووە، بۆچی ئەو دەرفەتە بۆ تۆ نەگونجا؟**

**چیمەن رەحمانی:** ئەوە لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا بووە، پێشتر وا نەبوو.

**رووداو: ئەمساڵ یەکەمین بەرهەمت بەنێوی "یەک لە هەزاران" بڵاوکردەوە کە زیاتر بەرهەمێکی ژنانەیە، بۆچی یەکەم بەرهەمت بۆ ژنان بوو؟**

**چیمەن رەحمانی:** دەمویست یەکەمین بەرهەمم کارێکی گەورە بێت، بۆ ئەو گۆرانییەش هۆنراوە و ئاواز و سپۆنسەرێکی باش ئامادە بوو، مەبەستی بەرهەمەکەش ئەوەیە خۆم زۆر دڵگرانم لەو دۆخەی ژنان لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا هەیانە و بەردەوام لە خەیاڵمدا بوو چیرۆکی ناڕەحەتیی ژنان بکەمە بەرهەمێک.

**رووداو: زۆربەی ئەوانەی گۆرانییەکەیان بینیوە رەنگە لە نێوەڕۆکەکەی تێنەگەن، دەکرێت بزانین مەبەستت لێی چی بوو؟**

**چیمەن رەحمانی:** نێوەڕۆکەکەی باسی ژیانی کچێکی کورد دەکات کە لەو رۆژەوەی دێتە دنیاوە تا کۆچی دوایی دەکات ژیانی لە ناڕەحەتیدایە، بۆ نموونە کاتێک دێتە دنیاوە وەکو زۆربەی خێزانەکانی

## دەتوانم لەسەر هەموو ستایلێک کار بکەم

دیکە کە حەز ناکەن کچیان ببێت، دەڵێن کچمان بووە و وەجاخمان کوێرە، پاشان بە هەرزەکاری خەتەنە دەکرێت. دوای خەتەنەکردنیش بە زۆر بەشوو دەدرێت. کاتێک شوو دەکات لەلایەن هاوژینەکەیەوە توندوتیژی بەرامبەر دەکرێ، بۆیە ئەویش خۆی دەسووتێنێ.

**رووداو: کلیپەکە کارێکی جیاوازە، لە کوێ کراوە؟**

**چیمەن رەحمانی:** هەر لە شاری کرماشان کردوومانە.

**رووداو: مەرجە بەرهەمەکانت تایبەت بن بە ژن؟**

**چیمەن رەحمانی:** راستییەکەی لە کاری هونەریدا ناتوانی پێشبینی بکەیت کە لە داهاتوودا کارەکانت چۆن دەبن، بەڵام دەمەوێت کارەکانم پەیامێکیان لە پشتەوە بێت.

**رووداو: بەرهەمی نوێت چییە؟**

**چیمەن رەحمانی:** کارێکی نەتەوەییە، هۆنراوەی سیمین چایچی و سامان یەزدانپوور ئاوازدانەری گۆرانییەکەی پێشوو ئاوازی بۆ دادەنێت، ئەویش باس لەو ژنانە دەکات کە پێشمەرگەن.

**رووداو: کەی بە نیازی ئەلبوومی؟**

**چیمەن رەحمانی:** پێم خۆشە ئەلبووم بڵاوبکەمەوە، بەڵام دەبێت هۆنراوە و ئاوازی باش ئامادە بێت.

**رووداو: وا دەردەکەوێت کە دەتەوێت لەسەرخۆ کار بکەیت؟**

**چیمەن رەحمانی:** بەڵێ راستە، چونکە لە پاڵ کاری هونەریدا و لەبەرئەوەی ئەندازیاری کشتوکاڵیشم،

## باوکم حەزی دەکرد بە ئیشێکی گەورە دەست بەکاری هونەری بکەم

سەرقاڵی پڕۆژەی دروستکردنی قارچکم.

**رووداو: پێت باشە گۆرانییەکانی باوکت نوێ بکەیتەوە؟**

**چیمەن رەحمانی:** بەڵێ بەرهەمی باشی هەیە، پێشتریش لە ئەلبوومەکانی یادی جارانی ئینستتیوتی مامۆستا مەزهەری خالقی بڵاوکرایەوە، پێمخۆشە یەک دوو کاری نوێ بکەمەوە.

**رووداو: حەز دەکەی بە چ ستایلێک گۆرانی بڵێی؟**

**چیمەن رەحمانی:** هەموو ستایلەکان، ئەوەی یەک لە هەزاران و کارەکەی داهاتووش ئۆرکستراییین، بەڵام ئاساییە لەسەر پۆپ و سوننەتیش کار بکەم.

**رووداو: یەکەم و دووەم کارت بە ئۆرکسترایی، قورس نییە؟**

**چیمەن رەحمانی:** نەخێر، لەبەرئەوەی پێشتر شارەزای کارەکان بووم.

**رووداو: شووت کردووە؟**

**چیمەن رەحمانی:** دەستگیراندارم.

**رووداو: دەستگیرانەکەت کاری چییە؟**

**چیمەن رەحمانی:** رێکخستنی کۆنسێرت، زۆر هاوکاریشم دەکات.


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
بەشێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - رێگای کەرکوك - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
1121
100%
MAHMOOD RICE


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder



## خوشکانی کۆمەڵ سکرتێریان هەڵبژارد

**ڕووداو- سلێمانی**

ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی سەر بە کۆمەڵی ئیسلامی سکرتێرێکی نوێیان هەڵبژارد کە کچی پێشەوای کۆچکردووی حیزبەکەیانە، ڕۆژی 2016/4/9 ئەو ڕێکخراوە کۆنگرەی سێیەمیان لە شاری سلێمانی بەست، نەجیبە لەتیف، ئەندامی کۆنگرەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بە دەنگدانی نهێنی، قومرییە شێخ محەممەد بەرزنجی وەکو سکرتێری نوێ هەڵبژێردرا کە پێشتر قەدەمخێر عەبدوڵڵا بوو، ئەندامانی سکرتاریەتیش پێشتر شەش کەس بوون، بەڵام لەبەرئەوەی هەندێک لە پۆستەکان کران بە یەک، ئەوانیش بوونە پێنج کەس". پێشتر دروشمی ڕێکخراوەکەیان پەروەردە، خێزان، مافی ڕەوا بووە، بەڵام ئەمجارە مافی ڕەوایان بۆ گەشەپێدان گۆڕیوە.

### تا دەگاتە 14 ساڵان دوو جار بەشوو دەدرێ

# قەرزەکانی مێردەکەی بە سێکس دایەوە



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەرکووک**

ئەو کەیسـەی کە هەرگیز لە بیری دێرین و هاوکارەکانی ناچێتەوە کەیسی ژنێکی گەنجە کـە مێردەکەی ناچـاری کردووە لە بری ئەو کارتە مۆبایلانەی بە قەرز کڕیونی، سێکس لەگەڵ خاوەن قەرز بکات.

سەنتەری هیوا لە شاری کەرکووک ماوەی پێنج سـاڵە لەلایەن کۆمەڵەی هیوای عێراق بۆ داکۆکیکـردن لە ژنان کراوەتەوە، ڕۆژانە چەندیـن کێشـەی ژنان ڕوویـان تێدەکەن. بەپێی ئامارەکانی ئەو سەنتەرە کە دراونەتە (ڕووداو)، لە دامەزراندنیەوە تاوەکو ئێسـتا 2938 ژن کە کێشـەیان هەبووە، سەردانی سەنتەرەکەیان کردووە.

بـە گوتەی دێرین عەبدولجەبار، توێژەری کۆمەڵایەتی لە سەنتەری هیوا، ساڵ بە ساڵ ئامارەکانـی توندوتیـژی بەرامبـەر ژنان لە شاری کەرکووک هەڵدەکشێ، هۆکارەکەشی بۆ خراپیی باری دارایی خێزانەکان و هاتنی ژمارەیەکی زۆر ئاوارە بۆ شـاری کەرکووک گەڕاندەوە.

### مێردەکەی بە ناچاری سێکسی پێکرد

هـەر ژنێـک دەچێتـە ئـەو سـەنتەرە، چیرۆکـی ژیانـی خـۆی بـۆ توێژەرانـی کۆمەڵایەتیـی سـەنتەرەکە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی چارەسـەرێکی بۆ دابنێن و ڕێنمایی بکەن چۆن بەسەر کێشەکانیدا زاڵ ببێ.

هەندێک لەو چیرۆکانە هەسـت هەژێنن و باوەڕکردنیان ئەسـتەمە، وەک چیرۆکی ئەو کچـەی تاوەکو تەمەنی 13 سـاڵی دووجار بە شوودراوە.

دێریـن بەسـەرهاتی ئـەو کچـەی بـۆ (ڕووداو) گێڕایـەوە و گوتـی "ئـەو کچە لە تەمەنـی نۆ سـاڵیدا لـە ئامۆزایەکی خۆی مارەکرابـوو، بەڵام دوای دوو سـاڵ و پێش ئـەوەی بگوازرێتەوە، تەڵاقدرا، پاشـان لە تەمەنی 13 سـاڵی لـە کوڕە پوورێکی مارە کـراوە، بـەڵام مێردەکەی زۆر خـراپ بووە لەگەڵی و خەرجی نەکێشاوە".

مێردەکـەی هـەر بـەوەش نەوەسـتاوە، بەڵکو ناچاری کردووە سێکس لەگەڵ خەڵک بـکات. دێرین گوتی "مێردی ئەو ژنە پارەی کارتی مۆبایـل قەرزدار بووە، دووکاندارەکە تەنـگاوی کردووە قەرزەکەی بداتەوە، بەڵام ئەو پـارەی نەبـووە، بۆیە ژنەکـەی ناچار کردووە سـێکس لەگـەڵ خـاوەن قەرزەکە بکات".

ژنەکە بـۆ دێرینی گێڕاوەتەوە "ڕۆژێکیان مێردەکـەم لەگـەڵ هاوڕێیەکـی بەنێـوی بازاڕکردن منیان بردە دەرەوە، بەڵام چوونە دەرەوەی شار، منیش پێمگوتن ئێرە ڕێگەی بـازاڕ نییـە بۆ کـوێ دەچیـن؟ مێردەکەم پێیگوتـم بێدەنگ بـە، من قـەرزداری ئەو پیـاوەم و دەبێـت سێکسـی لەگـەڵ بکەی بـۆ ئەوەی لێـم خۆش ببـێ، مێردەکەم لە ئۆتۆمبێلەکـە دابـەزی و کەمێـک لێمـان دوورکەوتەوە، هاوڕێکەشی لەنێو ئۆتۆمبێل سێکسی لەگەڵ کردم".

ئـەو کارمەنـدەی کۆمەڵـەی هیـوا بـە سەرسوڕمانەوە باسـی بڕی قەرزەکەی کرد و گوتـی "ئـەو پیـاوە تەنیا پـارەی چەند کارتێکی مۆبایل قەرزدار بووە".

بـە گوتـەی دێریـن، ژنەکـە نەیوێـراوە ماڵـی باوکی لـەو ڕووداوە ئاگادار بکاتەوە، بەڵام دەسـتبەجێ ماڵی خـەزووری ئاگادار کردووەتەوە و ئەوانیش جگە لەوەی باوەڕیان پێنەکـردووە، سوکایەتیشـیان پێکردووە و گوتی "ژنەکە ناچار بووە شـەوێک لە ماڵی خۆی ڕابکات و بەو هۆیەوە ژنێکی ناسـیوە و شـەو لـە ماڵیانـدا ڕۆژی کردووەتـەوە و دواتریـش ڕووی لـە شـەڵتەرێکی ژنـان لە هەرێمی کوردستان کرد".

دوای دوو ڕۆژ لە دیارنەمانی، ماڵی باوکی کوڕەکە بەدواداچوون دەکەن و پەیوەندی بە سەنتەری هیواوە دەکەن، ئەوانیش لەڕێگەی شەڵتەرەکەوە دۆزیویانەتەوە و پەیوەندییان بە ماڵی خەزوورییەوە کردووەتەوە.

دێرین گوتی "ئەو ڕۆژەی ماڵی خەزووریمان لە دۆزینەوەی ژنەکە ئاگادار کردەوە، دوای چەنـد کاژێرێـک ماڵـی باوکیشـی هاتن بۆ لامـان کـە تـازە زانیبوویـان کچەکەیان لە ماڵەوە ڕایکردووە و بە حاڵەتەکەشیان زانی و شکاتیان لە مێرد و هاوڕێکەی کرد، بەڵام بەهـۆی خزمایەتییـان، دوای چەند ڕۆژێک زیندانیکردنیـان بە کەفالەت ئازادکران". بە گوتەی دێریـن، بەڵێننامەیان بە مێردەکەی پڕکردووەتەوە کە لەگەڵ ژنەکەی باش بێت، ئێستاش لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانی ئەو ژن و مێردەن.

### دراوسێکەیان فریوی دا

دێرین باسـی دۆسـیەی ژنێکـی دیکەی تەمـەن 28 سـاڵی خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی کـرد کـە سـاڵی 2013 بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکەی ڕووی تێکـردوون. ژنەکـە مێـردی بـە پیاوێکی دانیشتووی شاری کەرکووک کردووە، بەڵام هیچ منداڵیان نەبووە. ئەو ژنە دۆستایەتی لەگەڵ دراوسـێیەکیان هەبووە، مێردەکەی دڵـی لێـی پیـس کـردووە و نێوانیـان تێکچووە، چەند جارێک لێیداوە و پاشـان دەریکردووە.

دێریـن گوتـی "دراوسـێیەک هاتووەتە نێوانیـان بـۆ ئـەوەی کێشـەکەیان بـۆ چارەسەر بکات، ژنەکەی بردووەتەوە ماڵی خۆی، بەڵام مێردەکەی بە بیانووی ئەوەی ژنەکـەی خیانەتی لێکـردووە ڕازی نەبووە ژنەکەی بگەڕێتەوە، پاشـان دراوسێکەیان هـەر چۆنێک بێت قەناعـەت بە ژنە دێنێ، شووی پێ بکات".

ئەو ژنە سـێ منداڵی لـەو پیاوە بووە، بەڵام دێریـن دەڵێت "پیاوەکە ناسـنامەی منداڵەکانی خسـتووەتە سـەر نـاوی ژنی یەکەمـی". ژنەکە ئەوەشـی قبوڵ کردووە، بـەڵام لـە هەمووی ناخۆشـتر ئـەوە بووە کاتێـک ژنەکـە خانوویەکـی سـەربەخۆی گرتـووە و مێردەکـەی جێهێشـتووە، مێردەکەی ویسـتوویەتی سومعەی لەکەدار بکات.

دێریـن گوتـی "ئـەو پیـاوە هاوڕێـی سـەرخۆش و مێبازی ناردووەتە سەر ماڵی ژنەکـە، بۆ ئەوەی سـێکس لەگەڵ ئەو ژنە بکـەن و سـومعەی لەکەدار بـکات، بەڵام ئـەو ڕەتیکردووەتەوە و دواتریش بە پلانی مێردەکەی زانیوە".

### بەدخۆراکی بەهۆی باوەژن

سـەنتەری هیـوا لەلایـەن یەکێـک لـە بنکەکانـی پۆلیسـی شـاری کەرکووکەوە لـە دۆسـیەی کچێکـی تەمـەن حـەوت سـاڵی ئاگادارکراونەتـەوە کـە لەلایـەن باوەژنەکەیەوە توندوتیژی بەرامبەر کراوە. بـە گوتەی دێرین، ئەو کچە تەمەنی سـێ مانگ بـووە کاتێک دایکی مـردووە، دواتر باوکی ژنێکی دیکەی هێناوە.

دێریـن گوتـی "باوەژنەکـە مامەڵـەی لەگـەڵ ئەو کچـە زۆر خراپ بـووە و وای لێهاتووە ڕۆژانە ئیشـی ماڵەکەی بەو کچە کـردووە و کاتێک باوکـی ڕۆژانە پارەی بۆ کچەکەی داناوە، لێی سـەندووە و بێ پارە و نانخواردن بـۆ قوتابخانەی ناردووە، بەو هۆیەشەوە تووشی بەدخۆراکی بووە".

بە قسـەی کارمەندەکـەی هیوا، ڕۆژێک لـە ماڵەوە باوەژنەکەی گوشـاری لەسـەر دروستکردووە کە دەبێت قاپەکان بشوات، کچەکـە لەبەر لاوازی و بێهێزبوونی، بەدیار قاپەکانـەوە خەوی لێکەوتـووە، بەڵام کە باوەژنەکـەی ئـەوەی بینیوە، بـێ ئەوەی بەخەبەری بهێنێ، بە دیوارەکەیدا کێشـاوە و بـە ئاوی گەرمیـش ڕانی سـووتاندووە. ڕۆژی دوای ڕووداوەکە ئەو کچە چووەتەوە بـۆ قوتابخانـە، لـەوێ مامۆسـتایەکی بردوویەتی بۆ نەخۆشـخانە و پۆلیسەکانی لە دۆسیەکەی ئاگادار کردووەتەوە.

دێریـن گوتـی "لـە بنکەیەکـی پۆلیس بـاوک و باوەژنەکەیـان بانـگ کـردوون و باوەژنەکە کۆمەڵێک قسـەی ناڕاستی کرد و باوکەکـەش گوتـی ئـاگادار نەبـووم"، بەڵام دێرین بەگومانە لەو قسـەیەی باوکی و گوتـی "قەت بـاوەڕ بە باوکـی ناکەین، چونکـە ناکرێـت کچەکـەت بەو شـێوەیە ببینی و نەزانیت بۆچی وای لێدێت".

بەگوتـەی دێریـن، لەلایـەن دادوەرەوە بـاوک و باوەژنی منداڵەکە 25 ڕۆژ زیندانی کـران و دواتـر بەهـۆی خزمایەتییانـەوە، خاڵی منداڵەکە داواکەی کشـاندووەتەوە و ڕێککەوتوون لەسـەر ئەوەی کچەکە بدەنە نەنکـی و باوکیشـی خەرجـی بکێشـێت. ئێستا کچەکە لای دایکی دایکێتی.



# دڵنیا بۆچی خۆی سووتاند؟

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- پشدەر**

لەو ڕۆژەوە کە دڵنیا خۆی سووتاندووە، کەسـوکارەکەی بـەدوای وەڵامـی ئـەو پرسـیارەدا وێڵـن کـە کچەکەیـان بۆچی خۆی سـووتاند، بـەڵام کـەس وەڵامێکی دروسـتی دەسـتناکەوێت. ئـەوان دەڵێن دڵنیا هیچ کێشـەیەکی نەبوو، خۆیشی لە نەخۆشـخانە گوتبووی: "بێزار بووم، بۆیە خۆم سووتاند".

ڕۆژی 2016/4/6 کچێکـی تەمـەن 19 ساڵ بە نێوی دڵنیا خدر عەلی، دانیشتووی گەڕەکی ڕاپەڕین لە شارۆچکەی قەڵادزێ، لـە نێو ماڵەکەی خۆیانـدا نەوتی بەخۆیدا کـرد و ئاگری لە جەسـتەی خـۆی بەردا، بەڵام دیار نییە بۆچی خۆی سووتاندووە.

دڵنیا سەرەتا لە نەخۆشخانەی گشتیی قەڵادزێ چارەسەری بۆ کرا، بەڵام بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی کە لە سەرووی 90% بـوو، بەڕێکـرا بـۆ نەخۆشـخانەی فریاکەوتنـی سـلێمانی. دڵنیـا 24 کاژێر لەژێـر چاودێریـی پزیشـکەکاندا مایەوە. ڕێـژەی سـووتانەکەی بەجۆرێـک بوو کە پزیشـکەکان نەتوانن هیچی بۆ بکەن و لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو.

بـە گوتـەی کەسـوکارەکەی، دڵنیا لە نەخۆشخانە گوتوویەتی کە زۆر پەشیمانە لەوەی خۆی سـووتاندووە و داوای کردووە دوعای چاکبوونەوەی بۆ بکەن.

بـۆ مەحمـوود حاجـی قادر کـە کوڕە پووری دڵنیایە، خۆسووتاندنی دڵنیا وەکو مەتەڵێکی لێهاتووە و وەڵامەکەی نازانێت.

مەحموود کە بەنێـوی بنەماڵەکەیانەوە قسـەی بـۆ (ڕووداو) کـرد، گوتـی "پوورزاکـەم کچێکی زۆر بـاش بوو، هەتا بڵێـی کەسـێکی ڕووخۆش و قسـەخۆش بوو، ڕۆژی پێش ئەوەی خۆی بسـووتێنێ لە ماڵی ئێمە بوو لە ڕانیە، نە خۆی و نە دایکی و خوشـکەکانی و برا تاقانەکەشـی هیچ کێشـەیان نەبوو، بۆیە نازانین بۆچی خۆی سووتاندووە".

بەگوێـرەی قسـەی کەسـوکارەکەی، لـە کاتـی ڕووداوەکـە دڵنیا بـە تەنیا لە ماڵەوە بووە، بۆیە پێدەچێ پێشـتر پلانی خۆسووتاندنی هەبووبێ. مەحموود دەڵێت "لـە کاتی ڕووداوەکەدا بە تەنیا لە ماڵەوە بـووە، پێدەچـێ دەرفەتی لـە چۆڵبوونی ماڵەکەیـان وەرگرتبـێ و ئاگـری لە خۆی بەردابێ".

هەر شتێک لەبارەی خۆسووتاندنی ئەو کچـە لـە دەرەوەی خێزانەکەیان بگوترێ، بـەلای مەحموودەوە "بەتاڵـە". مەحموود دەڵێت: "هەر سـیناریۆیەک یان قسەیەک لەسـەر خۆسـووتاندنی ئەو کچە بگوترێ ئێمـە ڕەتیدەکەینـەوە. ئێمە کە نزیکترین کەسـی دڵنیایـن، نازانیـن بۆچـی خۆی سووتاندووە، خەڵک چۆن دەزانێت!".

لەسـەر ڕووداوەکـە کـەس سـکاڵای تۆمـار نەکـردووە و کەسـیش دەسـتگیر نەکـراوە. مەحمـوود دەڵێـت "کـەس بە تۆمەتبـار نازانین، چونکە کەس کێشـەی لەگـەڵ دڵنیا نەبـووە. دڵنیاش کێشـەی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری نەبـووە، بۆیـە نازانین لەسەرچی و بۆچی خۆی سووتاند، کەسـیش نەهاتووەتـە خوازبێنـی و پێی نەدرابێ، تاوەکو بڵێین لەسـەر مەسەلەی خۆشەویسـتی خـۆی سـووتاندبێ. دوای خۆیشی هیچی جێنەهێشتووە کە هۆکاری خۆسـووتاندنەکەی بـاس کردبـێ، یـان کەسـێکی تۆمەتبار کردبێ، بۆیە ناتوانین کەس خەتابار بکەین".

سەبارەت بە دوا قسەی دڵنیا بەرلەوەی گیانـی دەربچێ، مەحموود گوتی "دڵنیا لە نەخۆشـخانە تەنیا ئەوەندەی گوت کە زۆر پەشـیمانە لەوەی خۆی سووتاندووە، بـەڵام لـە ژیانی خـۆی بێزار بـووە بۆیە خـۆی سـووتاند. داوای دەکـرد دووعـای چاکبوونەوەی بۆ بکەین".

ڕائیـدی پۆلیس مسـتەفا محەممـەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕیـن، خۆسـووتاندنی ئـەو کچەی بۆ (ڕووداو) پشتڕاسـت کـردەوە و گوتـی "لـە ئەنجامـی لێکۆڵینەوەی سـەرەتایی دەرکەوتـووە ئـەو کچـە نەوتـی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لـە خۆی بەرداوە. دوای ڕووداوەکـە تیمەکانـی پۆلیس سـەردانی شـوێنی ڕووداوەکەیان کـرد و هێڵکارییان بـۆ کرد، بـەڵام نازانرێت ئـەو کچە بۆچی خۆی سووتاندووە".

هەموو ئەوانەی قسـە دەکـەن، دەڵێن خۆی سـووتاندووە، بەڵام کەسیان نهێنی خۆسـووتاندنەکەی نازانـن. عوسـمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی نەخۆشـخانەی قـەڵادزێ بـە (ڕووداو)ی گـوت "ئەو کچە نەوتـی بەخۆیدا کردبوو، ئینجـا ئاگری لەخـۆی بەردابوو، نزیکەی 97%ی جەستەی سووتابوو، بۆیە بەڕێکرا بۆ نەخۆشـخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، تەنیا شـەوێک لە نەخۆشـخانە مایەوە و گیانی دەرچوو".

ژوان بەکـر ئەحمـەد، لەبـارەی خۆسـووتاندنی ئەو کچـە دەڵێت، مەرج نییـە ئـەو کچـە توندوتیـژی بەرامبەر کرابـێ و ئـەوەش هـۆکار بووبـێ بـۆ خۆسـووتاندنەکەی، ڕەنگە هۆکارەکەی "شەخسی" بێت.

بەبـڕوای ئـەو توێـژەرە دەروونییە، ڕەنگە هۆکارێکی خودی وەکو سـووڕی مانگانـە وا لـە کچێـک بـکات پەنا بۆ خۆسـووتاندن ببـات. ژوان دەڵێـت "زۆرجـار دەڵێـن ئافرەتێـک بەبێ هۆ خـۆی لەناو بـردووە، بـەڵام حەتمەن هۆکارێک هەیە، ئەگەر ژنەکە کێشـەی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری نەبـێ، بـە دڵنیاییەوە کێشـەی تەندروسـتی یان دەروونـی هەیـە، لـە نێـو خانمانـدا جۆریک لە شەرم هەیە کاتێک تووشی شـڵەژانی دەروونـی و خەمۆکـی و ڕەشـبینی دەبن، بەهۆی نارێکی یان بەهـۆی ئـازاری سـووڕی مانگانەوە، لەو حاڵەتەدا نارێکی لە هۆرمۆنەکان ڕوودەدات، ڕەنگـە ئـەوەش ببێتـە هۆکارێک بۆ خۆلەناوبردن".



## بە پەتی جۆلانە دەخنکێ

**عومەر چاوشین / ڕووداو – ڕانیە**

لە گەڕەکێکی شـارۆچکەی ڕانیە، هەرزەکارێکی تەمەن 14 سـاڵان لە کاتی جۆلانەکردندا پەتی جۆلانەکە لە ملی دەئاڵێت و دەخنکێت. ڕائید مسـتەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت، کاژێر هەشتی شەوی 2016/4/5 تەرمی کوڕێکی تەمەن 14 ساڵ بەناوی مەریوان خدر برایم کە دانیشتووی گەڕەکی کێوەڕەشی قەزای ڕانیە بووە گەیەندرایە بەشی پزیشکی دادوەری نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە. بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەرکەوتووە ئەو گەنجە لە ماڵەوە جۆلانەی کردووە، پەتی جولانەکە لە ملی ئاڵاوەو بەو هۆیەوە خنکاوە. پۆلیس دۆسیەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە.

# گەنجێک لەسەر ڕاوکردنی چەقەڵ دەکوژرێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەڵەبجەی شەهید**

لەسـەر ڕاوکردنی چەقەڵێک، دەمەقاڵێ لە نێوان دوو گەنج و سـێ برا لە باخێکی دەوروبـەری هەڵەبجـە ڕوودەدات و پاشـان لەلایـەن براکانەوە تەقـە لەو دوو گەنجـە دەکرێ، لـە ئەنجامـدا یەکێک لە گەنجـەکان دەکوژرێ و ئەوی دیکەشـیان بریندار دەبێت. هەرسـێ براکەش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون.

ئـەم ڕووداوە پـاش نیـوەڕۆی ڕۆژی 2016/4/3 لە باخێکـی گوندی زەمەقیی خوارووی سـەر بە شاری هەڵەبجە ڕوویدا. دوو گەنجی دانیشتووی هەڵەبجە بە سەگ و چەکەوە و بەمەبەستی ڕاوکردنی چەقەڵ چوونەتە نێو باخێک، بەڵام لەسەر ئەوەی چوونەتە نێو باخەکە، لەگەڵ چەند کەسێک کـە دەگوترێ یەکێکیان باخەوانەکە بووە، بووەتە شەڕیان و لەئەنجامی بەکارهێنانی چەکیشـدا، مەروان عوسـمان، تەمەن 22 سـاڵ بە فیشـەکی تاپڕ کوژراوە و شڤان شـەفیق 21 سـاڵیش کە هاوڕێـی مەروان بووە، بریندار بووە.

یەکێک لە دانیشـتووانی گوندەکە کە لە کێڵگەیەکی پەلـەوەری نزیک باخەکە کار دەکات، گوتـی "دەڵێـن ئەو کەسـانە بۆ ڕاوکردن چوونەتە نێو باخەکە، ئەوانەشـی لە نێو باخەکە بوون، گوتوویانە سەگەکان ببەنە دەرەوە با سەوزەکان پیس نەکەن".

بەپێـی زانیارییەکانـی (ڕووداو)، مەروان کۆتایی مانگی ڕابردوو گرێبەسـتی کارکردنی لەگەڵ کۆمپانیایەک تەواو بووە، ئەو ڕۆژە پەیوەندی بە شڤانەوە کردووە بۆ ئەوەی پێکەوە بچنە ڕاو و شکار.

شـەفیق مسـتەفا، باوکی شـڤان بـە (ڕووداو)ی گـوت، کوڕەکـەی نزیکـەی 29 سـاچمەی تاپـڕی پێوەیـە. دوای ڕووداوەکـە پەیوەنـدی پێـوە کـردووە و گوتوویەتی "تەقەمـان لێکراوە، بریندارین و وەرن بەهانامانـەوە". هەروەهـا دوای نەشـتەرگەریش هەر ئەوەنـدەی بە باوکی گوتووە کە بۆ ڕاوکردن چوونەتە باخەکەوە و خاوەن باخەکەش لەوە تووڕە بووە.

مسـتەفا لـە زاری کوڕەکەیـەوە گوتی "یەکێک لەوان بە تاپڕ فیشەکی پێوە ناون و بەو هۆیەوە مەروان کوژراوە و شـڤانیش بریندار بووە".

بـاران محەممەد، پـورزای مـەروان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد، مـەروان خولیـای بەخێوکردنی پەلەوەر بـوو، لە باخەکەیدا ژوورێکـی بۆ دروسـتکردبوون، ئـەو ڕۆژە لەگـەڵ هاوڕێکـەی چـووە سـەرێک لـە پەلەوەرەکانی بدات و بینیویەتی مریشـک و چەنـد پەلەوەرێکـی خـوراون و گومانی کردووە چەقەڵ پەلەوەرەکانی خواردبێت، بە هاوڕێکەی گوتووە لەوانەیە لە باخەکانی نزیـک خۆمان بێت، بە چەک و سـەگەوە ڕۆیشتوون بۆ کوشتنی چەقەڵ.

باران گوتـی "باخەوانەکـە پێیگوتوون سەگ مەهێننە نێو باخەکە، بەو هۆیەشەوە شـەڕ لەنێوانیاندا دروستبووە، بەڵام پێش ئەوەی مەروان و شڤان تەقە بکەن، ئەوان کلاشینکۆف و تاپڕیان پێبووە و دەستیان بە تەقە کردووە".

بـاران ڕەتیکـردەوە مـەروان و شـڤان بەمەبەسـتی کێشـە و شـەڕ چووبنـە باخەکـەوە و گوتـی "ئـەوان بەگومانـی ئەوەی چەقـەڵ لەنێو باخەکـەدا هەبێت، ڕۆیشـتوون، نـەک بـۆ شـەڕکردن یاخود هەراسانکردنی ئەوان".

بـاران بـە مافـی خاوەنـی باخەکـەی دەزانێـت کە ڕێگە بـە خەڵک نەدات بچنە نێو باخەکـەی، بەڵام دەڵێـت دەیانتوانی سـکاڵایان لەسـەر تۆمـار بکـەن، یـان ئامۆژگارییان بکەن.

ماڵی شڤان و مەروان سکاڵا لە دژی سێ کەس تۆمار دەکەن کە بران. شـڤان گوتی "جارێ چاوەڕێی هەڵوێسـتی ماڵی مەروان دەکەیـن، چونکـە ئـەوان دۆسـیەکەیان گەورەتـرە، بەڵام بێگومان ئێمەش سـکاڵا تۆمـار دەکەیـن". بارانیش گوتی "سـکاڵا لەسـەر تەقەکـەرەکان تۆمـار دەکەیـن، ئەوەندەی ئاگاداریش بم هەوڵی عەشایەری بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکە هەیە". ئەو خزمـەی مـەروان کە پارێزەرە، گوتیشـی "بەدڵنیاییەوە پەنا بۆ یاسـا دەبەین و بیر لە تۆڵە ناکەینەوە".

پۆلیسـی هەڵەبجـە دەسـتیان بـە لێکۆڵینـەوە لـە ڕووداوەکـە کـردووە. ڕائیـد بـارزان عوسـمان، گوتەبێـژی بەڕێوەبەرایەتـی پۆلیسـی پارێـزگای هەڵەبجـە بـە (ڕووداو)ی گـوت "بەپێـی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەو ڕووداوە لە ئەنجامی دروسـتبوونی شـەڕ و دەمەبۆڵە لەنێوان چەند کەسـێکدا بووە و سێ براش بە تۆمەتـی کوشـتن و بریندارکردنی ئەو دوو گەنجـە دەسـتگیرکراون، لەبەرئەوەی بریندارەکەش لەژێر چارەسـەردایە، هێشتا گوتەی وەرنەگیراوە".

تۆمەتبـارەکان تەمەنیـان لـە نێـوان 25- 38 سـاڵیدایە، دوویـان کاسـبکار و یەکێکیشیان مامۆستایە. ماڵی کەسوکاری تۆمەتبارەکان لە ناحیەی سـیروانی نزیک هەڵەبجەیە، چەند ڕۆژێک دوای ڕووداوەکە (ڕووداو) سـەردانی کردن، بـەڵام ئامادە نەبوون لێدوان بدەن.

کوشـتن و برینداربوونی ئەو دوو گەنجە لـە کاتێکدایـە لە مـاوەی ئەمسـاڵدا دوو پیـاوی دیکەش لـە نێو شـاری هەڵەبجە کـوژران، یەکێکیان مریشـکفرۆش بووە و لەلایـەن شـاگردێکی خۆیەوە کـوژراوە و ئـەوەی دیکەش کاسـبکارێک بوو لەلایەن هاوڕێیەکی خۆیەوە کوژرا.



# براکەی خۆی لەسەر میرات کوشت

## کوڕی کوژراوەکە:
## بەهیچ شێوەیەک لە مامم خۆشنابین

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

دوو برا و دوو خوشک لەسەر میراتی باوکیان دەبێتە کێشەیان، کێشەکە بە جۆرێک درێژە دەکێشـێ کە پیاوە بەتەمەنەکانی بنەماڵەی دوو براکـە و خێزانەکانیـان بـۆ چارەسـەر دێنـە نێـو کێشـەکە. کێشـەیەک ڕەنگە بە جێبەجێکردنی پێشـنیازەکەی خوشـکەکان کۆتایی هاتبا، بەڵام براکان هێندەیان گەورە کرد، تاوەکو مەرگی یەکێکیانی لێکەوتەوە و ئەوی دیکەشیان کەوتە زیندانەوە.

ڕۆژی 2016/4/1 لـە قـەزای شـێخانی سـەر بە پارێـزگای دهـۆک پیاوێکی تەمەن 51 ساڵ، بەنێوی وەیسی محەممەد، لەلایەن (ع)ی بـرای کە تەمەنی نزیکەی 40 سـاڵە کـوژرا. وەیسـی پەیمانگـەی تەندروسـتی تەواوکـردووە، پاشـان چووەتـەوە کۆلێژ و بکالۆریۆسی لە یاسا بەدەستهێناوە. وەیسی کـە خاوەنـی پێنج منـداڵ بـوو، کارمەندی فەرمانگەی تەندروستی دهۆک بوو، براکەشی پێشمەرگەیە.

ڕائیـد هێمـن سـلێمان، گوتەبێـژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسـی پارێـزگای دهۆک بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد، تۆمەتبارەکـە هیـچ کێشـەیەکی دەروونی نەبـووە و تەنیا بەهـۆی دەمەقاڵێیەکـەوە لەگـەڵ براکەیدا ئـەو تاوانەی ئەنجامـداوە و گوتی "بکوژ بە چەکی کلاشینکۆف براکەی کوشتووە، دوای ڕووداوەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە و بەپێـی مادده 405 لە یاسـای سـزادانی عێراقی مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکەی دەکرێت".

ماددەی 405 لە یاسـای سزادانی عێراقی دەڵێت "هەر کەسێک بە ئەنقەست کەسێکی دیکە بکوژێـت، بە بەندکردنـی هەتاهەتایی یان کاتی سزا دەدرێت".

ئەو دوو برایە تەنیا دوو خوشکیان هەیە، باوکیـان نزیکـەی چـواردە سـاڵ لەمەوبەر کۆچـی دوایـی کـردووە، دایکیشـیان پێش باوکیـان مـردووە. نەوڕەس وەیسـی کوڕی کوژراوەکە بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، باپیری پێش مردنی، هیچ وەسیەتێکی نەکردووە بۆ چۆنیەتـی دابەشـکردنی خانووەکەی، بەڵام لەبەرئـەوەی ئەوان خانووی خۆیان هەبووە، مامـی لەگەڵ دوو پوورەکـەی لەو خانووەدا ژیاون کە لە پاش باوکیان بەجێماوە.

بـە گوتـەی نـەوڕەس، پوورەکانـی نانخواردنیشیان لەگەڵ ماڵی مامی جیابووە و گوتی "چەندین ساڵە مامم هەر دەیگوت ئەو خانووە دەفرۆشـم و خانوو بۆ خۆم دەکڕم، باوکیشـم دەیگوت ئاسـاییە بیفرۆشە، بەڵام دەبێـت هەقی مـن و دوو خوشکەکەشـمان بدەیت، بەڵام مامم ڕەتی دەکردەوە".

بەقسـەی نـەوڕەس، هەفتەیـەک پێش ڕووداوەکە و چەندین شـەو لـە ماڵی باوکی دایکی، بە ئامادەبوونی خوشـکەکانی باوکی و خاڵی و چەنـد خزمێکی دیکەیان، هەوڵی چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـەیەیان داوە، بـەڵام هـەر چارەسـەر نەبـووە. نـەوڕەس گوتـی "ئـەو شـەوە چووینـە ماڵـی خاڵم، پوورەکانم بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی ئەو خانووە، پێشـنیازیان کرد خۆیان خانووەکە هەڵبگرنـەوە و هەقی باوکم و مامم بدەن کە هەریەکەیان 20 هەزار دۆلاریان بەردەکەوت، بەڵام دیسان مامم دەیویست بەزۆر 10 هەزار دۆلارەکـەی هەقی باوکیشـم بۆ خۆی ببات، باوکیشم ڕازی نەبوو".

وەکـو نـەوڕەس گوتـی، دواتـر مامـی هەڕەشـەی کوشـتنی لـە باوکی کـردووە و دوای نیـو کاژێریـش چـووە کلاشـینکۆفی هێناوە "لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی دەستدرێژی گوللـەی بـە ژوورەکـەدا کـرد، دەویسـت هەموویـان بکوژێـت، بـەڵام بـەس باوکـم بەرکەوت و کوژرا".

خێزانـی وەیسـی ئامـادە نین لـە (ع)ی بـرای خۆش ببن. کوڕەکەی گوتی "قسـەی ئێمـە ئەوەیـە بەهیـچ شـێوەیەک لـە مامم خۆشـنابین و دەبێت هەتا مـاوە لە زینداندا بێـت"، سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی خێزانی مامیشـی گوتی "ئەویش ڕۆیشـتووەتەوە بۆ ماڵی باوکی".

هاوڕێیەکی وەیسـی کە بـە گوتەی خۆی نزیکەی بیسـت سـاڵە پێکەوەن و ئاگاداری دۆسـیەکەیە، گوتی "کێشـەکە تەنیا لەسەر ئـەو خانـووە بـووە، ئەگینا وەیسـی خۆی بـاری دارایی باش بووە و هیچ کێشـەیەکی دیکـەی لەگـەڵ براکەیـدا نەبـووە، بـەڵام وەکـو دەگوترێت براکەی بـاری دارایی باش نەبووە".





موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## پاکیزەیەک لە دەستی شوفێرێکدا

باوکێک پەیوەندی پێوەکردین و گوتی فریام بکـەون کچەکەم لە مـاڵ هەڵاتووە. کاتێک هاتە سـەر گێڕانەوەی باسـەکەی، دەرکەوت باوکەکە خـۆی هۆکاری ئەوە بووە کە کچەکەی بەو ڕۆژە بگات.

باوکەکە گوتی "کچەکەم تەمەنی 15 سـاڵە، بەبێ ئاگاداری ئێمە مۆبایلی بەکارهێناوە، نازانم چۆن مۆبایلەکەی دەسـتکەوتووە، جاری یەکەم بەخشـیم، بەڵام سـوێندم لێـی خـوارد ئەگەر ئەمجارە مۆبایلی لـێ بگرم نەیبەخشـم، بۆیە ئەمشـەو کە چوومە ژوورەکـەی بینیم مۆبایلی پێبـوو، کاتێک چاوی بە من کەوت هەر بە جلی نووستنەوە ڕایکرد و چووە دەرەوە".

دەستبەجێ هێزەکانی پۆلیسی فریاکەوتن و بازگـەکان لە ونبوونی کچەکە ئـاگادار کرانەوە. وەک بڵێی پۆلیس لە ئاسماندا بەدوای کچەکەدا دەگەڕا لەسەر زەوی دۆزرایەوە، بەرەبەیان کچەکە خۆی گەیاندە بنکەیەکی پۆلیس و لە هەڵاتنەکەی ئاگاداری کردنەوە.

جلی نووسـتنی کچەکە شڕ و شـێواو ببوو، قـژی تێکئاڵابـوو، بەپێی گێڕانـەوەی ئەو بێت، ئەگـەر ماڵەوەیـان نەبا، ئـەو بەو ڕۆژە ڕەشـە نەدەگەیشـت و ئەگەر بیزانیبا وای بەسـەر دێت هەرگیـز هەڵنەدەهـات. چونکـە ئەو لە ترسـی هەڕەشـەیەکی باوکی هەڵات کە ڕەنگە نەیبردبا سـەر، بەڵام کەوتە نێو دۆزەخێک بە سەلامەتی لێی دەرنەچوو.

کچەکە بەسـەرهاتی خۆی گێڕایەوە و گوتی "چەندینجار بە ماڵەوەم گوت دەمەوێ مۆبایلێکم هەبێت، چونکە هەمـوو هاوڕێکانم لە قوتابخانە مۆبایلیـان هەیە و تەنیا من نیمـە، بەڵام باوکم نەیدەهێشـت، بـرا بچووکەکەم کـە تەمەنی 13 سـاڵانە مۆبایلـی هەیە، بەڵام بۆ مـن نەبوو کە دوو سـاڵیش لـەو گەورەتر بـووم. بۆیە بەدزی ماڵەوەمـان مۆبایلێکـم کـڕی، ئەویش تەنیـا تەلەفۆنم بۆ دەستەخوشکێکم دەکرد. ئەوکاتەی باوکم هاتە ژوورەوە مۆبایلەکەم لەبەردەمی خۆم دانابوو، بەڵام باوکم بۆم هات، منیش زۆر ترسام و ڕامکرد".

کارەسـاتەکە لێرەوە دەستپێدەکات، کچەکە دەڵێـت "لـە دەرەوە دەسـتم بـۆ تاکسـییەک بەرزکـردەوە، هێنـدە ترسـابووم نەمدەزانـی چی دەڵێم، شـوفێرەکە گوتی بـۆ کوێ؟ تەنیا ئەوەنـدەم گوت: مۆبایلم لێ گیراوە ڕزگارم بکە. بەڵام ئەو گەنجە نەک هەر ڕزگاری نەکردم، بەڵکو منـی بردە دەرەوەی شـار و لەوێ دەسـتدرێژی کردە سەرم و بەجێیهێشتم".

کچەکە ڕەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی کرا و دوای پشکنین دەرکەوت کە دەستدرێژی کراوەتە سـەر، بۆیە دادوەر بڕیاری دا بە دەستگیرکردنی تۆمەتباری نەناسـراو و نادیار بەپێی مادده 393 لە یاسای سزادانی عێراقی. سزای ئەو تۆمەتبارە ئەگەر بدۆزرێتەوە و تۆمەتەکەی بەسـەردا ساخ ببێتەوە، زیندانی هەتاهەتایی یان کاتی دەبێت.


چیرۆکی ئەو کچە دەکرێ دوو وانەی تێدابێ، یەکێک بۆ بـاوکان و دایکان، ئەوەی دیکەش بۆ کچەکان. وانەی یەکەم: تەکنەلۆژیای سەردەم بە تایبەتیش مۆبایل بووەتە پێویستییەکی سەردەم و هیچ یاسـایەکیش ڕێگر نییـە لەوەی ئەو کچە مۆبایل بەکاربهێنێ، بۆیە باوکی کچەکە دەکرا لە ڕێگەی ئامۆژگارییەوە قەناعەت بە کچەکە بهێنێ کە هێشـتا زووە بۆئـەوەی مۆبایلی هەبێت، یان مۆبایلەکـەی بۆ بکڕێت و لە سـوود و زیانەکانی بەکارهێنانی ئاگاداری بکاتەوە.

وانـەی دووەم بۆ کچان: ڕاسـتە ئەو کچە لە ترسی باوکی ڕایکردووە، بەڵام هەموو جارێکیش ڕاکـردن چارەسـەر نییـە، دەکـرا ئەویـش بـە دیالۆگ مەسـەلەکە بـۆ باوکـی ڕوون بکاتەوە، یانیـش ئەگەر ڕایدەکرد بەرنامـەی هەبووایە کە پەنـا بباتـە بەر نزیکترین بنکـەی پۆلیس، یان نووسـینگەکانی بەدواداچوونـی توندوتیژی دژی ژنانی ئاگادارکردبایەوە بۆ ئەوەی بە فریای بچن.

کچەکـە ماوەیەکـی زۆر لە ماڵـی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشـەلێکراو مایەوە. لەو ماوەیەدا توانرا قەناعەت بە دایک و باوکی کچەکە بهێنرێ کە کچەیان قوربانییە و نابێ کاردانەوەی خراپیان بەرامبەر هەبـێ، پاش دڵنیابوونـەوەی دادگا و پۆلیس لـەوەی ژیانی کچەکە پارێـزراو دەبێت، بە پڕکردنەوەی بەڵێننامەیەک کچەکە ڕادەستی باوکی کرایەوە.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# لاپەڕەکانی پاناما.. باهۆزێک جیهان دەهەژێنێ




ڕێبوار قاسم
رووداو- هەولێر

هەموو شتەکان لە ئیمەیڵێکی سادەوە دەستیان پێکرد. لە کەسێک یان کەسانێکی نەناسراوەوە ئیمەیڵێک بۆ ڕۆژنامەنووسێکی ئەڵمانی دێت: "سڵاو. من کابرایەکم. زانیاریتان دەوێت؟" باستیان ئۆبەرمایەر، پەیامنێری ڕۆژنامەی زۆد دۆیچە سایتۆنگی ئەڵمانی یەکسەر بە "بەڵێ" وەڵام دەداتەوە. بێ ئەوەی خۆی و هیچ کەسێکی دیکە (جگە لە کابرا) بە خەیاڵیاندا بێت دوای ئەم "بەڵێ"یە چی ڕوودەدات.

لە پاش وەڵامەکەی ئۆبەرمایەر، 11 ملیۆن و 500 هەزار لاپەڕە دۆکیۆمێنت بۆ ئیمەیڵەکەی دەنێردرێت کە زانیاری سەبارەت بە چالاکییەکانی 40 ساڵی رابردووی کۆمپانیای ڕاوێژکاریی یاسایی "مۆساک فۆنێسکا"ی تێدایە. بۆ تێگەیشتن لە قەبارەی زانیارییەکانی ناو ئەم دۆسیە زەبەلاحە، دەبێت 38 هەزار کتێبی قەبارە مامناوەند بهێنینە بەرچاوی خۆمان. ئەم پاکێجە گەورەیە کە دواتر بە "لاپەڕەکانی پاناما" ناوی دەرکرد، ناوی دەیان کەسایەتی سیاسی، وەرزشی، هونەریی تێدایە کە سوودیان لە کۆمپانیا بیانییەکان وەرگرتووە بۆ ئەوەی سامانی خۆیان بشارنەوە و لە هەندێک حاڵەتیشدا خۆیان لە سیستەمی باجی وڵاتەکانیان بدزنەوە، یانیش لە ژێر پەردەوە چالاکیی نایاسایی بکەن.

ناردنی ئەم داتایانە بۆ ئیمەیڵی ئۆبەرمایەر و هاوڕێکەی فرێدریک ئۆبەرماییر لە ساڵی 2015، پرۆژەیەکی هاوکاریی بێوێنەی لە نێوان ڕۆژنامەنووسانی سەرانسەری جیهان لێکەوتەوە چونکە ڕۆژنامە ئەڵمانییەکە بە تەنیا دەرەقەتی تاوتوێکردنی ئەم ژمارە زۆرە لە بەڵگەنامە نەدەهات. دوای زیاتر لە یەک ساڵ هاوکاری، دواجار دامەزراوە میدیاییە بەشدارەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە، بە هەماهەنگیی لەگەڵ یەکدی "لاپەڕەکانی پاناما"یان بڵاوکردەوە. لە بەناوبانگترین بەشدارانی ئەم پرۆژەیە تۆڕی بی بی سی و گاردیەنی بەریتانی، لومۆندی فەرەنسی، لا ناسیۆنی ئەرجەنتینی و NDR و WDRی ئەڵمانی و هەفتەنامەی سۆناتگس زەیتونگی سویسری بوون.

## مۆساک فۆنێسکا.. کێشەکە چییە؟

مۆساک فۆنێسکا کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاریی یاساییە و ئێستا لە زیاتر لە 40 وڵاتی جیهاندا نووسینگەی هەیە و کاری بۆ 300 هەزار کۆمپانیا کردووە. کاری ئەم کۆمپانیایە پێشکەشکردنی ڕاوێژی یاساییە لە بوارەکانی یاسای بازرگانی، خزمەتگوزارییەکانی متمانە و وەبەرهێنان و یارمەتیدان لە دروستکردنی ستراکتوری کاری بزنس.

کۆمپانیایەکی لەمجۆرە دەتوانێت هەموو ئەم کارانە بەشێوەیەکی یاسایی بکات و ڕووبەڕووی هیچ لێپێچینەوەیەکی یاسایی نەبێتەوە. ئەی کێشەی مۆساک فۆنێسکا چییە؟ مۆساک فۆنێسکا، وەکوو زۆربەی کۆمپانیا هاوشێوەکانی خۆی، دەرفەتی وەبەرهێنان بۆ وەبەرهێنەران لە وڵاتانی دیکە دەستەبەر دەکات، بە تایبەتیش ئەو وڵاتانەی بڕی باج تێیاندا زۆر کەمە، لە هەمانکاتدا هەلی ئەوەش بۆ سەرمایەداران دەڕەخسێنێ کە داهاتی خۆیان بشارنەوە، واتە وڵاتی میواندار وەکوو "حەشارگەی باج"ی لێدێت بۆ سەرمایەدار و وەبەرهێنەرەکان.

بەکارهێنانی ئەمجۆرە لە کۆمپانیا کە بە کۆمپانیا "دوورە-کەنارەکان" ناسراون، لە وڵاتی میواندار نایاسایی نییە، لە کاتێکدا ئەم کۆمپانیایانە لە چوارچێوەی یاسای وەبەرهێنان و بازرگانیی وڵاتی میوانداردا کۆمپانیاکانی خۆیان لەو وڵاتەدا دامەزراندووە. هەر بۆیە پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە دەشێت زۆربەی ئەو کێشانەی هەتا ئێستا بەهۆی ئەم دۆکیۆمێنتانەوە بۆ سەرکردەی وڵاتان دروست بووە، هێندەی کێشەیەکی ئەخلاقی بێت، کێشەیەکی یاسایی نەبێت، ئەگەرچی لەو دۆکیۆمێنتانەی دزەیان کردووە ژمارەیەکی زۆریش حاڵەت بەدی دەکرێت کە کۆمپانیاکان بۆ ئامانجی نایاسایی، فێڵکردن، قاچاخی مادە هۆشبەرەکان، خۆدزینەوە لە باج و دەوردانەوەی سزا نێودەوڵەتییەکان بەکارهێنراون.

پاناما، یەکێکە لە یازدە ناوەندە بازرگانییە دوورە-کەنارەکانی جیهان. پێناسەی سندوقی نێودەوڵەتی دراو بۆ ئەم ناوەندانە بەمشێوەیەیە "ناوەندە داراییە دوورە-کەنارەکان ئەو وڵات یانیش سیستەمە یاساییەن کە خزمەتگوزاریی دارایی پێشکەش بەو کەس و لایەنانە دەکەن کە هاووڵاتی خۆی نین. ئەم خزمەتگوزارییەش لە ئاستێکدایە کە گەورەترە لە قەبارەی ئابووریی خۆماڵی وڵات یانیش سیستەمە یاساییەکە". ئەوەی وادەکات ئەمجۆرە ناوەندانە سەرنجی سەرمایەدار و وەبەرهێنەران رابکێشێت سێ خاڵی سەرەکییە:

1- خزمەتگوزاری پێشکەش بەو کەس و لایەنانە دەکات کە هاووڵاتی خۆی نین.

2- داوای زانیارییەکی زۆر کەم لە کەس و لایەنە بزنسکارەکان دەکات. هەربۆیە بزنسکارەکە دەتوانێت زانیارییە دارایی و ئابوورییەکانی خۆی بشارێتەوە.

3- نرخی باجی ئەم وڵاتانە زۆر کەمە، بزنسکارەکان لەبەر کۆمەڵێک هۆکار دەشێت داوای ئەوەیان لێ بکرێت حیسابی بانکییان لە وڵاتی میواندار هەبێت، هەندێک لە هۆکارەکان دەشێت یاسایی بن، ئەگەرچی لەڕووی ئەخلاقییەوە جێگەی لۆمەکردنن.

سەرەڕای ئەم پێناسە فەرمیانە، گۆڤاری "ئیکۆنۆمیست" و "تۆڕی دادپەروەریی باج" جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی ئامانجی سەرەکیی بەکارهێنانی ناوەندە دوورە-کەنارەکان خۆدزینەوەیە لە باج. بەم دواییە ئیگۆر ئانگێلین، سەرۆکی گرووپی هەواڵگریی دارایی یۆرۆپۆڵ ئاماژەی بەوەداوە کە ئەو کۆمپانیا بیانی و خۆماڵیانەی لەم وڵاتە دادەمەزرێن "ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە سپیکردنەوەی پارە، گەندەڵی و گواستنەوەی پارەی بەرتیل بە شاراوەیی."

لەم جۆرە وڵاتانەدا کە بە "حەشارگەی باج"یش ناسراون، کۆمپانیایەکی وەکوو مۆساک فۆنێسکا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە. ئەم کۆمپانیایە نەک هەر لە پرۆسەی تۆمارکردنی ناوی کۆمپانیاکە یارمەتییان دەدات، بەڵکو لە کارکردنی کۆمپانیاکە لە وڵاتی میواندار و دۆزینەوەی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ شاردنەوەی داهات و قازانجیان پشتگیرییان دەکات. کێشەی بنەڕەتی سەرکردەی وڵاتانێکی وەکوو بەریتانیا، ئایسلەند، ئۆکراینا، چین و ڕووسیاش هەر لێرەوە دەستپێدەکات، لە کاتێکدا زۆربەیان باسیان لە گرتنەبەری کۆمەڵێک سیاسەت کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەوڵەکانی شاردنەوەی دارایی و لەوێشەوە خۆدزینەوە لە باج.

## کێن ئەوانەی پێوە بوون؟

سەرۆکوەزیرانی ئایسلەند: یەکەم سەرکردەی وڵاتانی جیهان کە بەهۆی "لاپەڕەکانی پاناما" ناچار بوو دەست لەکار بکێشێتەوە، سیگمۆندور داڤیۆ گونلاگسۆن بوو. پاش بڵاوبوونەوەی دۆکیۆمێنتە نهێنییەکانی مۆساک فۆنێسکا، خۆپیشاندەران و سەرکردەی پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن داوای دەست لەکار کێشانەوەی گونلاگسۆنیان کرد. بەپێی ئەو زانیاریانەی لە لاپەڕەکانی پانامادا ئاشکرا کراون، سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئایسلەند، هەتا ساڵی 2007یش بە هاوبەشی لەگەڵ "ئانا سیگورلاگ پاڵسدۆتیر" خاوەنی کۆمپانیای وینتریس بووە کە دەکەوێتە دوورگەکانی ڤێرجین بریتش. دوو ساڵ دواتر گونلاگسۆن دەبێتە ئەندامی پەرلەمان و چوار ساڵ دوای ئەوەش دەبێتە سەرۆکوەزیرانی ئایسلەند. کاتێک دوای ئاشکرابوونی بەڵگەنامەکانی مۆساک فۆنێسکا پرسیاری لێکرا ئاخۆ هیچ پشکێکی لە کۆمپانیا دوورە-کەنارەکاندا هەبووە، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی ئایسلەند لە وەڵامدا گوتی "خۆم؟ نەخێر! یانیش با بڵێم ئەو کۆمپانیایانەی من کارم لەگەڵیان کردووە پەیوەندییان بەو جۆرە کۆمپانیایانەوە هەبووە، بەڵام خۆم هیچکات داهاتی خۆمم نەشاردووەتەوە". بەڵام لاپەڕەکانی پاناما زۆر بە ئاشکرا سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئایسلەند بەدرۆ دەخەنەوە.

باوکی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا: دواجار ڕۆژی پێنجشەممە، دێڤید کامیرۆن، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، دانی بەوەدا نا کە لە قازانجەکانی باوکی لە کۆمپانیای "بلێرمۆر هۆڵدینگز" پشکی هەبووە. بەگوێرەی لاپەڕەکانی پاناما، ئیان کامیرۆن، باوکی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بۆ ماوەی 30 ساڵ خاوەنی کۆمپانیایەک بووە و لە هەموو ئەم ماوەیەدا یەک پاوەند باجی بە حکومەتی بەریتانیا نەداوە. کۆمپانیای بلێرمۆر یەکەمجار لە ساڵەکانی 2010 یانیش 2012 بنکەکەی بۆ ئێرلەند گواستووەتەوە، ئێرلەندیش یەکێکە لەو وڵاتانەی، بە هۆی سیستەمی باجەکەیەوە، بە حەشارگەی باج ناودەبردرێت. هۆکاری گواستنەوەی کۆمپانیاکە بۆ ئێرلەند ئەوە بوو کە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکە ترسی ئەوەیان هەبوو حکومەتەکەی دێڤید کامیرۆن چاودێریی قورستر بخاتە سەر ئەو جۆرە کۆمپانیایانە.

دێڤید کامیرۆن هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری وەکوو سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، دژایەتی بازرگانیکردنی لە ڕێگەی وڵاتانی "حەشارگەی باج" کردووە. لە ساڵی 2013، کامیرۆن بەڵێنی دابوو حکومەتەکەی ڕووبەڕووی دیاردەی شاردنەوەی داهات ببێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش تۆمارگەیەکی ناوەندیی داهات دادەمەزرێنێ، تەنانەت یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەی گرووپی 8 لە بەریتانیا چۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە بووە. بەڵام ئاشکرابوونی ئەم دیاردەیە لەناو خانەوادەی کامیرۆن خۆیدا گومانی زۆری سەبارەت بە ڕاستگۆیی کامیرۆن دروستکردووە.

ئەوەی گومانەکانی زیاتر کردووە، وەڵامە جیاوازەکانی کامیرۆنە لە ڕۆژی یەکەمی ئاشکرابوونی بەڵگەنامەکاندا کە ڕۆژنامەی گاردیەنی بەریتانی بە "باز بازێنەکانی کامیرۆن" ناوی بردووە. ڕۆژی 4ی نیسان و لەگەڵ ئاشکرابوونی بەڵگەنامەکان، گوتەبێژی داونینگ ستریت، ئۆفیسی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ڕایگەیاند "ئەمە کێشەیەکی تایبەتییە". ئێوارەی هەمان ڕۆژ سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ڕایگەیاند "سەرۆکوەزیران هیچ پشکێکی لە کۆمپانیاکەی باوکیدا نییە!". ڕۆژی سێشەممە سەرۆکوەزیران لە وتارێکدا جارێکی دیکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هیچ پشکێکی نییە. ڕۆژی چوارشەممە 6ی نیسان گوتەبێژی کامیرۆن ڕایگەیاند "سەرۆکوەزیران، خێزانەکەی و منداڵەکانی لە داهاتوودا هیچ پشکێک لە کۆمپانیاکە وەرناگرن". بەڵام دواجار و ڕۆژی پێنجشەممە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا دانی بەوەدا نا کە "لە ڕابردوودا پشکم لە کۆمپانیاکەدا هەبووە، ئەمەش ئاساییە لەبەر ئەوەی باوکم خاوەن پشکەکانی بووە. لە 2010 هەموویانم فرۆشت، لەبەر ئەوەی دەبووم بە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، من و سامانسا (خێزانی کامیرۆن) 5 هەزار پشکمان هەبوو، کە لە کانوونی دووەمی 2010 بە بەهای 30 هەزار پاوەند فرۆشتمان". دێڤید کامیرۆن بەڵێنی داوە هەموو بەڵگەکانی باجی خۆی بخاتەڕوو، بەڵام هەتا ئێستا هیچی دیار نییە.

خزم و کەسەکانی سەرۆکی چین: لە کۆنگرەی 18یەمی پارتی کۆمۆنیستی چین، زی جین پینگ (سەرۆکی ئێستای چین) بە ئەمینداری گشتیی نوێی پارتەکە دیاری کرا. هەر لەو کۆنگرەیەدا جین پینگ و ئەمینداری گشتیی پارتەکە جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە گەندەڵی گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر داهاتووی پارتی کۆمۆنیست. جین پینگ لە سەرەتای دەستبەکاربوونی وەکوو سەرۆکی چین، لە ئاداری 2013، بەڵێنی دا ڕووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەستی بە هەڵمەتێک بەناوی "ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی" کرد، لە ماوەی سێ ساڵ لە دەستپێکردنی ئەم هەڵمەتە زیاتر لە 300 هەزار ئەندام و بەرپرسی باڵای سیاسی و سەربازی بەهۆی گەندەڵییەوە سزا دراون.

بەڵام بەڵگەکانی پاناما باسی حیکایەتێکی دیکە دەکەن، بازنەیەک لەناو پارتی کۆمۆنیستی چیندا هەن کە هەڵمەتەکەی سەرۆکی وڵات نایانگرێتەوە، لەوانەش دێنگ جیاگوی، هاوەڵزاوای جین پینگ. ئی زیاولین، کچی لی پێنگی سەرۆکوەزیرانی پێشووی چین. هوو دێهوا کوڕی هوو یاوبانگ، ئەمینداری پێشتری پارتی کۆمۆنیست. هاوەڵزاواکەی سەرۆکی چین دوو کۆمپانیای لە دوورگەکانی بریتش ڤێرجین هەبووە کە لە ساڵی 2012 و دوای سەرکەوتنی جی پینگ بۆ ئەمینداری گشتیی حیزب، هەر دوو کۆمپانیاکە خەوێنراون. ناوە ئاشکراکراوەکانی چین، پلەی بەرزی سیاسییان هەیە کە حەوت کەسیان یان پێشتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتەکە بوون یانیش ئێستا ئەندامن.

هەر لە یەکەم ڕۆژی ئاشکرابوونی دۆکیۆمێنتەکانی مۆساک فۆنێسکا حکومەتی چین بڕیاری دا سانسۆرێکی چڕوپڕ بخاتە سەر هەموو ئەو زانیاری و هەواڵانەی لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو بەڵگەنامانەدا بڵاودەکرێنەوە. سایتی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنە ڕۆژئاواییەکان، وەکوو گاردیەن، سی ئێن ئێن، بی بی سی و هتد لە چین ناکرێنەوە. هەروەها فیلتەرێکی بەهێز لەسەر وشەی "لاپەڕەکانی پاناما" دانراوە، بە جۆرێک هەر لاپەڕەیەکی ئینتەرنێتی ئەم دەستەواژەیە و وشە پەیوەندیدارەکانی وەکوو "مۆساک فۆنێسکا"ی تێدا هاتبێت، ناکرێتەوە. حکومەتی چین، ئەم بەڵگەنامانە و زانیارییەکانی ناویان بە "تۆمەتی بێ بنەما" ناوزەد دەکات.

پیاوەکانی پشت سەری پوتین: ناوی ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا، لە هیچکام لە لاپەڕەکانی پانامادا نەهاتووە، بەڵام ناوی دەستوپەیوەندەکانی لە لاپەڕەکاندا دەبینرێت، لەوانەش ئارکادی و بۆریس ڕۆزەنبێرگ، ملیاردێرەکانی خاوەنی کۆمپانیای بیناسازی، سێرگی ڕۆڵدوگین، چەلۆژەنی بەناوبانگی ڕووسی کە بە نزیکترین هاوڕێی پوتین لە قەڵەم دەدرێت، هەروەها عەلیشێر عوسمانۆڤ، بازرگان و ملیاردێری بەڕەچەڵەک ئۆزبەک. لە بەڵگەکانی پانامادا ناوی چەندین بەرپرس و کەسی نزیکی دیکەی پوتین هاتووە.

پوتین پێشتر لەساڵی 2011، بازرگانیکردن لە ڕێگەی کۆمپانیا دوورە-کەنارەکانی بە کارێکی نانیشتمانپەروەرانە وەسف کردبوو، بەڵام بەپێی بەڵگەنامەکانی پاناما، پوتین بە بڕی دوو ملیار دۆلار سەرمایە و قەرزی لەو کۆمپانیایانەدا هەیە کە لە حەشارگەکانی باجدا کاردەکەن. بەپێی لێکدانەوەی گاردیەن و ئەو ڕۆژنامانەی کار لەسەر بەڵگەنامەکان دەکەن، پوتین زۆر بە وریاییەوە ئەو کەسانەی هەڵبژاردووە کە لە حەشارگەکانی باجدا کار بەو دوو ملیار دۆلارە دەکەن، بۆ نموونە سێرگی ڕۆڵدوگین بۆیە هەڵبژێردراوە، چونکە پرۆفایلێکی ئەوتۆی نییە و گومانی لێناکرێت، بەڵام لاپەڕەکانی پاناما ئاشکرای دەکەن کە ئەم "هونەرمەند"ە ڕووسییە لە چەندین کۆمپانیا و پرۆژەی زەبەلاحدا خاوەنی پشکی چەند سەد ملیۆن دۆلارییە، یەکێک لەوانیش 12.5% لە ئاژانسی ڕیکلامی ناسراو بە ڤیدیۆ ئینتەرناشناڵ، 15% لە پشکەکانی کۆمپانیایەک کە لە قوبرس ناوی تۆمار کراوە، هەروەها 13% لە پشکەکانی بانک ڕووسیا.

کرێملین بەڵگەنامەکانی پاناما بە "فۆبیای پوتین" ناوزەد دەکات. دیمیتری پێشکۆڤ، گوتەبێژی پوتین ڕایگەیاند "ئامانجی سەرەکی لەم بەڵگەنامانە لەکەدارکردنی پوتینە". سەرۆکی ڕووسیاش وێڕای ڕەتکردنەوەی بوونی هەرچەشنە گەندەڵییەک لە ڕووسیا، ڕایگەیاند "ئامانجی ئەم مەسەلەیە تێکدانی سەقامگیریی ڕووسیایە".

پرسی "لاپەڕەکانی پاناما" لە میدیای ڕووسیادا دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبووە، تەنانەت لە ڕۆژی یەکەمی بڵاوبوونەوەیاندا هیچ بەرنامە یان ڕووماڵێکی تایبەت بەم پرسە نەکرا. دوای ڕەخنەی توندی ئۆپۆزیسیۆن لە بێدەنگیی میدیای ڕووسیا بەرامبەر بە دۆسیەکە، کۆمەڵێک بەرنامە و هەواڵ لەم بارەیەوە بڵاوکراونەتەوە کە زۆربەیان جەختیان لەسەر ناوی هونەرمەند و وەرزشکارەکان کردووە.

کوڕەکەی نەواز شەریف: کۆمپانیایەکی بە بڕی 7 ملیۆن دۆلار لە دوورگەکانی بریتش ڤێرجین هەیە.

ماوریسیۆ ماکری، سەرۆکی ئەرجەنتین: سەرۆکی کۆمپانیایەکە لە باهاماس کە یەکێکە لە ناوەندەکانی حەشاردانی باج.

مەلیک سەلمان، پادشای سعودیە، ناوی لەگەڵ دوو کۆمپانیا هاتووە کە لە بریتش ڤێرجینن و ڕەهنی هەتا 34 ملیۆن دۆلاریان داوە بۆ ئەوەی موڵک و زەوی لە ناوەندی لەندەن بکڕن.

پێترۆ پۆرۆشینکۆ، سەرۆکی ئۆکراینا: لەگەڵ هاتنە سەر کورسی دەسەڵات بەڵێنی دابوو کۆمپانیاکەی خۆی بەناوی "ڕۆشێن" بفرۆشێت، بەڵام بەڵگەکانی پاناما ئاشکرای دەکەن بە پارەی ڕۆشێن کۆمپانیایەکی دیکەی لە بریتش ڤێرجین کڕیوە و کۆمپانیاکەی خۆی بۆ ئەوێ گواستووەتەوە، ئەمەش تەنیا دوو مانگ دوای ئەوەی بوو بە سەرۆک کۆماری ئۆکراینا.

خەلیفە بن زاید ئال نهیان، سەرۆکی ئیماراتی عەرەبی: لە ڕێی 30 کۆمپانیاوە خاوەنی عەقاراتێکە بەبڕی 1.2 ملیار پاوەند. ئەم 30 کۆمپانیایە لە دوورگەکانی بریتش ڤێرجینن و مۆساک فۆنێسکا کاری دامەزراندن و بەڕێوەبردنی بۆ کردوون.

## ڕۆژنامەوانانی جیهان یەکگرن

ئەگەر مۆساک فۆنێسکا پارەی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و سەرمایەدارانی جیهانی لە کۆمەڵێک دوورگەی دوورەدەست کۆکردبێتەوە، ئەوە ئاشکرابوونی لاپەڕە نهێنییەکانی ئەم کۆمپانیایەش 400 ڕۆژنامەنووسی لە 107 دەزگای میدیایی لە 76 وڵاتەوە لە دەوری یەک پرۆژە کۆکردەوە بۆ ئەوەی پێداچوونەوەی ورد بە 2.6 تێرابایت زانیاریدا بکەن.

کاتێک "کابرا" زانیارییەکانی بۆ ڕۆژنامەی "زۆد دۆیچە سایتۆنگ" نارد، بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیە داوای یارمەتی لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسانی لێکۆڵەر (ICIJ) کرد کە بنکە سەرەکییەکەی لە واشنتنە. پێشتریش لە کاتی دزەکردنی زانیارییەکانی "بانکی سویسرا" ئەم هاوپەیمانییە هەنگاوێکی لەمجۆرەی نابوو، بەڵام قەبارەی پاکێجی بەڵگەنامەکانی پاناما تەحەدایەکی نوێ بوو.

مایکڵ هادسن، لە دەستەی نووسەرانی ICIJ لە بارەی پرۆسەکەوە دەڵێت "ئامانجمان ئەوە بوو کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی لۆکاڵی بدۆزینەوە کە ناوچە و وڵاتەکەی خۆیان باش بناسن، نەک ئەوەی تەنیا ڕاپۆرتمان بۆ ئامادە بکەن، ئەم کارەیان بە خەڵکانی دیکەش دەکرێت. ڕاستییەکەی، زۆربەی کێشەکانی ئەم سەردەمە هێندە ئاڵۆزن کە چیتر ناتوانرێت پشت بە کاری تاکەکەسی ببەسترێ."

ئەم پرۆژەیە بەر لە هەموو شتێک پێویستی بەوە بوو ئاستێکی بێوێنە لە هاوکاری لە نێوان ڕۆژنامەکاندا بهێنرێتە ئاراوە، واتە نابێت وەکوو ڕکابەر سەیری یەکدی بکەن، بەڵکو دەبێت وردترین و نهێنیترین زانیارییەکانیش لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ئاڵوگۆڕ بکەن. کۆبوونەوەکانی نێوان ئەم تیمە گەورەیە لە واشنتن، میونشن و جۆهانسبێرگ بەڕێوەچوو.

هەموو ڕۆژنامەنووسانی بەشدار لەم پرۆژەیە دەبووایە کۆمەڵێک خاڵ لەبەرچاو بگرن، لەوانەش "هیچ نەدرکێنن!"، "کۆمپیوتەرەکان بە کراوەیی جێ مەهێڵن!"، "لە کافیتریاکان وای فای مەکەنەوە!" و "هەر کات تەلەفۆنەکەت لێ ون بوو ئاگادارمان بکەوە!".

هەتا ئێستا هیچکەس ناوی "کابرا" نازانێت، کەسیش نازانێت ئاخۆ زانیارییەکان هەتا ئێستاش دزە دەکەن یان تەواوبوون، بەڵام خاڵێک هەیە ئۆبەرماییر و هاوکارانی لەم پرۆژەیەدا دەیزانن، ئەویش ئەوەیە ئەمە شۆڕشی نهێنی ڕۆژنامەنووسان لە دژی سیاسییەکان و سەرمایەدارەکان بوو، هەر بۆیە ئۆبەرماییر دەڵێت "هەموو کات واباشترە بە گرووپی ئاوها گەورە کار بکەین، نەک بە تەنیا".

لە 10 ساڵی داهاتوودا چی چاوەڕێی ئەم ناوچەیە دەکات؟

# ستراتفۆر: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەریەک هەڵدەوەشێ

ڕووداو- Stratfor

کۆمپانیای ڕاوێژکاری هەواڵگریی ستراتفۆر لە ڕاپۆرتێکدا پێشبینییەکانی خۆی بۆ پێشهاتەکانی جیهان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی تاوەکو ساڵی 2025 دەخاتە ڕوو. ڕاپۆرتەکە دەڵێت لەم ناوچەیەدا پێشبینی شکستهێنان و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی دەکرێت.

ستراتفۆر کە کۆمپانیایەکی ئەمریکییە و ناوەندەکەی لە ویلایەتی تەکساسە، بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی ڕووداوەکانی ئێستای ناوچەکە دەڵێت ئەو دەوڵەت-نەتەوانەی لە سەدەکانی 19 و 20 لەسەر دەستی هێزە ڕۆژئاواییەکان دامەزران، شکست دێنن و بەسەر پێکهاتەی ئایینی و ئێتنیکی و تەنانەت ئابووریدا دابەش دەبن، ئەمەش ڕەوشێکی وەکوو ڕەوشی لوبنانی ساڵانی حەفتا و هەشتاکان دێنێتە ئاراوە کە تێیدا حکومەتەکان لەکار کەوتوون و هیچکام لە هێزەکان ناتوانن بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ ببن. چاوەڕێ دەکرێت ڕێکخراوە توندڕەوەکان ئەم بۆشاییەی دەسەڵات بقۆزنەوە و دەرفەتی هێرشیان هەبێت، هەرچەندە ئەم گرووپانە بەهۆی ناکۆکیی نێوخۆییەوە پارچە پارچە دەبن. هێزە دەرەکییەکان ناتوانن کۆتایی بە ڕەوشەکە بهێنن، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان پێویستی بە هێز و ماوەیەکی زۆرە کە لە توانای ئەمریکا بەدەرە، لەگەڵ دەرکەوتنەوەی ڕووسیا وەکوو زلهێزێکی کێشەساز، ئەمریکاش چیدی ناتوانێت تەنیا فۆکسی لەسەر ئارامکردنەوەی ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت.

تیمی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە پێیانوایە تورکیا، لەبەر پێگە جوگرافییەکەی، بەرژەوەندیی لەوەدایە ڕەوشی سووریا و عێراق سەقامگیر بێت، هەر بۆیە تاکە وڵاتە توانا و مەیلی ئەوەی هەبێت دۆخی ئەم دوو وڵاتە بەرەو سەقامگیری ببات، لە کاتێکدا ناشتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ بەرگەی ئەوە بگرێت کە بە درێژایی سنوورەکانی لای باشووری، پشێوی هەبێت. لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیاش، ئەگەرچی ململانێی نێوان ئەم دوو زلهێزە ناوچەییە بەردەوام دەبێت، بەڵام تورکیا هەوڵ دەدات بەرژەوەندی و پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سعودیە و ئێرانیش بپارێزێت، هەر پێشڤەچوونێکیش لە پەیوەندییەکانی تاران و ڕیازدا بێتە ئاراوە، ئەنقەرە ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت.

ستراتفۆر پێشبینی دەکات، یەکێتیی ئەورووپا لە ماوەی یەک دەیەی داهاتووشدا بەردەوام بێت، بەڵام ململانێیەکی سەخت لە نێوان بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و پاراستنی سەقامگیریی کولتووریدا دروست دەبێت. یەکێتیی ئەورووپا هیچکات ناتوانێت یەکێتییەکەی پێشتری خۆی بپارێزێت، بەڵکو وەکوو یەکەیەکی پارچە پارچە مامەڵە دەکات. کێشە بنەڕەتییەکەی یەکێتیی ئەورووپا، واتە زۆنی بازرگانیی ئازاد، بەردەوام دەبێت. ئەوەی لێرەشدا کێشە دروست دەکات، سیستەمە ئابوورییە جیاوازەکانی ناو یەکێتیی ئەورووپایە کە هەم هەڵسوکەوت و هەمیش پێویستیی ئابووریی جیاواز دەهێنێتە ئاراوە. پێشبینی دەکرێت ئەوەی لە 10 ساڵی داهاتوودا یەکێتیی ئەورووپا پێناسە دەکات، بریتییە لە سەرهەڵدانەوەی دەوڵەت-نەتەوە وەکوو بزوێنەری سەرەکیی کیشوەری ئەورووپا. لە ڕاپۆرتەکەی ستراتفۆردا، فۆکسێکی زۆر خراوەتە سەر ئابووریی ئەڵمانیا و پۆڵەندا. ئەڵمانیا ئابوورییەکی هەناردەکارە و نیوەی بەرهەمهێنانی ناپاڵفتەی ناوخۆیی ئەم وڵاتە هەناردە دەکرێت، ئەمەش مەترسی لەسەر ئابووری ئەم وڵاتە دروست دەکات، لەبەرئەوەی گەشەی ئابووریی ئەم وڵاتە پشت بە گەشەی ئابووریی وڵاتانی کڕیار و بەکارهێنەر دەبەستێ. بەڵام پۆڵەندا خاوەنی یەکێک لە خێراترین پەرەسەندنە ئابوورییەکانی ئەورووپایە و چاوەڕێش دەکرێت لەم پرۆسەیە بەردەوام بێت، دەشێت سەرکردایەتی هاوپەیمانێتیی نێودەڵەتی دژی ڕووسیاش لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بکات، بەمەش لە ئەمریکا نزیک ببێتەوە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر گەشەی ئابووری، سیاسی و سەربازیی پۆڵەندا دەبێت.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی ستراتفۆر، لە 2010ەوە ڕووسیا هەوڵ دەدات وڵاتەکەی لە هەناردەکاری مادەی خاوەوە بگۆڕێت بۆ وڵاتێکی هەناردەکاری کاڵای بەرهەمهاتوو، چاوەڕێش دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە پەلە بکات، لەبەر ئەوەی دێمۆگرافیای تەمەنی دانیشتووانی ڕووسیا بە خێرایی لە گۆڕاندایە. هەروەها پێشبینی دەکرێت ڕووسیا هەوڵ بدات ژمارەیەک لە کۆمارە کۆنەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لەناو یەکەیەکی سیاسی نوێدا جێبکاتەوە و بازاڕی کاڵاکانی خۆی لە ناوچەکەدا فراوانتر بکات. ئەو وڵاتانەی لە یەک دەیەی داهاتوودا زۆرترین مەترسی ڕووسیایان لەسەر دەبێت، وڵاتانی پێشووی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا دەبن. ئەو نیگەرانییە دەروونییەی ڕووسیا لەسەر ئەم وڵاتانەی دروست دەکات، کاریگەریی لەسەر گەشەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سەربازییان دەبێت. وابەستەبوونی ئابووریی ڕووسیا بە نەوت و جێگیرنەبوونی نرخەکانی نەوت دەکرێت ببێتە هۆی لاوازبوون و تەنانەت دابەشبوونی فەرمی یانیش نافەرمیی ڕووسیا، بە مانایەکی دیکە پەیوەندییە دامەزراوەییەکانی ڕووسیا ناتوانێت وەکوو ئێستا بەردەوام بێت.

بەگوێرەی پێشبینییەکانی ستراتفۆر، ئەمریکا بەردەوام دەبێت لەوەی هێزی ئابووری و سەربازی خۆی پەرەپێبدات و لە ماوەی 2015 بۆ 2025 وەکوو هێزی یەکەمی سەربازیی جیهان دەمێنێتەوە و ساڵانەش 25%ی سامانی جیهان لەم وڵاتە بەرهەم دێت. بەڵام چاوەڕێ دەکرێت بەشداریی ئابووری و سەربازی و سیاسی لەچاو دەیەی پێشتر کەمتر ببێتەوە. دابەزینی ئاستی هەناردەکاریی ئەمریکا، گەشەکردنی لە بواری وزە و ئەزموونەکانی دەیەی ڕابردوو، وادەکەن ئەمریکا بە وریاییەکی زیاترەوە بەشداریی سەربازی و ئابووری لە ناوچەکانی دیکەی جیهاندا هەبێت. ئەمریکا دەزانێت ئابوورییە هەناردەکارەکان چییان بەسەر هاتووە، دەزانێت دەسەڵاتی بۆ ئارامکردنەوەی هەندێک لە قەیرانە ناوچەییەکان سنووردارە و دەشزانێت ئەمریکای باکوور ناوچەیەکی گونجاوە بۆ ئەوەی گەشەی ئابووری تێدا دەستەبەر بکرێت. لە ماوەی 10 ساڵی داهاتوودا جەنگی ئەمریکا لە دژی چەکدارە توندڕەوەکان ڕووی لە کزی دەبێ، بەڵام گرووپە توندڕەوەکان و هێرشەکانیان لەسەر خاکی ئەمریکا کۆتایی نایەت، لە کاتێکدا چاوەڕێ دەکرێت هەردوو جەنگە سەرەکییەکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەتا 2020 هێورتر ببنەوە، یانیش بە لایەکدا بکەون.




---

# قەرەباغ... سەرهەڵدانەوەی برینێکی کۆن لە ناوچەیەکی پڕ لە گرژیدا

ڕێبوار قاسم
ڕووداو- هەولێر

سەدان کۆنەسەرباز و خۆبەخشی ئەرمەن بە پاس بەرەو ستێپاناکێرت، پایتەختی هەرێمی ناگۆرنۆ-قەرەباغ، دەگوازرێنەوە، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هێزەکانی ئازەربایجان ببنەوە کە لە سەرەتای ئەم مانگەوە لە بەرزاییەکانی نزیک ستێپاناکێرت جێگیرکراون.

لێڤ گێڤۆرکیان، تەمەن 67 ساڵ و خەڵکی ئەرمینیا لە دوایین جەنگەکانی نێوان ئەرمەن و ئازەرییەکاندا بەشدار بووە و ئەمجارەیان خۆبەخشانە و بۆ بەرگری لە پایتەختی قەرەباغ هاتووەتەوە ئەم ناوچەیە. گێڤۆرکیان بە دەنگێکی بەرز دەڵێت "من ئەمە بە جەنگ دەزانم. ئەم خاکە هیچکات خاکی ئازەربایجان نەبووە، ڕاستیت دەوێت ئازەربایجان هەر وڵاتیش نییە".

ئەم گوڕوتینەی گێڤۆرکیان و خۆبەخشە ئەرمەنییەکانی دیکە بە یەک ڕۆژ و دوو ڕۆژ دروست نەبووە، بەڵکو زیاتر لە یەک سەدە مێژووی ناکۆکی و شەڕ و پێکدادانی قورسی لە پشتە.

## ڕیشەیی مێژوویی

بۆ تێگەیشتن لە ڕەگوڕیشەی مێژوویی جەنگی قەرەباغ، دەبێت بۆ سەردەمی پێش دەسەڵاتی جۆزێف ستالین و پرۆسەی بە-سۆڤیەتیکردنی ناوچەکانی قەوقازی سەروو بگەڕێینەوە. پاش شۆڕشی 1917ی ڕووسیا، قەرەباغ بووە بەشێک لە "کۆماری فیدراتیڤی دیموکراتیکی ناوچەکانی قەوقازی باشوور". بەڵام ئەم کۆمارە دواتر بەسەر سێ کۆماری جیاوازدا دابەش بوو (ئەرمینیا، ئازەربایجان و جۆرجیا). لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی دوای ئەم گۆڕانکارییە، جەنگ و پێکدادانی قورس لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجاندا ڕووی دا، یەکێک لە ناوچە کێشە لەسەرەکانیش قەرەباغ بوو. لە تەمووزی 1918دا یەکەم ئەنجوومەنی ناگۆرنۆ-قەرەباغ دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری ڕاگەیاند و حکومەت و ئەنجوومەنێکی نیشتمانیی پێکهێنا. هێندەی نەبرد سوپای عوسمانی دەستی بەسەر ئەم ناوچەیەدا گرت، دواتر ئەم سوپایە لە بەرامبەر سوپای بەریتانیادا شکستی خوارد. بەریتانییەکان کەسایەتییەکی ئازەرییان بەنێوی "خەسرۆ بەی سوڵتانۆڤ" وەکوو پارێزگاری قەرەباغ و زەنگەزوور دیاری کرد. ئەنجوومەنی نیشتمانیی قەرەباغ بڕیارەکەی پەسەند کرد، بەڵام خەڵکی ناوچەکە بەم بڕیارە ڕازی نەبوون و لە دژی پارێزگارە ئازەربایجانییەکە دەستیان دایە چەک.

شەڕ و پێکدادانی نێوان چەکدارە قەرەباغییەکان و ئازەرییەکان هەتا نیسانی 1920 بەردەوام بوو، واتە هەتا ئەو کاتەی بۆلشەڤیکەکان ئازەربایجانیان کۆنتڕۆڵ کرد. لە ئابی هەمان ساڵدا ئەرمینیا ڕێککەوتنێکی کاتی لەگەڵ بۆلشەڤیکەکان واژۆ کرد بۆ ئەوەی قەرەباغ بەشێوەیەکی کاتی و هەتا گەیشتن بە چارەسەرێکی یەکجاری لەژێر کۆنتڕۆڵی ڕووسەکاندا بێت. ساڵی 1921 ئەرمینیا و جۆرجیاش کەوتنە ژێردەستی بۆلشەڤیکەکان. بۆ دەستخستنی پشتگیریی خەڵکی ناوچەکە، بەڵێنیان بە ئەرمەنەکان دا، قەرەباغ بە کۆماری ئەرمینیا بدەن، بەڵام بۆلشەڤیکەکان لە هەمان کاتدا چاویان لەوە بوو سەرنجی تورکیا ڕابکێشن، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت ڕێگری بۆ پێشڕەوییەکانی هێزە کۆمۆنیستەکان دروست نەکات. هەر بۆیە بەمەبەستی ڕەواندنەوەی ترسی تورکیا، یەکێتیی سۆڤیەت ڕازی بوو قەرەباغ و نەخچەڤان بخاتە سەر ئازەربایجان و تەنیا زەنگەزوور وەکوو بەشێک لە ئەرمینیا بمێنێتەوە. هەر بۆیە ئەگەر بۆ ڕاگرتنی دڵی تورکیا نەبوایە، ڕەنگە ڕووسیا بە ئاسانی قەرەباغ و نەخچەوانی نەخستبایە سەر ئازەربایجان. ساڵی 1923 یەکەی ئیداریی خودموختاری ناگۆرنۆ-قەرەباغ لە نێو خاکی کۆماری ئازەربایجان دامەزرا.

## پاش ڕووخانی سۆڤیەت

لە قۆناغی دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەتدا، شەڕ و پێکدادان بۆ چەند دەیەیەک کپ بوو، بەڵام لەگەڵ هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، کێشەی ئەرمەنەکان و ئازەرییەکان لەسەر قەرەباغ جارێکی دیکە زیندوو بووەوە. ئەرمەنییەکانی قەرەباغ دەسەڵاتدارانی ئازەربایجانیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە خەریکی بە ئازەریکردنی ناوچەکەن. لە کۆتایی هەشتاکاندا ئەرمەنەکانی قەرەباغ لە هەڵمەتێکی واژۆکۆکردنەوەدا داوایان لە مۆسکۆ کرد ئیدارەکەیان بخاتە سەر کۆماری ئەرمینیا، تەنانەت ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی گەلی قەرەباغ بە 110 ئەرێ لە بەرامبەر 17 نەخێر هەمان داوایان ئاراستەی کرێملین کرد، بەڵام مۆسکۆ ڕەزامەندی لەسەر دەرنەبڕی. لە تشرینی دووەمی 1991دا ئازەربایجان خودموختاریی ئیداری لە قەرەباغ سەندەوە. لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا گشتپرسی سەربەخۆیی لە قەرەباغ بەڕێوەچوو.

لەدوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، لە 25ی کانوونی یەکەمی 1991دا، بەهۆی دروستبوونی بۆشایی هێز، جارێکی دیکە شەڕ و پێکدادانی قورس لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان، لەوانەش قەرەباغ، سەری هەڵدایەوە کە تێیدا ڕووسەکان پشتگیرییان لە ئەرمەنەکان دەکرد و چەکدارە توندڕەوە ئەفغانی و چیچانییەکانیش لە بەرەکانی ئازەربایجاندا شەڕیان دەکرد. لە ئایاری 1993دا ئەرمینیا زیاتر لە 14%ی خاکی ئازەربایجانی گرتبوو، لەم قۆناغەدا باکۆ ڕازی بوو بەوەی قەرەباغیەکان وەکوو بەشێک لە کێشەکە ببینێت و بە ناوبژیوانیی ڕووسیا دانوستاندنیان لەگەڵ بکات. لە ئاکامیشدا ڕێککەوتنی ئاگربەستی نێوان ئازەرییەکان و قەرەباغ لە 12ی ئایاری 1994 واژۆ کرا.

## کایەکی کۆن و ئاگرێکی نوێ

ئەم باکگراوندە مێژووییە تەنیا دیوێکی کێشەکانی ئێستای قەرەباغ و ململانێی نێوان ئازەری و ئەرمەنەکان ڕوون دەکاتەوە، بۆ ڕۆشنکردنەوەی دیوەکەی دیکەی ئەم کێشەیە دەبێت سەیری بارودۆخی ئەم چەند ساڵەی دوایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و ململانێکانی ڕووسیا لەگەڵ ڕۆژئاوا و تورکیا بکرێت.

ڕووسیا هەر لە کۆنەوە ئامادەییەکی سەربازیی بەرچاوی لە ناوچەی قەوقاز و بەتایبەتیش لە خاکی ئەرمینیادا هەبووە، بۆ نموونە ڕووسیا و ئەرمینیا ڕێککەوتنێکی 49 ساڵەیان هەیە کە ڕێگە بە هێزەکانی ڕووسیا دەدات لە ئەرمینیا جێگیر بکرێن. ڕووسیا هیچ سنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ ئەرمینیادا نییە، بەڵام یەریڤان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لەوەی ناوچەی قەوقازی باشوور لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی ڕووسیادا بمێنێتەوە و بەمەش ناوچەکانی نێوان دەریای قەزوین و دەریای ڕەش لەژێر کۆنتڕۆڵی مۆسکۆ دەرنەچێ. ئەم ئامادەییە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا فراوانتر بووە. مۆسکۆ هاوکات لەگەڵ دانانی بنکەی سەربازی لە سووریا، بنکە سەربازییەکانی خۆی لە ئەرمینیا بەهێزتر کرد. بەر لە خستنەخوارەوەی فڕۆکە ڕووسیەکە لەلایەن تورکیاوە، مۆسکۆ ئەنقەرەی بەوە تۆمەتبار کردبوو کە هەلیکۆپتەرە تورکییەکان دووجار ئاسمانی ئەرمینیایان بەزاندووە. هەر لەبەر ئەمەش ڕووسیا کۆمەڵێک سیستەمی دژە فڕۆکەی دیکەی لە ئەرمینیا جێگیر کرد.

تورکیا هەر لە کۆنەوە لەسەر بنەمای زمان و ئایینی هاوبەش پشتگیری لە ئازەربایجان کردووە، بۆیە هیچ سەیر نییە ئەردۆغان لە لێدوانێکدا لەسەر دوایین پێکدادانەکان بڵێت "دوعا دەکەین برا ئازەرییەکانمان لەم جەنگەدا سەربکەون". ململانێی نێوان ڕووسیا و تورکیا لە سووریا دەشێت وابکات تورکیا پشتگیرییەکی پراکتیکیی زیاتر پێشکەشی ئازەربایجان بکات. سەردانەکەی 15ی ئاداری سەفەر عەلیێف، سەرۆک کۆماری ئازەربایجان بۆ تورکیا دەکرێت هۆکارێکی دیکەی تووڕەیی ڕووسیا بێت. دوای خستنەخوارەوەی فڕۆکە ڕووسیەکە، مۆسکۆ چیدی ڕێگەی بە بارهەڵگرەکانی تورکیا نەدا لەڕێی خاکی ڕووسیاوە بەرەو ئاسیای ناوەڕاست بڕۆن، بەڵام ئازەربایجان بۆی قەرەبوو کردەوە و ڕێگەی دا بارهەڵگرەکانیان لە جۆرجیاوە بە ئازەربایجاندا بەرەو ئاسیای ناوەڕاست بڕۆن.

ئەگەرچی ئێران هەموو کات پشتگیری لە پاراستنی یەکێتیی خاکی ئازەربایجان کردووە، بەڵام هەموو کات هەڵوێستەکانی بەلای ئەرمینیادا شکاونەتەوە. ئازەربایجان هەموو کات ئێرانی بەوە تۆمەتبار کردووە کە بەنیازە لە ڕێگەی ئازەرییە شیعەکانەوە دەست لە کاروباری ناوخۆی ئازەربایجان وەربدات، تارانیش باکۆ بە جووڵاندنی هەستی ناسیۆنالیستانەی ئازەرییەکانی ئێران تۆمەتبار دەکات، ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵێک کێشەی یاساییش لەسەر سنوورەکانی دەریای قەزوین لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەن، هەر چۆنێک بێت لە ڕەوشی ئێستای جیهاندا چاوەڕێ دەکرێت هەڵوێستی ئێران لەگەڵ هەڵوێستی ڕووسیادا یەکبگرێتەوە.

کێشەی ناگۆرنۆ-قەرەباغ، وەکوو ناوی هەرێمەکە و هەروەها وەکوو زۆربەی کێشەکانی ناوچەی قەوقاز بەرهەمی دروستبوون و هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتە (وەکوو کێشەی کریمیا و ناوچە کێشە لەسەرەکانی جۆرجیا)، ئەمجۆرە کێشانەش هەموو کات هۆکاری سەرئێشەی زۆر بوون هەم بۆ ناوچەکە و هەمیش بۆ ئەورووپا. چەندین ساڵ شەڕ و پێکدادان نەیتوانیوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات و هیچ لایەنێکیش چارەسەرێکی سیاسی یەکجارەکی پێ نییە.



# ئاماری شەکرە لە کوردستان چی دەڵێت؟



رووداو – سلێمانی

ئەو ئامارەی سەبارەت بە نەخۆشیی شەکرە لە کوردستان لەبەردەستە، جێی گومانە و پسپۆڕانی ئەو نەخۆشییەش دەڵێن، بەبێ ئامارێکی ورد و دروست مەحاڵە کوردستان لە جەنگی دژی شەکرەدا سەرکەوتوو بێ.

ئامارەکانی تووشبووان بە شەکرە لە وڵاتانی جیهاندا ڕێژەی دەوروبەری 8-9% و زیاتر نیشان دەدەن، کەچی ئەو ئامارەی کوردستان بڵاوی دەکاتەوە ناگاتە 2%. ئەو ژمارەیە ڕەنگە لە ڕواڵەتدا دڵخۆشکەر بێ، بەڵام لەڕاستیدا ئەوەندەی دەربڕی ونکردنی ژمارەی ڕاستەقینەی تووشبووانی شەکرەیە، ئەوەندە دەربڕی کەمیی ژمارەی تووشبووان نییە.

شەکرە بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێنە لە ئەنجامی کەمبوونەوە یان نەمانی هۆرمۆنی ئینسۆلین لە خوێندا (شەکرەی جۆری یەک)، یاخود کەمبوونەوەی توانای خانەکانی جەستەیە بۆ سوود وەرگرتن لە هۆرمۆنەکە (شەکرەی جۆری دوو).

نێوەندی کۆنترۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکان (CDC) لە ئەمریکا، دەڵێ 29.1 ملیۆن کەس لە ئەمریکا شەکرەیان هەیە کە دەکاتە 9.3%ی کۆی دانیشتووانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە کۆی ژمارەی ئەو کەسانە 21 ملیۆنیان دەستنیشان کراون. 8.1 ملیۆنیشیان شەکرەیان هەیە و نازانن ئەو نەخۆشییەیان هەیە، بۆیە وەکو نەخۆش تۆمار نەکراون.

هەرچی بەریتانیایە ئەوە 3.5 ملیۆن تووشبووی تۆمارکراوی هەیە و وای دەخەمڵێنێ کە زیاتر لە نیو ملیۆن کەسیش شەکرەیان هەبێ و تۆمار نەکرابن.

لە وڵاتانی نزیکی هەرێمی کوردستانیش، عەرەبستانی سعودی دەڵێ 23.9%ی کەسانی پێگەیشتووی ئەو وڵاتە شەکرەیان هەیە.

بەپێی زانیارییەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2015دا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 5.472.436 کەس، بەپێی لێدوانی گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، لە هەمان ئەو ساڵەدا ژمارەی حاڵەتە تۆمارکراوەکانی شەکرە لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان 99527 کەس بووە. بەو پێیەش ڕێژەی تووشبووان بە شەکرە دەکاتە 1.8%. ئەوەش هاوتایە لەگەڵ ڕێژەی شەکرە لە وڵاتە برسییەکانی کیشوەری ئەفریقا. ئەوە لەکاتێکدایە کە فیدراسیۆنی شەکرەی جیهانی دەڵێ لەنێو کەسانی پێگەیشتووی عێراقدا ڕێژەی کەسانی تووشبوو بە شەکرە دەگاتە 9.6%.

سەبارەت بە مردن بەهۆی ئەو نەخۆشییەش، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان داتاکانی کوردستان و داتا جیهانییەکاندا هەیە. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێ شەکرە هەشتەمین هۆکاری مردنە لە جیهاندا و 2.7%ی هەموو حاڵەتەکانی مردن بەهۆی شەکرەن. کەچی بەپێی ئامارەکانی ساڵی 2015ی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، ساڵی ڕابردوو تەنیا 66 کەس بە شەکرە مردوون، ئەوە لەکاتێکدایە بەپێی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، لە هەمان ئەو ساڵەدا لە هەرێمی کوردستان 21193 کەس مردوون! واتە بەپێی ئەو ڕێژەیەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دیاریی کردووە، دەبوو ژمارەی مردووان بە شەکرە زۆر لەوە زیاتر بووایە کە لە کوردستان تۆمارکراوە.

پسپۆڕێکی تەندروستیی کۆمەڵ گومانی لەو ئامارە هەیە و دەڵێت ئامارەکەی کوردستان گشتگیر نییە.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە پزیشکیی کۆمەڵ بە (رووداو)ی گوت "ئامارە جیهانییەکان دەریدەخەن، ڕێژەی شەکرە لەنێو خەڵکیدا گەیشتووەتە 8-9%، چۆنە لە کوردستان ئەو ڕێژەیە نەگەیشتووەتە 2%؟ ئەمە وای دەردەخات ئامارەکە گشتگیر نییە و چەندین تووشبووی شەکرە لە کوردستان لە دەرەوەی بازنەی ئەو ڕێژەیەن".

## ئامار بۆچی گرنگە؟

د.عەبدولفەتاح هەورامی دەڵێ ئەگەر کوردستان بیەوێ شەڕ لە دژی شەکرە بکات، دەبێ لە هەنگاوی یەکەمدا دەست بە ئامارێکی دروست بکات "هەر بڕیارێک لەسەر بنەمای زانیاری دەدرێت، زانیاری بڕواپێکراویش واتە ئامار. بەبێ ئامار ناگەینە هیچ کردارێک".

شەکرە یەکێکە لەو گرووپی نەخۆشییەی بە نەخۆشییە نەگوازراوەکان دەناسرێ. ئەو نەخۆشییانە بەوە جودا دەکرێنەوە کە درێژخایەنن، کار لە توانا و بەرهەمداریی تووشبووەکان دەکەن و تێچوویەکی زۆریشیان لەسەر حکومەت هەیە.

د.عەبدولفەتاح دەڵێ بەبێ داتایەکی دروست، حکومەت ناتوانێ پلان دابنێ بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەر و چاودێری "ئامار پێمان دەڵێ چەند تووشبوومان هەن و چەندە بودجەیان پێویستە، لە چ تەمەنێکدا حاڵەتەکان دەستنیشان دەکرێن و چ کاتێک نموونەییە بۆ ئەنجامدانی پشکنینی دڵنیاکەرەوە و چەندین زانیاری گرنگی دیکە، کە بەبێ ئەوانە ناتوانین شەڕ لە دژی شەکرە بکەین".

### نیشانەکانی شەکرە:

- هەندێک لە تووشبووان هەست بە هیچ نیشانەیەک ناکەن و بە ڕێکەوت دەستنیشان دەکرێن
- میزکردنی زیاد لە ئاسایی، بە تایبەت شەوان.
- تینوێتیی زۆر.
- داهێزرانی لەش.
- سارێژبوونەوەی برین بە هێواشی یان ناتەواوی
- لێڵبوونی بینایی چاو

### هۆکارەکانی شەکرە:

هۆکاری شەکرەی جۆری یەک زانراو نییە، شەکرەی جۆری دوو هەندێک هۆکاری ڕێگەخۆشکەری هەیە:

- تەمەن: ئەوانەی تەمەنیان لە 40 ساڵ زیاترە ئەگەری تووشبوونیان زیاترە
- بۆماوەیی: ئەوانەی ئەندامێکی خێزانەکەیان یان خزمی نزیکیان شەکرەی هەیە، ئەگەری تووشبوونیان زیاترە
- کێش: تاوەکو کێش لە ئاسایی زیاتربێ، ئەگەری تووشبوون زیاترە
- کەمیی چالاکی جەستەیی و وەرزش.
- هۆکاری دیکە: وەکو ژیانی پڕ لە گوشاری دەروونی و نارێکیی خەو.

# هەشت خۆراکی کاریگەر بۆ دابەزاندنی گوشاری خوێن

رووداو – ئاژانسەکان

ڕەنگە زۆربەمان ئەوە بزانین کە خۆراکی نموونەیی بۆ ڕێکخستنی گوشاری خوێن خۆراکێکە سۆدیۆمی کەم بێت، بەڵام دەوڵەمەندبێ بە پۆتاسیۆم، کالیسیۆم و مەگنیسیۆم. بەڵام ئایا خۆراکگەلێک هەن کە توێژینەوەی زانستی سەلماندبێتی دەبنە هۆی ڕێکخستنی گوشاری خوێن؟

گوشاری دروستی خوێن ئەوەیە کە لە 80/120 ملم. جیوە زیاتر نەبێ، ئەو گوشاری خوێنەش کە 90/140 ملم. جیوە زیاترە، ئەوە پێیدەگوترێ بەرزەپەستانی خوێن. بەرزەپەستانی خوێن پێویستی بەوەیە پزیشک بتبینێ و چارەسەرت بکات، چونکە کۆنترۆڵنەکردنی ڕەنگە ببێتە هۆی جەڵتەی دڵ و مێشک، پەککەوتنی گورچیلە، زیانگەیشتن بە چاو، ڕەقبوونی خوێنبەرەکان و هتد.

ئەوەی ئێستا جێی سەرنجی پسپۆڕانە، ئەو گوشاری خوێنەیە کە لە ئاسایی زیاترە، بەڵام پێناسەی گوشاری خوێنیشی وەرنەگرتووە، بۆ نموونە 85/130 ملم.جیوە. توێژینەوە دەریخستووە کە ئەمانە ئەگەر شێوازی ژیانیان نەگۆڕن ئەوە تووشی بەرزەپەستانی خوێن دەبن. بۆیە وەرگرتنی ڕێوشوێنە سروشتییەکان بۆ ئەم گرووپە زۆر گرنگە و ئەم بابەتەش بەتایبەت بۆ ئەمانە گرنگە، هەروەها وەک بابەتێکی تەواوکاری لەگەڵ دەرمان بۆ ئەوانەش گرنگە کە بەرزەپەستانی خوێنیان هەیە.

**ئەمانە هەندێک خۆراکن کە توێژەران بۆیان دەرکەوتووە ڕۆڵیان هەیە لە دابەزاندن گوشاری خوێن:**



1

### شیرەمەنییەکان:

ساڵی 2012 توێژەرانی ئوسترالی دوای تاوتوێکردنی چەندین توێژینەوەی پێشوو، بۆیان دەرکەوت ئەوانەی شیر و بەرهەمەکانی زۆر دەخۆن (بەتایبەتی ئەوانەی چەورییان کەمە)، کەمتر مەترسیی تووشبوون بە بەرزەپەستانی خوێنیان لەسەرە.



2

### چۆکلێت:

خواردنی چۆکلێتی تۆخ یان بەرهەمەکانی دیکەی کاکاو (ئەوانەی کەم شەکر و کەم چەورین) گوشاری خوێن دادەبەزێنن لەوانەدا کە گوشاری خوێنیان لە ئاسایی زیاترە، ئەوەش بەپێی توێژینەوەیەکی شیکاری کە ساڵی 2010 ئەنجامدراوە و لە جۆرناڵی (بی ئێم سی مێدیسن) بڵاوبووەتەوە. کاکاو و بەرهەمەکانی، بە ڕەگەزی پۆلیفینۆڵەکان دەوڵەمەندن، دەریشکەوتووە ئەم ماددانە کاتێک دەچنە جەستەوە، هانی دەردانی ماددەی نایتریک ئۆکساید دەدەن لە بۆڕییەکانی خوێن کە ئەویش دەبێتە هۆی فراوانکردنی بۆڕییەکانی خوێن، بەوەش ڕۆیشتنی خوێن بۆ بەشە جیاوازەکانی جەستە ئاسان دەبێت و بەو هۆیەشەوە گوشاری خوێن دادەبەزێت.



3

### ڕۆنی زەیتوون:

ساڵی 2012 توێژەرانی ئیسپانی توێژینەوەیەکیان لەسەر ژمارەیەک خانم کرد کە گوشاری خوێنیان لە ئاسایی بەرزتر بوو، بە گرووپێک لە خانمەکان ڕۆنی زەیتوونی دەوڵەمەند بە پۆلیفینۆڵ دەدرا و بە گرووپەکەی دیکەش جۆرەکانی دیکەی چەوری. بۆ ماوەی چوار مانگ بەدواداچوونیان بۆ گوشاری خوێنی هەردوو کۆمەڵەکە کرد. دەرکەوت ئەوانەی ڕۆنی زەیتوون بەکاردەهێنن، گوشاری خوێنیان ئاساییترە لەوانەی بەکاری ناهێنن.



4

### چەوەندەر:

ساڵی 2013 توێژەرانی ئوسترالی توێژینەوەیەکیان سەبارەت بە کارایی شەربەتی چەوەندەر لەسەر گوشاری خوێن کرد و لە جۆرناڵی زانستی (نیوتریشن جۆرناڵ) بڵاویانکردەوە. توێژەرەکان کۆمەڵێک بەشداربوویان دیاری کرد کە تەنیا سێویان دەخوارد، گرووپێکی دیکەش سێو و شەربەتی چەوەندەریان دەخوارد و بۆ ماوەی 24 کاژێر چاودێریی گوشاری خوێنیان دەکردن، دەرکەوت ئەوانەی چەوەندەریان خواردووە، دوای شەش کاژێر گوشاری خوێنیان دابەزینی بەخۆوە بینی.



5

### فستق:

توێژینەوەیەکی زانستی کە ساڵی 2013 لە جۆرناڵی زانستی (هایپەرتێنشن جۆرناڵ) بڵاوبووەتەوە، لە کاریگەریی فستقی کۆڵیوەتەوە لەسەر گوشاری خوێن. توێژەرەکان گرووپێک خەڵکیان هەڵبژارد کە چەوریی زیانبەخشی خوێنیان بەرز بوو. گرووپێکیان ژەمێک فستقیان پێدەدرا و گرووپێکی دیکەش دوو ژەم. دواتر دەرکەوت لە هەردوو گرووپەکەدا گوشاری خوێن دابەزیوە، بەڵام ئەوانەیان کە یەک ژەمیان خواردبوو زیاتر گوشاری خوێنیان دابەزیبوو.

ئێوەش کاتێک باسی سوودەکانی چەرەسەکانتان بۆ دەکرێ، ڕۆژانە بڕی کەمیان لێبخۆن، چونکە کالۆرییەکی زۆریان تێدایە و ئەگەر زێدەڕۆیی بکرێ لە خواردنیان، دوور نییە ببێتە هۆی قەڵەوی.



6

### هەنار:

توێژینەوەیەکی بەریتانی کە ئەنجامەکانی لە جۆرناڵی زانستی (پلانت فودس فۆر هیومان نیوتریشن) بڵاوبووەتەوە، دەریخستووە هەنار گوشاری خوێن دادەبەزێنێ. توێژەرە بەریتانییەکان بۆ ماوەی چوار هەفتە بەدواداچوونیان بۆ گوشاری خوێنی بەشداربووان کردووە و بۆیان دەرکەوتووە خواردنەوەی ڕۆژانەی زیاتر لە کوپێک لە شەربەتی سروشتیی هەنار دەبێتە هۆی دابەزاندنی گوشاری خوێن. بە وردی نازانرێ هۆکاری ئەم کاریگەرییەی هەنار لەسەر گوشاری خوێن چییە، ڕەنگە بەهۆی دەوڵەمەندیی هەنار بێت لە پۆتاسیۆم یان پۆلیفینۆڵەکاندا.



7

### ماسیی چەور:

توێژینەوەیەکی هاوبەشی ئیسپانی، پورتوگالی، ئایسلاندی و ئێرلەندی لە کاریگەریی خۆراکەکان لەوانەش ماسی کۆڵیوەتەوە لەسەر گوشاری خوێن و ئەنجامەکەی لە جۆرناڵی زانستی (نیوتریشن) بڵاوبووەتەوە. دەرکەوتووە خواردنی ماسییە چەورەکانی وەک سەلەموون (نەک ماسییە بێ چەورییەکان) سێ ژەم لە هەفتەیەکدا بۆ ماوەی هەشت هەفتە، دەبێتە هۆی دابەزاندنی گوشاری خوێن. توێژەرەکان بۆچوونیان وەها بوو هۆکاری ئەم کاریگەرییە ئەرێنییە بوونی چەوریی بەسوودی ئۆمێگا سێیە لە ماسیی چەوردا.




8

### دانەوێڵەکان بە توێکڵەوە:

توێژینەوەیەکی بەریتانی ساڵی 2010 لە کاریگەرییەکانی خواردنی دانەوێڵەکانی کۆڵییەوە لە گوشاری خوێنی کەسانی تەمەن مامناوەند و ئەنجامەکەی لە جۆرناڵی زانستی "ئەمێریکان جۆرناڵ ئۆف کلینیکاڵ نیوتریشن" بڵاوبووەوە. توێژەرەکان بەراوردی گوشاری خوێنی دوو گرووپ لە خەڵکیان کرد: گرووپێک کە بەرهەمەکانی گەنمی توێکڵدار (ئاردی بۆر) و گرووپێکی دیکە کە بەرهەمی گەنمی بێ توێکڵ (ئاردی سفر) یان بەکاردەهێنا. دەرکەوت خواردنی سێ ژەم لە دانەوێڵە توێکڵدارەکان دەبێتە هۆی دابەزاندنی گوشاری خوێن. لەوانەیە ئەو کاریگەرییە لە ئەنجامی ئەوەبێ کە دانەوێڵە توێکڵدارەکان چەورییە زیانبەخشەکانی خوێن دادەبەزێنن.

# خۆشەوی عەزیز نوێی دەکاتەوە



**رووداو- هەولێر**

هونەرمەند خۆشەوی عەزیز، دوای 22 ساڵ، گۆرانییەکی خۆی نوێ کردەوە و لە داهاتوویەکی نزیکدا کلیپەکەی بڵاودەکاتەوە.

"هەر ساتێک ناوی دێنم" نێوی گۆرانییەکەی خۆشەوی عەزیزە کە هۆنراوەی فاروق هەژار و ئاوازی جەمیل سنجاوییە و هەفتەی رابردوو لە نزیک شاری سلێمانی لەلایەن کۆمپانیای بابیلۆن کلیپی بۆ کراوە. خۆشەوی بە (رووداو)ی گوت "پێش 22 ساڵ ئەو بەرهەم تۆمار کرد، بۆیە ویستم ئەمجارە بەشێوازێکی مۆدێرنتر تۆمار و کلیپی بکەمەوە".

خۆشەوی عەزیز ئەلبوومێکی گۆرانی ئامادەیە و بە نیازە ئەمساڵ بڵاوی بکاتەوە.

رووداو هەمەجۆر
ژمارە (403) دووشەممە 2016/4/11

# ئەلبوومەکەی عەدنان کەریم یەک تراکە



**هیوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

هونەرمەند عەدنان کەریم، ئەلبوومێکی نوێ بڵاودەکاتەوە کە لەلایەن ژەنیارانی کورد و بیانی کاری بۆ کراوە.

کارزان مەحموود، سەرپەرشتیاری ئەلبوومەکەی عەدنان کەریم بە (رووداو)ی راگەیاند "هەموو کارەکانی ئەلبوومە نوێیەکەی هونەرمەند عەدنان کەریم تەواو بووە. ئەم بەرهەمەی زۆر جیاوازە لە کارەکانی پێشووی، چونکە لە یەک تراک پێکهاتووە و ماوەکەی 45 خولەکە. گۆرانییەکەش لە تێکستی هێمن موکریانییە".

کارزان گوتیشی "لەگەڵ ئەوەی کار بۆ ئەلبوومەکەی عەدنان کەریم دەکەین، هاوکات فیلمێکی دۆکیۆمێنتاریش لەسەر بەرهەمەکانی و کارە نوێیەکانی هونەرمەند وێنە دەگرین، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا تەواو دەبێت و ئامادە دەبێت بۆ نمایشکردن".

ئەم ئەلبوومەی هونەرمەند عەدنان کەریم لەلایەن هەشت ژەنیاری بەناوبانگی جیهانی لە کورد و بیانی کاری میوزیکی بۆ کراوە و لە سوید تۆمار کراوە.

# دوو کۆنسێرتی کانی لە سلێمانی



**هیوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

کانی، کچە هونەرمەندی کورد، دوو کۆنسێرتی گۆرانی لە شاری سلێمانی ساز دەکات و نوێترین گۆرانییەکانی خۆی لە رێگای هەشت ژەنیاری جیهانییەوە پێشکەش دەکات.

کارزان مەحموود، هاوژینی کانی و سەرپەرشتیاری کارە هونەرییەکانی بە (رووداو)ی گوت "کانی کۆمەڵێک بەرهەمی هونەریی نوێی هەیە، بڕیارە لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی داهاتوو دوو کۆنسێرت لە شاری سلێمانی ساز بکات کە لەگەڵ هەشت ژەنیاری بەناوبانگی کورد و ئەورووپی پێشکەش دەکرێن".

کارزان گوتیشی "لەگەڵ ئەو هەشت ژەنیارە بەتوانایەدا کۆنسێرتی سێیەم هەر لە سلێمانی پێشکەش دەکەین کە تایبەتە بە میوزیکی کلاسیک و چەندین پارچە میوزیکی بەناوبانگی جیهانی نمایش دەکەینەوە".

بۆچی لە هەولێر و دهۆک هەمان کۆنسێرت پێشکەش ناکەن؟ کارزان گوتی "ئەگەر سپۆنسەر و هاوکار و پاڵپشتیمان لە هەولێر و دهۆک هەبێت ئامادەین لەوێش کۆنسێرت ساز بکەین".

# بێریڤان دەهۆڵ و زوڕنا بڵاودەکاتەوە



**رووداو- هەولێر**

بێریڤان ئەلپ، کچە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان گۆرانییەکی نوێ بەناوی دەهۆڵ و زوڕنا کلیپ دەکات، هاوکات ئامادەکاری بۆ ئەلبوومێکی گۆرانی دەکات.

بێریڤان کە لە سوید دەژیت، لە رێی تەلەفۆنەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "نوێترین بەرهەمم گۆرانییەکە بەنێوی دەهۆڵ و زوڕنا کە بەشێوەزاری سۆرانی گوتوومە". گوتیشی "گۆرانییەکە شادە، میلۆدی و تێکستەکەی فۆلکلۆری کوردییە. سەرجەم کارەکانی تەواو بووە و لە ماوەیەکی نزیکدا کلیپێکی بۆ دەکەین".

جگە لە تۆمارکردنی دەهۆڵ و زوڕنا، بێریڤان سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ئەلبوومێکی گۆرانییە کە بەشێکی زۆر لە ئاواز و تێکستەکان ئامادەن و کاری میوزیک و دابەشکردنی بۆ دەکرێت".

بێریڤان ئەلپ ساڵی 2014 ئەلبوومێکی گۆرانی بەناوی "هەرە لێ لێ" بڵاوکردەوە کە لە 9 تراک پێکهاتبوو.

# وەیسی و کامیار دەیلەرزێنن



**رووداو- سلێمانی**

گۆرانیبێژی میللی عەزیز وەیسی لەگەڵ گۆرانیبێژێکی کوردی دانیشتووی ئەمریکا بەنێوی کامیار بەنیازی تۆمارکردنی گۆرانییەکن بە نێوی لەرزانە.

عەزیز وەیسی بە (رووداو)ی راگەیاند، کامیار لە ئەمەریکا لەدایک بووە و تەنیا بە فارسی گۆرانی گوتووە، بەڵام ئێستا پێی باشە گۆرانییەکیش بە کوردی بڵێت، بۆئەوەی لەنێو کوردیشدا بناسرێت. بۆیە داوای لێکردم گۆرانییەکی کوردی پێکەوە بڵێین".

عەزیز وەیسی گوتی، گۆرانییەکی فۆلکلۆریان بەنێوی لەرزانە ئامادە کردووە و ئێستا کامیار پرۆڤەی لەسەر دەکات. بڕیارە گۆرانییەکە لە شاری دوبەی تۆمار بکەن، بەڵام عەزیز وەیسی حەز دەکات لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کلیپی بۆ بکەن.

# کۆمسای روو لە خودا دەکات



**رووداو- هەولێر**

کۆمسای، کچە هونەرمەندی رۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەکاری بۆ ئەلبوومێکی گۆرانی دەکات و هاوکات گۆرانییەکی عیرفانی تۆمار دەکات.

کۆمسای لە تارانی پایتەختی ئێران لە رێگەی تەلەفۆنەوە دەربارەی ئەلبوومە نوێیەکەی بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێستا ئامادەکاری بۆ ئەلبوومەکەم دەکەم، تاوەکو ئێستا چوار گۆرانیم ئامادە کردووە، لە تاران میوزیکیان تۆمار دەکەم و لە تورکیا میکسیان دەکەم، یەکێک لەو گۆرانیانە عیرفانی و خەمگینە و گۆرانییەکە قسە لەگەڵ خودا دەکات، ئەوە لە ئاواز و هۆنراوەی خۆمە".

کۆمسای لەم ئەلبوومەشدا هونەرمەندانی دێرینی کورد و فۆلکلۆری کوردیی لە یاد نەکردووە، ئەو دەڵێت "یەکێک لە گۆرانییەکانم فۆلکلۆرە کە هونەرمەند حەسەن زیرەک گوتوویەتی، بەڵام من بەشێوازێکی تازە دووبارەم کردووە".

# ئارەزووی ئەکرەم هەورامی ئامادەیە



**رووداو- سلێمانی**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئەکرەم هەورامی دوای سێزدە ساڵ گۆرانیگوتن، بەنیازە یەکەمین ئەلبوومی خۆی بڵاوبکاتەوە و چەند گۆرانییەکیشی لێ کلیپ بکات.


ئەلبوومەکەی ئەکرەم بەنێوی "ئارەزوو"ەو حەوت گۆرانی لەخۆگرتووە. ئەکرەم هەورامی کە برای هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئەرجومەند هەورامییە، بە (رووداو)ی گوت "گۆرانییەکی هونەرمەندی کۆچکردوو محەممەد عەبدولم بەنێوی سەوزەی کاڵەبەی نوێ کردووەتەوە، بەشێک لە ئاوازی گۆرانییەکانی نێو ئەلبوومەکەم فۆلکۆرن و بەشێکیشیان تازەن". سەبارەت بە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەش گوتی "هەموو کارەکانی تەواو بووە و بەم نزیکانە بڵاوی دەکەمەوە، یەک دوو گۆرانیشی کلیپ دەکەم".

# بەختی رووداو




ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

## کاوڕ



کاتێکی باشە و بەخت لە هەموو هەنگاوێکدا هاوکاریت دەکات، بە تایبەتی لە خۆشەویستیدا، بۆ ئەوەی ئاسوودە بیت تەنیا بیر لە شتە باشەکانی ژیان بکەرەوە، بەردەوام پێشبینی روودانی شتێکی ناخۆش مەکە.

## گا



هەندێک جار گلەیی لە هەڵسوکەوتی خەڵک دەکەیت، بەڵام ئەوە بزانە کە تۆ کەسێکی کۆمەڵایەتیت و پێویستە بتوانی خۆت لەگەڵ کۆمەڵگا بگونجێنی. رەوشی دارایی باش دەبێت.

## دووانە



ئەوکارەی سەرقاڵی کردوویت هەرچەندی پەلەی لێ بکەیت، کاریگەری ناخاتە سەر دوائەنجام، بیر لە بەرژەوەندیت بکەرەوە و تێکەڵ بە گرفتی کەسانی دیکە مەبە، هەواڵی خۆشەویستێک دەبیستی.

## قرژاڵ



سەرقاڵبوونت بە چارەسەرکردنی گرفتەکانەوە ماندووی کردووی، هۆکارەکەش بەدبەختی نییە بەڵکو کەمتەرخەمییە، هەندێک جاریش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی بڕوابەخۆبوون یان ترس.

## شێر



کاتێکی زیاتر بۆ ماڵ و ئەندامانی خێزان تەرخان بکە، بەدەستهێنانی خۆشەویستیی ئەوان دەرگای بەختەوەریت بەسەردا دەکاتەوە. بەترسەوە هەنگاو مەنێ. بەهێمنی گرفتی کارکردن چارەسەر بکە.

## فەریک




ئەم هەفتەیە کارەکانت زۆر دەبن و رەنگە ماندوو ببی، بەڵام ئەم سەرقاڵییە ئاسوودەت دەکات چونکە کەسێکی بەتوانایت، هەرچەندە دوودڵ دەبیت، بەڵام نابێتە هۆی ترس و پەشیمان بوونەوە.

## تەرازوو



ئەگەر خەمێک بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو، مانای وایە پێویستە جۆری چارەسەرەکەی بگۆڕیت یان دەروونت بەهێز بکە. توانایەکی باشت هەیە و بۆ ئەنجامدانی کارەکەت بەکاری بهێنە.

## دووپشک



کاتێکی باشە بۆ لایەنی کارکردن یان گۆڕینی کار، باری تەندروستیت باشتر دەبێت. گفتوگۆی جیدی لەگەڵ بەرامبەرەکەت بکە و دڵنیای بکە لەو شتانەی دوودڵیان کردووە.

## کەوان



پاش ئەوەی لە رابردوودا ماوەیەکی ناخۆشت بەڕێ کرد، لەم هەفتەیەوە دەرگایەکی نوێی بەختەوەریت بۆ دەکرێتەوە، وا باشە حیسابی ورد بۆ هەموو سەرنج و پێشنیازێک بکەیت.

## گیسک



هەوڵ بدە جدیتر لە جاران کارەکانت ئەنجام بدەیت و کەمتەرخەمی تێدا نەکەیت، لەم هەفتەیەدا کەسانی چواردەورت هەوڵ دەدەن بابەتی بچووک گەورە بکەن.

## سەتڵ



کەسایەتیت لەو جۆرەیە خەڵک حەز بە نزیکبوونەوەت دەکەن، ئەم هەفتەیە هاورێیەک دەناسیت کە پێی ئاسوودە دەبیت. بەشێوەیەکی باش کۆنترۆڵی خەیاڵە قووڵەکانت کردووە.

## نەهەنگ



هەفتەیەکی باش دەبێت بۆ هەردوو لایەنی دەرامەت و سۆزداری، رەنگە دیارییەکت لە کەسێکی ئازیزەوە پێبگات. خۆت پەیوەست مەکە بە رووداوەکانی رابردوو، بەڵکو داهاتوو دروست بکە.

# ناڵەیەک لە دەروونەوە






کامەران سوبحان

تەمەنی لە هەشتا ساڵ نزیک دەبووەوە، بە هەمان گوڕوتینی پێش زیاتر لە 50 ساڵ کە پیرەمێردی شاعیر یەکەم کتێبی لە چاپخانەکەی خۆی بۆ چاپ کرد، عیشقی لەگەڵ پیت و وشە زیاتر دەبوو. ئەو ئێستا بە دوو چاوی کز و تەندروستییەکی ناجێگیر و ماندووبوونێکی زۆرەوە، ڕۆژانە لە کتێبخانەکەی خۆیدا سەرقاڵی پێداچوونەوە و ئامادەکردنی کتێبێکی نوێیە. هەروەک خۆی لە بارەی بابەتەکانی ئەو کتێبە لە پێشەکییەکەیدا دەنووسێت: "خۆشم ئەوێن، ئارەزووی مانەوەیان ئەکەم، وەک مانەوەی خۆم". کتێبەکەی چاپ بوو، پاش چەند ساڵێک خۆی کۆچی دوایی کرد، بەڵام بۆ هەتا هەتایە ئەم بەرهەمە و کتێبەکانی و ناوی نووسەرەکەی بە نەمری دەمێننەوە.

لە سەرجەم ئەو وتار و کتێبە نووسراوانەیدا، ئەگەر بتەوێ دنیابینی و تێڕوانینی زانا و نووسەر و کەسایەتیی دیار، مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ بۆ ئەدەب و ئاین و پرسە کۆمەڵایەتییەکان و مێژووی نەتەوەکەی و دەوروبەری ببینی، پێویست دەکات (ناڵەی دەروون) بخوێنیتەوە. چونکە لەو کتێبەدا، لە چەندین وێستگە و بابەتیدا بەڕاشکاوی و بوێری بۆچوونی خۆی لەبارەی هەموو ئەو تەوەرانەوە دەخاتەڕوو کە جێگەی پرسیار و گومانن لای خەڵک. لە پێشەکییەکەشیدا دەڵێت "ئەم کتێبە چەند وتارێکی وێژەیی و مێژوویی و ئاینی و کۆمەڵایەتییە، هەریەکە بە بۆنەیەک و لە کاتێکی تایبەتدا هەڵقوڵاون، لە مێشک و دڵمەوە بۆ سەر نووکی قەڵەمەکەم و منیش خێرا نووسیومن، بەشی زۆری زادەی بیروباوەڕی خۆمن و هەریەکەی بە بیرێک و بۆنەیەک و ئاواتێک نووسراوە. خۆشم ئەوێن، ئارەزووی مانەوەیان دەکەم وەک مانەوەی خۆم، هەوڵ دەدەم بۆ هێشتنەوەیان وەک هێشتنەوەی خۆم، هەروەک حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

**ئەمانە زادەی ئەفکار و خۆشەویستیی منن**
**ئەگەر قەبیح و کەریهن، ئەگەر شەل و ئەعمان**
**میسالی فەرخەیی ژیشک کە پێی دەڵێ دایکی**
**ئیلاهی (قاقمە) یاخۆ (سەموور)ە یا (دیبا)**

مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ، چ وەک زانایەکی ئاینی، چ وەک نووسەر و دادوەر و کەسایەتییەکی دیار، لە هەردوو بەرگی (ناڵەی دەروون)دا زۆر پرسی جیاواز باس دەکات، زۆرێک لە پرسەکان لەگەڵ ئەوەی بابەتی ڕۆژ و دیاردەی کۆمەڵایەتی و ڕووداوی مێژووییـن، بەڵام بە زمانێکی کوردی وا ڕەوان نووسیویەتی کە هەرگیز خوێنەر لە تام و چێژی خوێندنەوەی تێر نابێت و بابەتەکانیشی بۆ هەموو سەردەمێک تازە و پڕ زانیاری و گونجاوە.

ئەم نووسەرە، یەکەم زانای کورد بووە بە کوردییەکی پاک و بێ خەوش، تەفسیری قورئانی پیرۆز بکات. لە ساڵی 1935 ئەم تەفسیرەی بە (جزمی عەمە) دەستپێکرد و پیرەمێرد خۆی لە چاپخانەکەی بۆی چاپ کرد و پاشتر تەفسیری هەموو قورئانی بە چەند بەرگێکی گەورە بەناوی (تەفسیری خاڵ) تەواو کرد و بە دیدێکی کراوە و پێشکەوتوو مانای هەموو ئایەت و وشەکانی نێو قورئانی سادەو ساکار کردەوە بۆ خوێنەری کورد. بە ئێستاشەوە تەفسیری خاڵ، یەکێکە لە تەفسیرە دەوڵەمەندەکانی قورئان بە زمانی کوردی. پاشتر لە هەردوو کتێبی (فەرهەنگی خاڵ و پەندی پێشینان)یشدا، بە هەمان تایبەتمەندییەوە دوو لایەنی فەرامۆشکراوی ئەدەبیاتی کوردی بە شێوەیەکی زۆر ورد و ڕێکخراو کۆکردەوە.

لە کتێبی پەندی پێشیناندا، نزیکەی 4500 پەندی پێشینانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستانی کۆکردووەتەوە کە سەرچاوەیەکی دانسقە و دەوڵەمەندی فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردییە، هەندێ لەو پەند و ئیدیۆم و بەسەرهاتانە پێشتر نەبیستراون. کتێبی (فەرهەنگی خاڵ)یش، سێ بەرگە و نزیکەی 1200 لاپەڕەیە، لە فەرهەنگەکەدا ژمارەیەکی زۆر وشە و زاراوەی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان و شێوەزارەکانی تێدا کۆکردووەتەوە، لەگەڵ مانا و واتاکانیان. ئەمەش یەکێکە لە فەرهەنگە دەوڵەمەندەکانی بواری زمان و زاراوەی کوردی.




ناڵەی دەروون، لە هەموو ئەو کتێب و بەرهەمانەی دیکەی شێخ محەممەدی خاڵ، زیاتر دونیابینی نووسەری تێدا دەبینین. هەندێ لە بابەتەکان کورت و پوختن، بەڵام پڕ لە زانیاری و بەسەرهاتی گرنگن. بەتایبەتیش لەسەر پرسی پەیوەندیی نێوان ئاین و بیروباوەڕی مرۆڤ و دیاردەی کۆمەڵایەتی، دەتوانین وەک یەکێک لە داینەمۆی ڕیفۆرمی ئاینی و کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی ناوی ببەین، بە ئێستاشەوە کەم وێنەیە مەلایەکی ئاینیی کورد بە جلوبەرگی مەلایەتییەوە بەدەر لەوەی دادوەر بووە، ئێواران لە کۆڕی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا ئامادەیی هەبێت و یەکێک بێت لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد و کۆڕی زانیاریی کورد و لەو ڕێگەیەشەوە خزمەتێکی زۆری بە وشە و ئەدەبیاتی کوردی کرد.

لە یەکێک لە وتارەکانی (ناڵەی دەروون)دا بەناوی (ماف و سنوور) لەبارەی ئازادیی بانگدان لە مزگەوتەکانی سلێمانیدا دەنووسێت: (ئەم بڵندگۆیانەی لە مزگەوتەکان دانراون، لە پێش مەلا بانگدان بە نیو سەعات، لە هەموو مزگەوتەکانەوە دەست دەکەن بە خوێندنەوەی شیعر بە نقامی دەشتی و قەزاز، هەزاران نەخۆش و دەردەدار و منداڵی شیرخۆرەو ئافرەتی زەیستان و حەیزدار کە نوێژیان لەسەر نییە، هەزاران ڕەوتەنی کە بەو نیوەشەوە پێویست نین بە هەستان لەخەو، خەبەر ئەکرێنەوە، گوناهیان ئەگات، خوا تۆڵەیان لێ ئەکاتەوە ئەمڕۆ یان سبەینێ.) لەبەشێکی تری ئەم باسەدا دەنووسێت: (ئەم بیدعە ناپەسەندە هەزاران گەنجی ئەمڕۆی بێ بڕوا کردووە، ئەو گەنجانەی لە زانستگان، یان لە پۆلی پێنجەم و شەشەمی ئامادەیین، هەتا نیوەشەو دەرسەکانیان دەخوێننەوە و خۆیان ئامادەی تاقیکردنەوە دەکەن و تا بەشی دوای شەو، خەریکی شت لەبەرکردن و نووسینن، دوای ئەوە هەریەکە لاڵ و پاڵ لێی ئەکەوێ، لە پڕ لە هەموو لایەکەوە دەنگی بڵندگۆ دەست پێ ئەکات. ئاسمانی سلێمانی لە کەلی گۆیژەوە تا گڵەزەردە و تاسڵوجە و پیرەمەگروون دەبێت بەیەک گرمە و نەعرەتە، یەکێک بە فارسی و یەکێک بە کوردی و یەکێک بە عەرەبی تێکهەڵئەکەن و ئەبێ بە گەڕەلاوژێ، بۆ دینی ئیسلامیش جوان نییە ئەم گەڕەلاوژێیە، لە کاتێکدا بانگ سوننەتە و پێویست نییە.)

ئەمە نموونەیەکە لە بیری ڕیفۆرمخوازیی نووسەر و پیاوێکی ئاینیی دیاری ئەو سەردەمە. دیارە ئەم نووسینە لەسەر بابەتی بانگدان لەلایەن چەند مەلایەکی ئەو کاتەوە دراوەتە بەر ڕەخنە، بەڵام شێخ محەممەدی خاڵ هەرچی گوتووە، لە دڵەوە بووە و پشتگیریی بۆچوونەکانی خۆیشی لە بواری ئاینیدا بە دەق و بەڵگەی قورئان و فەرموودەکانی پەیامبەری ئیسلام بۆ خوێنەرانی سەلماندووە و گوێی بەو ڕەخنە و گلەییانە نەداوە.

وتارەکانی تری ناڵەی دەروون، لەسەر پرسی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و زمانەوانی بەهەمان ریتم و بۆچوون نووسراون، لە وتارێکی دیکەدا بەناوی (ساڵی تازە) چەند پرسێکی سیاسی پەیوەست بە پرسی نەتەوەیی کورد لە سەرەتای هەشتاکانەوە، دەخاتە ڕوو. لە وتارەکەدا تەنیا چەند دێڕێکی یەکەمی باسی هاتنی ساڵی نوێ



دەکات، دواتر بە بیانووی هاتنی ساڵی نوێوە، تەواوی وتارەکە پەیوەست دەکات بە بارودۆخی کوردستان، بەڵام بە شێوەیەکی هێماکاریی وا کە لە سانسۆری ئەوکاتی بەعسییەکان دەربچێت. لە بەشێکی وتارەکەدا دەنووسێت: "خودایە.. تاکەی ئەم برایانە لەگەڵ یەکتریدا ناپاکی دەکەن، بەم ڕەنگە لە ڕوودا بە جۆرێک و لە پاشملەش بە جۆرێکی تر ئەبن، هەمیشە بەسەری یەک تینون. خودایە... تاکەی ئەم برایانە لەگەڵ یەکتر نامەرد بن، بەم ڕەنگە ئەم هەرچی بچوکی و کارگوزاریی خۆی بنوێنێ و هەمیشە دەستێکی فەرمانبەری بە سنگی خۆیەوە و دەستێکی پاسەوانی بە پشتی ئەوەوە بێ، کەچی ئەو لەگەڵ ئەما هەر دوژمن و هەمیشە بە خوێنی سەری تینو بێ و بیەوێ ئاژاوەو ناکۆکی بۆ دروست بکا و بیانکات بە گژ یەکدا. خودایە.. تاکەی گەورەکان هەر خودپەرست ئەبن، چاویان لە قازانج و سوودی خۆیان و کەسوکار و خزم و خۆشیانەوە ئەبێت، هەرگیز چاویان پڕ نابێتەوە و هەر پاسی کورسییەکەی خۆیان ئەکەن، لە کاتێکدا کە گەل لە گیانەڵاو و چەناگە کوتانیا.! خودایە تاکەی گەل هەڵخەڵەتاندن بە بەڵێنی درۆ و دەلەسە و وتەی بۆش، تاکەی باسی دەوڵەمەندکردنی گەل و قازانج و سوودیان بدرێ بە گوێچکەیاناو هەر بوترێ و بوترێتەوە... خودایە شۆڕش هەڵگیرساندن، وەک ئاگر هەڵساندن ئاسانە، بەڵام هەڵوسراندنی لە قازانجی گشتی و سوودی کۆمەڵدا گرانە".

ناڵەی دەروون، لەسەر چەندین پرسی دیکەی گرنگ هەڵوێستە دەکات، ئەمە جگە لە وەستان لەسەر چەند بۆنەو یادێک، لەوانە: چلەی مردنی پیرەمێرد، چلەی بێخود، چلەی مەعروف جیاوک، چلەی ڕەفیق حیلمی، یادی مەلا محەممەدی خاکی.

لەم بابەتانەدا چەندین زانیاری و شتی نوێ لەسەر ئەو کەسایەتییانە دەڵێت، هەم وەک بیرەوەریی ژیانی خۆی لەگەڵیاندا، هەم وەک زانیاری لەسەر بەرهەم و شیعرەکانیان. بەتایبەتیش لەسەر پیرەمێرد، بەو پێیەی پەیوەندی و دۆستایەتییان زۆر بەهێز بووە. لە بابەتێکدا لەسەر (عارف سائیب)، ژیان و نووسین و شێوازی تیرۆرکردنەکەی دەخاتەڕوو، لەسەر ئەم نووسەرە تیرۆرکراوە، زانیاریی نوێ و گرنگ باس دەکات. لەو باتەی نووسەر لەسەر عارف سائیب نووسیویەتی، دەتوانین دەروازەی زۆر بابەت و پرسی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی تێدا بخوێنینەوە، کە هەندێ دیمەن و ڕووداوی تا ئێستاش بە شاراوەیی ماونەتەوە.

دوو بابەتی دیکە، لەسەر (سەید جەمالەدینی ئەفغانی و بابە تاهیری هەمەدانی) هێندەی دیکە (ناڵەی دەروون)ی لەلا شیرینتر کردم. لەو دوو بابەتەدا نووسەر فراوانتر، هەڵوێستە لەسەر بەرهەم و ژیان و لایەنە جیاوازەکانی ئەو دوو نووسەرە دەکات. لە دوا بەشی (ناڵەی دەروون) دا مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ، کە دواهەمین وتاری ئەو قۆناغەی ژیانیەتی، بابەتێکی بەناوی (دەستنووسی کۆن و نوێی هەندێ لە نامەخانەکان) نووسیوە، ئەم بابەتە یەکێکە لە پرسە زۆر گرنگ و پڕ بایەخەکانی ئەدەبیاتی دەستنووس و کەشکۆڵ و تێکست. لەم بابەتەدا مێژوویەکی گرنگی ئەدەبیاتی دەستنووس لە پێش زاین و سەدە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی و لای میللەتانی هیند و چین و وڵاتانی ئەوروپا و سەردەمی فیرعەونەکان باس دەکات، تا دەگاتە یەکەمین دەستنووسی ئەدەبیاتی کوردی، لەو بارەیەوە دەنووسێت: "بەلای منەوە لە سەرەتای ئیسلامەوە یەکەمین دیوان و نامەی کوردیمان دیوانی بابا تاهیری هەمەدانییە کە هەزاران ساڵ لەوەو پێش گوتراوە، لەبەر ئەوە دیوانی بابا تاهیر کۆنترین و پیرۆزترین دیوانە لە کوردستاندا، ئەم دیوانە تا ئێستا چەندین جار لە ئێراندا چاپکراوەتەوە، بەڵام هەموو جارێک گەلێک وتەی کوردییان لێ کردووە بە فارسی، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ڕەنگی کوردیی ماوە".

دوای ئەمە کۆنترین دەستنووسی کوردی موسەلەساتی شێخی سەعدییە، کە لەسەدەی حەوتەمی کۆچیدا نووسراوە، بەڵام دوای هێرشی تەتەر و مەغۆل بۆ سەر خاک و خەڵکی کوردستان، بە تایبەتیش ناوچەی شارەزوور و هەورامان، دەیان کتێبی دانسقە و کەشکۆڵ و دەستنووسی کوردی فەوتاون و دەیان نامەخانەی گرنگی کتێب و بەیتی کوردی بێ بەزەییانە سوتێنراون و زۆر زانا و نووسەر و شاعیری کوردیش لەو سەردەمەدا لە ناوچەی هەورامان و شارەزوور بە زۆر، خۆیان و ماڵ و منداڵیان کۆچیان پێکراوە بۆ موسڵ و سوریا و میسر.

دەستنووس لای شێخ محەممەدی خاڵ، بەهایەکی مەزنی هەبوو، کە خۆیشی کۆچی دوایی کرد، کتێبخانەیەکی گەورەو دەوڵەمەندی دەستنووسی جێهێشت کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر کتێبی هەمەجۆری تێدا بوون و هەندێکیان لە باو باپیرییەوە بۆی بەجێمابوون، مێژووی نووسینی هەندێکیان بۆ زیاتر لە 400 ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. ئەم کتێبخانە دەستنووسە هەرچەندە حکومەتی بەعس نەیتوانی لە دەستی شێخی خاڵی بکاتەوە، پاش کۆچی دوایی، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کتێبە دەستنووسانەی کڕین، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا بەشێک لە کتێبەکانی ئەم کتێبخانەیە لە نادیاریدا ونن!

# چیم لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب بینی؟

عەبدوڵڵا عالایی

**1**

بەر لە هەر چتێک، ناونیشانی پێشانگەکە، بە ڕێنووسێکی هەڵە، لەدیوی دەرەوەی هۆڵی چالاکییەکەدا، نووسراوە: (پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر) (یا) یەک لە (نێودەوڵەتی) پەڕیوە و دەبوو (پێشانگەی نێودەوڵەتیی هەولێر) بێت. (نێودەوڵەتی هەولێر) و (نێودەوڵەتیی هەولێر) ئاسمان و ڕێسمانیان لە واتادا، نێوانە.

**2**

پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب، تەنێ شوێنێ نابێ بۆ ساغکردنەوەی کاڵا و پێکگەیشتنی کڕیار و فرۆشیار، بەڵکە چالاکییەکی تەواو فەرهەنگی و ماریفەتیی دەبێت، بەوەی لە (پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب)دا، لە تەک کڕین و فرۆشتندا، چەندان کۆڕ و چالاکیی ڕۆشنبیری و هونەری ئەنجام دەدرێت. سەرەڕای وێکگەیشتنی نووسەر و خوێنەران بە یەکتری و، دیداری هەمەلایەنەی کتێبیاران. بەدەر لە ئەمانەش، ئەگەر هیچیش نەبێت، خودی کۆوەکردنی کتێب لە شوێنێکی وەها بەردەستدا، دیاردەیەکی کولتووری و ماریفەتیی بەرزە.

**3**

لە دیوە بازرگانی و ئابوورییەکەدا، ئەگەر لێزانانە مامەڵە دەگەڵ ئەو چالاکییەدا بکرێت، بە سوودی ئەو شارە بە کۆتا دێت کە تێیدا ئەنجام دەدرێت. بەهۆی ئەم چالاکییەوە، لەم چەند ڕۆژەدا، سەتان خوێنەر لە دەرەوەی نێوچە و وەڵاتەکەی تۆدا، بۆ شارەکەت دێن. تێچوونی خەو و خواردن، هەم هەموو ئەو چتانەی پێوەستن بە بابای گەشتیار، دواجار دەچێتە سەر هەژماری ئابووریی شار.

لەنێو پێشانگەدا، دەزگە نێوخۆییەکانی وەشان و بڵاوکردنەوە، دەتوانن گرێبەست دەگەڵ دەزگە ناودارە جیهانییەکان بۆ کاری هاوبەش، مۆڵەتی تەرجەمە و چاپ، ببەستن.

بۆ خوێنەرانیش، بەبۆنەی داشکاندنەوە، باشتر سوود لە سەرمایەی گیرفانی خۆی بۆ کڕینی کتێب، وەردەگرێت. لەجیاتی ئەوەیش پارەی زۆر لە هێنانەوەی ئەو کتێبانە خەرج بکات کە لە وەڵاتەکەی خۆیدا چنگی ناکەون، لەوێ بەبێ هیچ خەرجییەکی پۆست و ڕێگە، دەیکڕێت.

ئەم دوو سوودە، ئابووری و فەرهەنگییە، پێوانە و سیما سەرەکییەکانی هەموو پێشانگە نێودەوڵەتییەکانی کتێبە لە جیهاندا. بەڵام لەوەی خۆماندا، بە کزی و کەمی، بەرەنجامەکانی ئەو سوودانە دەبینی، ڕەنگە هەر نەشیبینێت.

بە تایبەت لە باری ئەتەکێت و ئاکار و فەرهەنگدا، کتێبفرۆشە کوردەکان زۆر کۆڵەوارن. بە سەرەلموز، وەرامی کڕیاران دەدەنەوە و ئەتەکێتی فرۆشتنیان خراپە. هەرچی کتێبفرۆشە عارەبەکانە، سەعاتێ بەوپەڕی ڕووخۆشی و ڕەفتارجوانییەوە، کتێبەکەت بۆ شەرح دەکات و پێتی ئاشنا دەکات و وەرامی هەموو پرسیارێکیشت دەداتەوە.

**4**

من هیچ لاریم لە زوان و کولتووری عارەبی نییە، وەختێ بۆ خۆیانە، بەڵام کە هێرش (غزو)ی کردە سەر زوان و کولتووری ئەوی دی، مایەی وەستان و هەستانە. بەشێوەیەکی گشتی، فەزای گشتیی پێشانگەکە، تەواو عارەبییانەیە، نەک کوردانە. ئەگەر بڕیار وایە ئەو چالاکییە وەک شانازی لەبۆ کوردستان و هەولێر هەژمار بکرێت، دەبوو کەشی پێشانگەکە، کوردانە بووایە، ئەوجار چالاکی و چتی تری بە عارەبی و زوانەکەی دیکەشی تێدا هەبووایە. یانی باڵایی لەبۆ زوان و فەرهەنگی کورد بێت، نەک عارەبی.

لە شوێنی بەڕێوەبردنی چالاکییەکاندا، چەندان وێنەی نووسەرانی عارەب و جیهان هەڵواسراون، لە وێنەی (فەلەکەدین کاکەیی) بترازێت، وێنەی هیچ نووسەرێکی کوردی پێدا هەڵنەواسراوە، ئەوەی کاکەییش، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوە بێت کە بە عارەبی نووسیویەتی.

ناوی هەموو دەزگە و خانەکانی وەشاندن، بە عارەبیی هاتوونەتە نووسین.

زوانی یەکەمی وەرام و ڕێنوێنیی بەڕێوەبەرایەتیی پێشانگەکە، عارەبییە.

زۆربەی کۆڕ و سیمینارەکان عارەبین.

من دژی نەژادپەرستی (ڕاسیزم)م، بەڵام ناشکرێت وە بەهانەی دژە ڕاسیزمی و جیهانیبوون، وەدەستی خۆمان، فەرهەنگ و کولتووری وەڵات و نەتەوەی خۆم، ڕادەست و بندەست بکەم. گرفتی سەرەکیی ئەوەیە، سیاسەتی کولتووری لێرەدا بوونی نییە.

**5**

دەزگەی مەدا، یازدەهەمین ساڵە سەرپەرشتیی ئەو پێشانگەیە لە هەولێردا دەکات، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەشدا، دەگەڵ سەتان داواکاریی ڕۆشنبیران و وەزارەتەکەی ڕۆشنبیرییش، دواجار چ کەس دەرەقەتی مەدا نەهات و، فەخری پێشانگەکە هەر وەبەر فەخریی مەدا، کەوتووە. زاڵێتیی عارەبی لە هەموو ڕووەکاندا، هەر بۆ سەرپەرشتیی دەزگەیەکی عارەبییانە دەگەڕێتەوە.

نازانم، من هەستی ئەوەم بۆ دروست دەبێت کە ئەوەی هەولێر، وەک ناچارییەک لە شوێنی پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە بەغدا، ئەنجام دەدرێت. خۆی بەناوبانگترین و پڕچالاکیترین پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە ئێستای جیهانی عارەبیدا، پێشانگەی نێودەوڵەتیی (قاهیرە)یە. بەڵام بەر لەوی، ئەوەی بەغدا بوو. تەنانەت یەکەم پێشانگەیەکی نێودەوڵەتیی کتێب لە جیهانی عارەبیدا، لە بەغدا بوو، 7 ساڵ بەر لە کردنەوەی پێشانگەکەی قاهیرە، یانی لەساڵی 1938.

ئیدی وا هەستدەکەیت، بەهۆی بۆ نەلوانی کردنەوەی ئەو پێشانگەیە لە بەغدا، بە ناچاری هێنراوەتە هەولێر.

بەس نەبێ؟ ڕۆژی نەهات پێشانگەکە بدرێت بە دەستی وەزارەتی ڕۆشنبیری یان هەر لایەنێکی پێوەندیداری دیکەی کوردی؟

**6**

هێندێ گلەیی کە لەو پێشانگەیە دەکرێت، لاوەکی و سادەن. دەگوترێت پڕ بوو لە کتێبی عارەبی و دینی. ئەوە ڕاستە، بەڵام دەبێت بزاندرێت پێشانگەی نێودەوڵەتی، بۆ هێنانی کتێبی دەرەوەیە، بۆ نێو وەڵات. من بۆ ئەوە بۆ پێشانگە دەچم، تا ئەو کتێبانەم چنگ بکەوێت کە لەنێوان ئەو ساڵەدا هاتوونەتە چاپ و وەشان و لە کتێبفرۆشییەکانی نێوخۆدا، چنگ ناکەون. تاوێ بە ئاسانیی کتێب لە دەزگەی میسری، توونسی، مەغریبی، لوبنانی، ئوردنی... دەکڕم، وا دێتە بەرچاوم، بۆ هەر هەموو ئەو وەڵاتانە، بۆ کڕینی کتێب گەشتم کردووە. دەبێت ستایشی پێشانگە لەم ڕووەوە بکرێت، نەک تانەوتەشەری لێبدرێت. ئەوەی جێی گلەییە لەو خاڵەدا، کەمیی کتێب و سەرچاوەیە، بە زوانەکانی دیکە. دەبوو لە تەک عارەبیدا، هەژماری بەرچاو بۆ دەزگەکانی وەشانی (تورکی، فارسی، ئینگلیزی...) بکرابووایە.

**7**

قەدەغەکردنی هێندێ کتێب، بابەتی سەرەکیی قسەلەسەرکردن و مشتومڕی نێوان عەلمانی و ئیسلامییەکانە. هێندێ زۆر بەبێ ئینسافانە، بەبێ ئەوەی ئاگاداری تەواوی بەرهەمەکانی نێو پێشانگە بن، ئەوێندەرێ بە فێرگەیەکی داعش هەژمار دەکەن، بەوەی پڕ لە کتێبی سەلەفییەت و توندڕۆییە. بەڵام ڕاستینەی بابەتەکە، پێچەوانەکەیەتی. یەک دوو خانە نەبێت کە کتێبی زۆری دینیی لێ دەفرۆشرێت، باقی خانەکانی تر، فرۆشتنی کتێبە فیکری و ئەدەبی و سیاسییەکان، جەمەی دێت. ئەوەندەی من تاقییم کرد، هیچ کتێبێکی توندڕۆیی وەهام بەرچاو نەکەوت کە فیعلەن شایان بەوە بن بخرێنە ژێر سانسۆر و قەدەغەکردنەوە. ئەوە پێشانگەی کتێبە، دەبێ لێبگەڕێین فرەئاراستەیی خۆی بپارێزێت، قەیدی چییە با کتێبی دینیی لێبێت، ئەی بۆ باس لەوە ناکەن کە کتێبی پێچەوانەشی لێیە، من خۆم دەیان کتێبم کڕی کە ڕەخنەن لە ئایین، کەچی یەک دیندارم نەبینی بڵێ ئەوانە ترسناک و هەڕەشەن و دەبێت وەلا بنرێن.

دەڵێن کتێبەکانی (بن تەیمیە، بن باز، بن عوسەیمین، ئەلبانی...) هاتوونەتە قەدەغەکردن و هەڵگرتنەوە. ڕاستییەکەی ڕاستە کە هەموو ئەو "بن"انە لە "سەر"انی سەرچاوە و ژێدەری شەرعیین بۆ گرۆ توندئاژۆ دینییەکان و، هەردەم ئیلهابەخشی کردە ئیرهابییەکانیان بوون. وەلێ بڕیاری قەدەغەکردنی کتێبەکانیان بە تەنێ و بەو ڕەهاییە، چارەسەری گوتار و ڕەتاری توندڕۆیی ناکات، چون توندڕۆیی ئیسلامی تەنیا لە ئەمانە پێکنەهاتووە.

دواتر، چتێکی وەها قەدەغە دەکەیت، بە چ پێوەرێک ڕێوشوێنێکی وەها ئەمنی ـ ئەمنیی فیکری ـ لە ڕاگەیاندندا زەق دەکەیتەوە و دەیخەیتە سەر زاری ڕەشەخەڵک؟ ئەمە فەلتەیە لە کاری ئیداریدا.

ئێمە لە سەردەمی سۆشیال میدیا و تەکنەلۆجیای بەردەستدا دەژین، بە یەک کلیک لە ماوەی یەک خولەکدا، کتێبخانەیەکی زەخمی توندڕۆیەکان، دێتە نێو لاپتۆپ و ئایپاد و مۆبایلەکانمان. ویستمان لەسەر هەر کام لەو کتێبانە بێت، بە ئاسانی پرێنتی دەکەین و دواتریش دەیخەینە نێو ڕەفەی کتێبخانەکانمان. ئیتر ئەوە نابێت بەهۆی ڕێگریکردن لە وەدەستخستنی ژێدەرەکانی توندئاژۆیی.

دواتر، کەسێکی توێژەر لە ئاییناسی و سەلەفیگەرایی، بێگومان بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی، بۆ ئاگەداربوون لە بیر و ڕێبازیان، پێویستی بە سەرچاوەکانی خودی خۆیان دەبێت، ئەگەر چنگی نەکەوێت، پەکی لە چەندان وردبینی و لێکۆڵینەوە دەکەوێت.

کتێب لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەی فیکریی یەکەمیانە، وەلێ لە ئێستەدا و لە وەڵاتی ئێمەدا، چالاکی و گەشەی توندڕۆیی دینی، زێدەتر لە ڕێگەی گوتاری بانگخوازی و ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراوەیە.

بنبڕکردنی توندڕۆیی فیکری بە کولتوور دەکرێت، ئەم چتە وەک هێندێ حاڵەتی وەک نیقاب و حەلقەی جیهادی... نییە کە بتوانرێت بە گۆشەیەکی چەپانە، وەبێ یەک و دوو، قەدەغەی بکەیت. دەبێت گرنگیی بە سیستەمی پەروەردە بدرێت. زۆربەی نەهامەتییەکانی وڵاتی ئێمە، بەرەنجامی نەنگییەکانی پەروەردەیە. سیستەمێک، کولتوورێکی وەها بێنێتە ئاراوە کە تاکی کورد بە سرووشتی حاڵ، ئاوڕ لە گوتار و تەوژمی ئەو (بن)انە، نەداتەوە.

قەدەغەکردنی ئەم کتێبانە بەشێوە گشتگیرییەکە، هیچ بەرەنجامێکی ئەرێنیی نابێت، ئەگەر نەرێنیش دروست نەکات. قەدەغەکردنی کتێب، کولتوورێکی سەلەفییانەیە. لە ڕێبازی سەلەفییەت تۆقدانی ژێدەرەکان (حصر المصادر) پیادە دەکرێت. ئەوەی کە پێویستە هەبێت، فلتەرێکی بەهێزە.

چاوێک بە مەنهەجی فێرگە دینییەکاندا بخشێنرێتەوە کە بەشێکیان تا ئێستەش، کتێبەکانی ئەو (بن)انەی لێ بە دەرس دەخوێندرێن و مەنهەجن.

ئەقڵانییەت و بەرەمدار ئەوەیە، بە پرۆژەی ستراتیجی، گۆڕین لە فیکری توندڕۆییدا، بێنییە ئاراوە، ئیتر بە دەیان میکانیزمی دروست.

**8**

هێندێ کەس گلەیی ئەوە دەکەن، دەبێت ئەو پێشانگەیە لە سلێمانی بێت، چون ئەوێ پێتەختی ڕۆشنبیرییە. ڕاستییەکەی ئەو ئارگیۆمێنتە لاوازە، چون ناسناوی پێتەختی ڕۆشنبیری، لەو وەڵاتەی مەدا، وەک هەموو چتەکانی تر، وەبەر پشک و دەستکەوتی حیزبی و سیاسیی کەوتووە. لە هیچ شوێنێکی دنیادا، ناسناوی (پێتەختی ڕۆشنبیری) جێگر و سابت نییە، بەڵکە ساڵانە بەپێوەری چەندێتی و چۆنێتیی هەر شارێک، ئەو ناسناوە دەبەخشرێت. بۆ نموونە هەردوو ساڵانی 2009 و 2010 دیمەشق پێتەختی ڕۆشنبیریی وەڵاتانی عارەبی بوو، زووتریش بەغدا، دواتری ئەبوزەبی. لێرەش دەبوو وەها بێت، بۆ نموونە گەر ئەوساڵ (هەڵەبجە) پڕ چالاکیترین بوو، ئەوێ حەقی ناسناوەکەیە، بەمشێوەیە شوێنەکانی دیکەش. ئیدی گلەیی ئەوانە بەو بەهانەیە، لەجێی خۆیدا نییە. دواتر ئەو قەڵسبوونەی بۆ چییە، قاتی هەولێریش هەر کوردستان و بگرە پێتەختی وەڵاتە دابەشکراوەکەی هەموومان نییە؟

**9**

کتێب بۆ خاوەنەکەی، وەک منداڵی خۆی وایە. دەیپارێزێت، خزمەتی دەکات، دەیلاوێنێتەوە، ڕێزی دەگرێت. بگرە خۆشی لەسەر بەکوشت دەدات. وەلێ زۆرینەی خوێنەرانی ئێستا، لە ڕێزگرتن و مامەڵەیان دەگەڵ کتێبدا، پێچەوانەی ئەم هاوکێشەیەن. هەبوو تا هێزی هەبوو کتێبەکەی دەستی فڕێ دەدا سەر زەوی.. لە هەڵدانەوەی پەرەکانیشی، ئێجگار وەبێ سەروبەر بوو. خۆ چەندان جارم بینیوە، کچ و کوڕی ئەم وڵاتە (بەتایبەت قوتابیی زانسگە)کان، لەبەر خۆرەتاو کتێبەکانی دەستیان، بەرەو ڕووی ڕۆژ، لەبری چاویلکە، بەکارهێناوە.. چەندان جار، لە کاتی باراندا، بینیومە کتێبەکەی دەستی، لەسەر سەری داناوە، تا بارانی بەرنەکەوێت. ئا ئەمەیە کتێبدۆستیی موزەیەفی خوێنەری زەمانە.

"الحافظ السخاوي" لە کتێبی (فتح المغيث بشرح ألفيه الحديث)دا دەڵێت: "سليمان بن داود الشادكوني (ساڵی 234 وەفاتی کردووە) لە ڕێگەی (ئەسفەهان)، شەوەکەی، تووشی بارانێکی بە خوڕ دێت. لەم سەفەرەیدا، کۆمەڵێک کتێبی دەگەڵ دەبێت، هیچ سەقف و ماوایەکیشی چنگ ناکەوێت، بچێتە نێوی و لەژێری بحەسێتەوە. ئەوەندەی غەمی کتێبەکانی بووە، غەمی گیانی خۆی نەبووە. بۆیێ ناچار، هەتا بەیانی، تا بارانەکە لێ دەکاتەوە، خۆی وەسەر کتێبەکانی داداوە و، هەموو قالبی یەکپارچە، بووەتە ئاو و تەڕ بووە. ئەو بووەتە چەتری کتێبەکانی، نەک کتێب بکاتە چەتری خۆی."

**10**

دوێنێ بایی 200 $ کتێبم کڕی، کە هاتمە دەرەوە، دوو هەزارم لە هاوڕێیەکم وەرگرت، تا پێی بگەڕێمەوە.



# دەردی ئۆدیپی و دەرمانی ئەفسانە



کیشوەر پیرۆتی

هەر مرۆڤێک لەلای دایک و باوکی گەورە بووبێت، ناتوانێ لە کێشمەکێشە ئۆدیپییەکان دەربازی بێت. گرێی ئۆدیپ کێشەیەکی گەورەی سەردەمی منداڵییە ــ مەگەر ئەوەی کە منداڵەکە لە سەرەتاییترین قۆناغی گەشەدا وەکو قۆناغی زاری مابێتەوە. کێشمەکێشە ئۆدیپییەکان ڕاستییەکی ناچارەکیی ژیانی منداڵی ساوان و منداڵی ساوا بەتەواوەتی گیرۆدەی ئەم کێشمەکێشانەیە. ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە پێنج ساڵ بەرەوژوورە، هەوڵ دەدەن خۆیان لەو دۆخە دەرباز بکەن، هەم بە خۆدوورخستنەوەی لەم کێشمەکێشانە، هەم بە چارەسەرکردنیان لە ڕێگای دروستکردنی پێوەندیی سۆزداری لەگەڵ کەسانێک، بێجگە لە دایک و باوکیان، هەمیش لە ڕێی بەرزییەبەخشین بەم پێوەندییانەوە. تاکە شت کە منداڵێکی لەمجۆرە پێویستی پێی نییە، کاراکردنی کێشمەکێشە ئۆدیپییەکانیەتی لەڕێی ئوستوورەیەکی لەو جۆرە. وای دابنێن منداڵ هێشتا هەر بیەوێ و لە هەوڵی ئەوەدا بێت کە خۆی لەچنگ دایکی یان باوکی ڕزگار بکات، بۆئەوەی بتوانێ ئەوی دیکەیان بەتەواوەتی بخاتە ژێر دەسەڵاتی ویستی خۆیەوە، یان تاوەکو ڕادەیەک ئەم ویستەی دوورخستبێتەوە. ئەگەر بەو منداڵە ــ تەنانەت بە شێوەیەکی هێماییش ــ بگوترێ، کە مومکینە کەسێک بە هەڵکەوت و بەبێ ئەوەی خۆی بزانێت، دایکی یان باوکی خۆی بکوژێت و لەگەڵ ئەوی دیکەیاندا زەماوەند بکات، لەو کاتەدا، ئەو شتەی کە تاکو ئەوکاتە منداڵەکە هەر لە خەیاڵی خۆیدا بیری لێ کردووەتەوە، کتوپڕ لێی دەبێتە ڕاستییەکی سامناک. دەرئەنجامی ئەم کارە تەنیا ترس و نیگەرانیی منداڵ لەبارەی خۆی و جیهانی دەوروبەرییەوە زیاد دەکات.

منداڵ نەک هەر خەون بەوەوە دەبینێ کە لەگەڵ باوک یان دایکی خۆی، جا بەندە بە ڕەگەزی منداڵەکە، زەماوەند دەکات، بگرە لەوبارەیەوە خەیاڵاتیش دەکات. ئوستوورەی ئۆدیپ باس لەو دەرئەنجامانە دەکات کە لە ئەنجامی ئەم خەیاڵانەوە دێنە ئاراوە و دیسانیش منداڵ هەر ناتوانێ خۆی لەچنگ ئەم خەیاڵە دڵخوازانەی خۆی ڕزگار بکات کە لەوانەیە لە داهاتوودا لەگەڵ دایک و باوکی خۆی زەماوەند بکات. منداڵ دوای بیستنی ئوستوورەی ئۆدیپ، تەنیا بەو دەرئەنجامە دەگات کە ڕووداوێکی ئاوا سامدار ــ مردنی دایک و باوک، سەقەتبوونی خۆی ــ بۆ ئەویش پێش دێت.

منداڵ لەم تەمەنەدا، چوار ساڵان تا خۆناسین، لە هەموو شتێک زیاتر، پێویستی بەوەیە کە کۆمەڵێک وێنەی هێمایی پێ نیشان بدرێت، بۆ ئەوەی دڵنیابێتەوە لەوەی کە کێشە ئۆدیپییەکانی بە خێروخۆشی چارەسەر دەکرێن ــ هەرچەندە لەوانەیە باوەڕکردن بەو شتە ئاسان نەبێت ــ مەگین بەو مەرجەی وردە وردە بە هەوڵی خۆی، خۆی لەچنگ ئەم کێشانە ڕزگار بکات، بەڵام سەرەتا دەبێ لەو کۆتاییە خۆشە دڵنیا بێتەوە، چونکە تەنیا لەم حاڵەتەدایە، کە بوێریی هەوڵی ئازایانە پەیدا دەکات، تا بتوانێ خۆی لە گێژاوی ئۆدیپی ڕزگار بکات.

لە سەردەمی منداڵیدا لە هەموو کاتەکانی دیکە زیاتر، شتەکان ڕێیان تێدەچێت. تاوەکو منداڵ لەناخەوە خاترجەم نەبێت، ناتوانێ ڕووبەڕووی دژایەتییە دژوارە دەروونناسانەکان ببێتەوە، مەگین دڵنیابێت لەوەی کە حەتمەن بە کۆتاییەکی خۆش دەگات. گرینگ نییە کە وەدیهاتنی ئەم کۆتاییە خۆشە لەژیانی ڕاستەقینەدا تا چ ڕادەیەک مەیسەر دەبێت. چیرۆکی پەریان، یەکێک لەو کەرەستانەیە کە کۆمەڵێک کەرەستەی خەیاڵی دەخاتە بەردەستی منداڵ و بە شێوەیەکی هێمایی تێیدەگەیەنێ کە واتای بەرەنگاربوونەوە بۆ ناسینی تواناکانی خۆی چییە و کۆتاییەکی خۆشی بۆ دەستەبەر دەکات.

"کچە بەفرینە"، چیرۆکێکی پەرییانە کە تێیدا وێڕای ئیرەیی زڕدایکەکەی، نەک هەر لە ژیاندا دەمێنێتەوە، بگرە زۆریش بەختەوەر دەبێت یان "ریپۆنزێل"، ئەو کچۆڵەیەی دایک و باوکی بەڕەڵایان کرد ــ چونکە ویست و ئارەزووەکانی خۆیان بەلایانەوە گرینگتر بوو لە سەرپەرشتیی کچەکەیان ــ کەچی پاشان زڕدایکەکەی هەوڵی دا زیاتر لە پێویست لەلای خۆی بیهێڵێتەوە، یان "سیندرێلا"، نەک هەر لە ئەنجامی ئیرەیی خوشکەکانیدا، وەکو ئۆدیپ لەنێو ناچێت، بەڵکو لە ئاکامدا سەرکەوتوو دەبێت.

پەیامی چیرۆکی پەرییان ئەمەیە: سەربارى ئەوەی کە کێشە و گرفتە ئۆدیپییەکان بەڕواڵەت وەکو دەردێکی بێدەرمان دێنە بەرچاو، بەڵام بە بەربەرەکانییەکی ئازایانە بەخۆشی کۆتاییان دێت. لە کۆتایی چیرۆکی پەرییاندا، خەڵاتی پاڵەوانی چیرۆکەکە، مردن یان لەنێوچوون نییە، بەڵکو یەکپارچەیییە لە ئاستێکی بەرزدا ــ کە هێماکەی سەرکەوتنە بەسەر دوژمن یان خەنیمدا و ئەمەش بەختەوەرییە.

پاڵەوانی چیرۆکی پەرییان بۆ گەیشتن بەم قۆناغی سەرکەوتنە، سەرلەبەری ئەزموونەکانی گەشە و پێگەیشتن تێدەپەڕێنێ، وەکو چۆن منداڵ بۆ کامڵبوونی کەسایەتییەکەی پێویستی بە تێپەڕاندنی ئەزموون هەیە و، ئەم وێکچوونە ئازایەتی و بوێری بە منداڵ دەبەخشێت کە بەرەنگاری قۆناغە دژوارەکانی ژیان ببێتەوە، چونکە دەزانێ بە بەرەنگاربوونەوەیان، بە ئاکامێکی خۆش دەگات.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# سەلەفی و فشەفی

هێشتا کاژێرێ بەسەر کرانەوەی پێشانگای کتێب لە هەولێر نەڕۆیشتبوو، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پڕ لە گلەیی بوون، هەموو دەیانگوت: پێشانگە پڕ لە کتێبفرۆش و کتێبکڕی سەلەفییە، پێشانگەی بیری داعشە، وەشانخانە ئاینییەکان جمەیان دێ و سیکولارەکان سەوزەڵێ خانم دەڵێن. خوێنەرە سەلەفییەکان بە عارەبانە کتێب دەکڕن و پێچەوانەکانیان تاک و تەران و لەم جۆرە قسانە.

بۆ ئیسلامی و موسڵمان و سەلەفییەکانی کوردستان، ئەوە نەنگی نییە کە بەدوای کتێبەوەن، ڕەخنە لە کەسێک ناگیرێ تینووی بیروباوەڕێک بێت و کتێبی بۆ بخوێنێتەوە. ئەوانەی جێی گلەیین، هەندێک لەو نووسەرۆک و شتانەن کە خۆیان بە هەڵگری بیری مۆدێرن و سیکولار دەزانن و تەنیا بۆ وێنەگرتن بۆ فەیسبووک دێنە پێشانگە. سەلەفییەکانی کوردستان کتێب دەخوێننەوە، سیکولارەکانیش وێنەی لەگەڵ دەگرن.

ڕەخنەی زبر، شایەنی ئەوانەیە کە لەبەر قسەکردن و نووسین، بواری خوێندنەوەیان نییە، ئەوانەی پتر لە ڕادیۆ دەچن و هەر کە بەخەبەر بن، قسە دەکەن و هەرگیز نە گوێ دەگرن، نە دەخوێننەوە، جار و باریش بۆ ئەوەی ناویان لە ناواندا کوێر نەبێتەوە، سووکە هێرشێک بۆ سەر ئایین، نەک فیکری توندڕۆ، موسڵمان نەک ئیسلامی، دەبەن.

سەلەفی، بە دوای بیروباوەڕی خۆی کەوتووە و کون بە کون کتێبی بۆ دەدۆزێتەوە، بەڵام ئەوەی هەر فشەفش دەکات، ئەوە باشتر وایە پێی بڵێین هەڵگری بیری فشەفی، جا ئەم فشەفییانە تێیاندایە هێندە بەعسیبین، داوا دەکەن دەسەڵات ڕێگە لە هاتنی ئەو وەشانخانانە بگرێت کە کتێبی ئاینی چاپ دەکەن، بێئاگا لەوەی ڕێگەگرتن لە بیروباوەڕی خەڵکی دیکە، هەرکەسێ بیکات، ڕەوتارێکی داعشانەیە، ئاخر ئەوەی دەبێ ڕێگەی لێبگیرێت، توندڕۆییە نەک بیروباوەڕ جا توندڕۆییەکەش هەرچی بێت.

وشە، بە وشە وەڵام دەدرێتەوە. ئەوەی دەبێ هەمووان ملکەچی بن بە سیکولار و سەلەفییەوە، یاسایە. ئەوە یاسایە کە دەبێتە چەتری پاراستنی جیاوازییەکان، ئەوەش دەسەڵاتدارە سەروەریی ئەو یاسایە دەپارێزێت، ئاخر بەرەنگاربوونەی بیری توندئاژۆ، بە دژایەتیکردنی ئاین نابێ، بە سەپاندنی پرەنسیپی یەکدی قەبووڵکردن دێتەدی.

سەلەفییەکان کتێبی عیلمی کەلام دەکڕن، هەندێ فشەفی، بەردەوام کەلامی بێ عیلم بەم و بەو دەفرۆشن، ئاخر باڵاترین چالاکیی هەندێ بەناو سیکولاری کوردستان ئەوەیە، دەچن لە یوتیووبدا ڤیدیۆی مەلایەکی گومناوی بێ عەقڵ دەدۆزنەوە و قسە قۆڕەکانی، کە هەر پازدە بیست کەسێک گوێی لێبووە، چەند هەزار جارێک شەیر دەکەنەوە.



ناسر باباخانی
nasirbaba68@yahoo.com

# گیڤاراکان

کۆتاییەکانی دەیەی 60ی زایینی لەباری فکری سیاسییەوە، زاڵبوونی گوتاری چەپی بزووتنەوە دژبەرەکانی ئەو وڵاتە دیکتاتۆرییانەی کە بە تەعبیری ئەوان سەردەمان گرێدراوی ئۆردوگای ئەمپریالیستی بوون، ڕەنگە دیارترین بیرورای سیاسی بێ، بەتایبەتی لە چاخێکدا کە شەڕی سارد لە نێوان دوو جەمسەری ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەتدا لەوپەڕی خۆیدا بوو. دیارە سەرکەوتنی شۆڕشی کووبا، خۆڕاگریی خەڵکی ڤێتنام، شەڕی جەزایر، شۆڕشی 1968ی فەڕەنسا، سازبوونی ساف لە فەلەستین و... لەسەر زاڵبوونی ئەم گوتارە دەورێکی بەرچاویان هەبوو.

خۆ ئەگەر زۆری خایاند تا بۆ ئەم بزووتنەوانە دەرکەوت کە یەکێتی سۆڤیەت بەرلەوەی خەمی چارەنووسی گەلانی ژێردەستەی هەبێ، مەبەستی زیاتر بەرپەرچدانەوەی بیرۆکەی ئەمپریالیستی بوو لەو وڵاتانەی کە حکوومەتەکانیان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ئەمریکا نێزیک بوون، بەڵام بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانیش بۆ بەرگری لە خۆیان و دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی حاکم لەڕاستیدا هیچ پەنا و پەسیوێکی تریان شک نەدەبرد، بۆیە دەکرێ بڵێین جۆری پەیوەندیی بزووتنەوەکان و ئۆردووی چەپ زیاتر لەڕووی ناعیلاجیی هەردوو لاوە بوو! هەرچەندە کەم نەبوون ئەوانەی بەڕاستی ئیمانیان بەم ئۆردووە هەبوو، لە ئەنجامیشدا سەریان لەم پێناوەدا نایەوە.

***

ئێرنێستۆ گیڤارا (1928-1967) لەوسەردەمیدا ببوو بە هێمایەک بۆ ئەو گەنجە خوێنگەرم و ئاڕمانخوازانەی خوازیاری گۆڕینی "دۆخی هەنووکەیی" وڵات بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ بوون و لەسەر بنەمای ڕێنوێنییەکانی ڕۆجێ دوبرۆی (ڕووناکبیری چەپی فەڕەنسی و قوتابی لویی ئاڵتۆسێری فەیلەسووفی مارکسیست) شۆڕشی چەکدارییان کردبوو بە ئامرازێکی تاکتیکی و ستراتیژیک بۆ — لانیکەم — نەقورچکێک لە حکوومەتە ئەمپریالیستییەکان، بۆیە کتێبە بەناوبانگەکەی ڕۆجێ دۆبرۆی "شۆڕش لە شۆڕشدا" وەک "کتێبی پیرۆز"ی ئەو نەوەیەی لێهات و خەباتی چەکداری بۆ ئەوان، هەم بوو بە تاکتیک و هەم ستراتیژی! هەرچەندە پاش ماوەیەک ڕۆجێ دۆبرۆی لە کتێبێکی دیکەیدا "ڕەخنە لە چەک" تا ڕادەیەکی زۆر پاشگەز بووەوە و دواتر بووە گەورە ڕاوێژکاری فرانسوا میتران سەرکۆماری ئەو کاتی فەڕەنسا! بەڵام کتێبی دووەمی هەرگیز لەلایەن چەپەکانی ئەو سەردەمەوە ئاوڕی بەخێری وێنەدراوە و شۆڕش جێی بە سازان لێژکرد!


***

هەر لە کۆتایی شەستەکانەوە و پەلکێشی بیری سیاسی بۆ لای چەپ، لە زۆر شوێنی دنیا ئەم بیرۆکەیە خۆی خزاندە ناو چینی گەنج و خوێندەواری ئەم کۆمەڵگایانەی کە ستەمی چینایەتی و ستەمی نەتەوایەتی ئازاری دەدان، ئەوان شۆڕشگێڕگەلێکی ئاڕمانخواز بوون کە بەدووی سازکردنی دنیایەکی باشترەوە بوون لە هەر ڕوویەکەوە. ئاماژە بە چەند نموونەیەک سەرەڕای جیاوازیی ژینگەی جوگرافیایی و سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەتوانێ بۆ باسەکەمان یارمەتیدەر بێ: شەهید سمایل شەریفزادە (1942-1968) مەسعوود ئەحمەدزادە (1946-1972) دێنیز گەزمیش (1947-1972) کە لە سێ هەڵکەوتەی جوگرافیایی جیاواز واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باکووری ئێران و تورکیا دەستیان کرد بە خەبات. ئەوان لەباری سیاسی و فکرییەوە ڕەچاوی بۆچوونەکانی ڕۆجێ دۆبرۆیان دەکرد و لەباری نیزامی و چەکدارییەوە گیڤارایان کردبووە سەمبولی خۆیان. ئەوانە لە وڵاتی خۆیان بە گیڤارا ناسرابوون... ئەوان گەنج، خوێندکار، ئاڕمانخواز و چەپ بوون کە لە ئاکامیشدا لەلایەن دەسەڵاتەوە کوژران.

***

دیارە ئەم حەولانە بەپێی ئەوەی کە لە جوگرافیایەکی بەرتەسک و سنووردارداا بەڕێوەچوون و بە سەرانسەری نەکران و لەلایەکی دیکەوە بە هیچ شێوەیەک هاوسەنگیی هێزی لەڕووی نیزامییەوە تێدا نەبوو، هەروەها خەڵککە ئاستی فەرهەنگی سیاسییان لەهەمبەر ئەم بزووتنەوانە یەکجار نزم بوو، هاوکاری و خەمخۆرییان بەرلەوەی بەرهەمی ناسین وەک دیاردەیەکی مەعریفی بێ زیاتر بەرهەمی هەست و سۆز بوو بۆ چەند گەنجێک کە بە دژی زوڵم ڕاپەڕیبوون، بۆیە ئەو پشتیوانییە جەماوەرییەی دەبووایە لەگۆڕێدا با، نەیانبوو. هەروەها بەردەنگی سەرەکی ئەم بزووتنەوانە زیاتر چینی لادێیی و وەرزێر بوو تا چینی مامناوەندی شار، کە دەیتوانی بەپێی جەوهەری زاتی خۆی لەسەر هاوکێشە سیاسییەکان شوێندانەر بێ. ئەوەی ئەوان لە کتێبەکەی ڕۆجێ دۆبرۆی وەک ئایەتێکی پیرۆز و نەگۆڕ هەڵیانکڕاندبوو "شەڕی چەکداری بوو بەبێ کۆمەڵانی خەڵکی ئاسایی و ڕەشۆکی"، تەنانەت لایان وابوو ئەم شەڕە نابەرامبەرەش تا ئەو جێیەی دەکرێ دەبێ درێژخایەن بکرێتەوە چون دواجار درێژخایەنبوونی شەڕی چەکداری بە قازانجی خەباتی سیاسی و هۆشیاریی کۆمەڵانی خەڵک یەکلا دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر لە هەندێ شوێن و لە هەندێ قۆناغی زەمەنیشدا تووشی شکست دەهاتن، هیوابڕ نەدەبوون و پێیان وابوو بە زەبری چەک دەکرێ ڕۆچنەیەک بدۆزنەوە لە شەوەزەنگی دیکتاتۆریی زاڵ بەسەر وڵاتدا. وتەیەکی مەشهوور هەیە کە دەڵێ: ڕادیکاڵیزم گەورەترین هێمای حەققانییەتی بزووتنەوەکانە. ئەو ڕادیکاڵیزمەی لە خەباتی ئەو گەنجە خوێندکارە ئاڕمانخوازانەدا بەدیدەکرا، ئاوێتەی چەشنێ حەماسە و ڕۆمانتیسمیش ببوو و مەبەستی ئەوە بوو کە بە "مەرگێکی خۆهەڵبژاردە" بەستەڵەکی دیکتاتۆری وڵات بشکێنن و خەڵک لەخەو ڕاپەڕێنن، هەربۆیە بە ئامێزێکی ئاوەڵاوە بەرەوپیری مەرگ چوون.

وەک دوا وتە: ئێستا نیزیک بە پێنج دەیە بەسەر نەمانی ئەم چەپە ئاڕمانخوازانە تێدەپەڕێ و دۆخی دنیا لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڕدراوە. کە سەیر دەکەی ئەوان وەک "مێشک" ئامادە بوون بەڵام خەڵک وەک "لەش" مەودایەکی زۆری لەگەڵیان هەبوو. کەچی لەم سەردەمەدا هاوکێشەکە تەواو پێچەوانە بووە و ئەمجارەیان ئەوە خەڵکن کە لە پێشەوەن، وێدەچێ ئەم وڵاتانە و وەک نموونە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کتێبێکی پیرۆزی پێویست بێ تا وانەکانی شۆڕشێکی سەرلەنوێی بۆ بڵێتەوە!



ڕابەر تەڵعەت

# داعش.. خوێندنەوەیەکی پێچەوانە بۆ تێگەیشتنێکی باو

چی وا لە مرۆڤ دەکات ببێتە ئیسلامییەکی توندڕەو لە فۆرمی داعشدا، کە ئامادە بێت خۆی بتەقێنێتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، خەڵکانێکی زۆر ڕوو دەکەنە وەڵامێکی زۆر دووبارە و ئاشنا لەلای هەمووان، وەڵامەکەش خۆی لە دوو هۆکاردا دەبینێتەوە، ئەوانیش بریتین لە: هەژاری و بێبەشکردن یاخود پشتگوێخستن. سەبارەت بە هەژاری، گریمانەکە ئەوەیە خەڵکی هەژار لە ئاست خەڵکانێکی دەوڵەمەند و چاوچنۆک، هیچ دەرەتانێکیان بۆ نەماوەتەوە، هەژاری و سەرکزی نەبێت، بۆیە لەنێوان پاڕانەوە یان ڕەتکردنەوە و دژایەتیکردنی دەوڵەمەندێکی چاوچنۆک و سیستەمێکی سەرمایەداری بێ بەزەیی، ڕێگای دووەم هەڵدەبژێرن، ئەویش بە باوەڕهێنان بە چارەسەری ئاینی و هەڵبژاردنی ڕێگای شەهیدبوون، لە پێناو ئامانجێکدا کە ئاینەکەیان وەک چارەسەر بۆ مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا بەرزی کردووەتەوە. سەبارەت بە پەراوێزنشینی و بێبەشبوونیش، گریمانەکە ئەوەیە کە هەژاری، هەموو ڕێگاکانی لەبەردەمدا داخستوون، ئەوان لە پەراوێزی کۆمەڵگادا ژیان بەسەر دەبەن، هیچ شانسێکیان بۆ خوێندن و فێربوون و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لەبەردەمدا نییە، بە هەژاری و نەخوێندەواری لەدایک بوون، دەبێت هەرواش بژین و بمرن. لەنێوان ئەم دوو هۆکارەشدا، واتا هەژاری و پەراوێزنشینی، ئەو خەڵکە بە ئاسانی دەبنە نێچیری گرووپە توندڕەوەکان و بە سوودوەرگرتن لە نەزانین و هەژارییەکەیان، ڕاویان دەکەن و دەیانکەن بەو سوپایەی کە ئێستا داعش و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بەهۆیەوە هەڕەشە لە هەموو جیهان دەکات.

بەڵام بە سەرنجدان لە کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەم دواییەی ئەوروپا، بە سەرنجدان لەو لێشاوی گەنجەی کە لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە پەیوەندیان بە داعشەوە کردووە، بەسەرنجدان لە پرۆفایلی زۆربەی سەرکردە و خۆکوژە دیارەکانی ناو ڕەوتە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە قاعیدەوە تا داعش. دەبینین ئەو وەڵامەی سەرەوە ناتوانێت گریمانە و وەڵامێکی دروستی پرسیارەکەمان بێت. وەڵامی من بۆ ئەو پرسیارەی سەرەوە، ئەوەی وا لە مرۆڤێک دەکات ببێتە داعش یان ئیسلامییەکی توندڕەو، هۆکاری هەژاری یان نەخوێندەواری و بێبەشبوون لە زانکۆ و پەراوێزنشینی نییە. چونکە زۆربەی ئەوانەی تا ئێستا سەرکردە و دامەزرێنەر و ڕێبەری فیکری ئیسلامیی جیهادیی توندڕەو بوون، یان موجاهید و خۆکوژ بوون، بەگشتی سەر بە چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگان، ئەوان نە برسین نە نەخوێندەوار، بگرە زۆربەیان دەرچووی زانکۆ و خەڵکی تێروپڕ و برسێتی و نەخوێندەواری ئەوانی نەکردووە بە نێچیری فیکری توندڕەویی ئیسلامی، یان جیهادی. ئەوان سەر بە چینی ناوەڕاستن Middle Class، ئەوەی ئەوان بەدوایدا دەگەڕێن بریتییە لە خواست بۆ گۆڕانکاریی سیاسی و بانگەشەکردن بۆ سیستەمێکی بەهایی و گەڕان بەدوای مانا لە چوارچێوەی تێگەیشتنێکی ئاینیدا کە ئیسلامە. بەڵام چۆن؟

لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتیش وڵاتانی عەرەبی کە لەسەر پاشماوە و میراتی داڕوخاوی دەوڵەتی عوسمانی دامەزراون، پرۆژەی دەوڵەت بە تەواوی مانا، لەسەر ئاستەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و نەتەوەییدا شکستی هێناوە. دەسەڵاتەکانی ناوچەکە، بە پاشایەتی و سەربازی و تۆتالیتار و نەتەوەپەرستەوە، توانییان بۆ چەند دەیەیەک ئاسایشی ناوچەکە بەزەبری سەرکوتکردن و تۆقاندن ڕابگرن، ئەمەشیان لەسەر حسابی هەڵوەشاندنەوە و وێرانکردنی ژێرخانی مەدەنی و مرۆیی و ئابووریی وڵاتەکانیان کرد، لەسەر ئاستی بونیادنانی نەتەوە شکستیان هێنا و دەسەڵات و فەرمانڕەوایی فۆرمێکی ئۆلیگارشی و نەتەوەیی و مەزهەبی وەرگرت، بۆ چەندین دەیە کەسانێک و چەند بنەماڵەیەکی دیاریکراو، دەوڵەت و سامانی وڵاتیان تەنها بۆ خۆیان بەکاردەهێنا، هەموو پرۆسەیەکی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مەدەنی، کەوتە ژێر پێی ئایدیۆلۆژیایەکی شۆڕشگێڕی و تاکڕەوییەوە، هیچ فیکر و ئایدیۆلۆژیایەک نەیتوانی بەربەرەکانێی پاوانخوازی و دەسەڵاتخوازیی ئەم وڵاتانە بکات، دیموکراسی و گەشەکردنی بونیادی مەدەنی و ئازادییەکان قەدەغەبوون، ئایدیۆلۆژیای چەپ و سۆسیالیزمیش، لەدوای نەمانی سۆڤیەت بەتەواوەتی پاشەکشەی کرد.

لە بارودۆخی فەرمانڕەوایی خراپی ئەو وڵاتانەدا، خواست بۆ گۆڕانکاری و ڕزگاربوون لە سیستەمی پاوانخوازیی بنەماڵەیی و تاک حیزبی و تاک سەرکردەیی، خواست بۆ گۆڕانکاری ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرزبوونەوەدا بوو، بەتایبەتیش لەناو چینی خوێندەوار و زانکۆدیدە و گەنجی تازە پێگەیشتوو لە ژێر باڵی ئەو سیستەمەدا، ئەوانەی کە دەتوانین وەک چینی ناوەڕاست ناویان ببەین. حیزبە ئیسلامییەکانیش، یان فراوانتر بڵێین فیکری ئیسلامی بە هەموو باڵەکانییەوە، زیاتر لەنیو سەدەیە بە دەیان فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی، لە ناوچەکەدا ئامادەییان هەیە و چالاکن، ئەوان دەسپێشخەربوون لە نیشاندانی چارەسەری و بەڵێنی ئیسلام وەک چارەسەر بۆ هەموو ئەو کێشانە، بە واتایەکی دیکە بڵێین، لەگەڵ یەکەم هەڵسانەوەی جەماوەری بە دژی سیستەم لە ناوچەکەدا، لە نموونەی وڵاتێکی وەکوو میسر، ڕەوتە ئیسلامییەکان چ وەک فیکر و چ وەک بەرنامە و ڕێکخستن، زۆرترین ئامادەییان هەبوو لەناو هەناوی کۆمەڵگای عەرەبیدا، زووش توانییان سواری شەپۆلەکە ببن. بەدرێژبوونەوەی دۆخی گۆڕانکارییەکان و پێکدادانەکان لەنێوان سیستەمی کۆن و خەڵکدا، دۆخەکە زیاتر قەیراناوی بوو، سیستەمی کۆن تا زیاتر بەرگری لە خۆی دەکرد، زیاتر توندوتیژی لەدایک بوو، تا گەیشت بەو خاڵەی کە دیمەنەکە بەم شێوەیەیە: دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی سەرکوتکار، کۆنترۆڵی خۆی لەدەستداوە، فایلی ئاسایش چیتر لە دەستی دەوڵەتدا نییە. لە ناوچەکەدا، خواستی گۆڕانکاری، یان خواستی ڕزگاربوون لە سیستەمە سەرکوتکارەکان و وەدیهێنانی دادی کۆمەڵایەتی بەلای خەڵکەوە پرسێکی چارەنووسسازە، هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان توانیویانە ببنە بەشێک لە ئەجێندای خواستی خەڵک و چینی ناوەڕاست بۆ گۆڕانکاری، ئەوان لە ڕوانگەی خۆیانەوە چارەسەری توندوتیژییان هەڵبژاردووە، بەدیل لای ئەوان ئیسلامە بەو تێگەیشتنەی خۆیان. ئەوان بەشێکی زۆری گەنجی سەر بە چینی ناوەڕاستیان لەگەڵدایە، گەنجی خاوەن بڕوانامە و دەرچووی زانکۆ و پەروەردەبووی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بنەماڵەی خۆشگوزەران. ئەوان لەو چینە ناوەڕاستەوە سەرچاوەیان گرتووە کە بڕوای بە ئیسلام هەیە وەک تاکە سەرچاوە بۆ گۆڕانکاری و دەربازبوون لە قەیرانەکان، بۆیە ئەوە گریمانەیەکی دروست نییە کە بڵێین داعش و نموونەکانی لە هەژاری و نەخوێندەوارییەوە سەرچاوەیان گرتووە، ڕاستترە بڵێین کە ئەوان دەبنە مایەی هەژاری و نەخوێندەواری، ئەوان هۆکارن بۆ وێرانکاری و توندوتیژی و بڵاوکردنەوەی جەهالەت.

بۆیە کاری میدیا و ناوەندەکانی ئەکادیمی و دەسەڵاتەکان، نابێت هەر بە تەنها خۆسەرقاڵکردن بێت بە دۆزینەوەی ڕەگەکانی داعش لەناو ماڵە هەژارەکان یان لەلای نەخوێندەوارەکان، بەڵکو دەبێت بڕوانێتە ئەو چینە مامناوەندەی کە ئێستا لە کوردستاندا میدیا و مینبەری مزگەوتەکان و تریبۆنی زانکۆ و خوێندنگاکانیان بەدەستەوەیە، لەوە تێبگات کە ئەوان چۆن بیر لە ئاین و چارەسەری ئاینی بۆ کێشەکان دەکەنەوە، چونکە چینی ناوەڕاست لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا دەتوانێت پاڵپشت و بەرهەمهێنەری داعش و نموونەکانی وەک داعشیش بێت.



بەرزان عەلی حەمە

# گەڕانەوەی مەسیح بۆ سلێمانی

دەڵێن ئاغا لەگەڵ ئاغا کێشەی غوڵامەکانی هەبوو، غوڵامەکانیش کێشەی هەردووکیان! دەی روونە، کێشەی ئاغا بەڕەعیەت چارەسەر نابێت، بەڵام ڕەنگە هی ڕەعیەت بە ئاغاکان چارەسەر ببێ!

لە دونیادا میللەتان لەڕێی حیزبەکانیانەوە، ململانێ سیاسییەکانیان یەکلایی دەکەنەوە، بەڵام لە کوردستان حیزبەکان لەڕێی میللەتەوە ململانێی سیاسی یەکلایی دەکەنەوە. تۆ بڕوانە، هەر حیزبێک لەگەڵ حیزبێکی تر بەیەکدا هەڵشاخێت، غوڵامەکانیان پەلاماری یەکتر دەدەن. لەجیهاندا هەوڵەکان بۆ ئەوەن کە پیاوی دەوڵەتمەدار بەرهەم بهێنرێت، بەڵام لە کوردستان هەوڵەکان بۆ ئەوەن کە دەوڵەت بۆ پیاوێک بەرهەم بهێنرێت. لە دونیادا حیزب بۆ ڕێکخستنی میللەت دادەمەزرێ، لە کوردستان میللەت بۆ ڕێکخستنی حیزب تەزکیە دەکرێت.

جا خۆ ئێمە بەختمان هەیە وەک وڵاتە گەورەکانی دونیا کێشەی قەبەمان نییە، دەنا سەری بابمان دەچوو بەگۆڕا، سەیری ئێران بکەن، کێشەی ئەتۆمیی هەیە، کۆریای باکووریش هەروا، ڕووسیا لەگەڵ ئەمەریکا کێشەی گەردوونیی هەیە. ئێمە کوا کێشەی گەورەمان هەیە تا بەپیاوی گەورە حەل ببێت؟ ئێمە ژمارەیەکی زۆر کێشەی بچووکمان هەیە! ئێمەی کورد دوو جۆر پیاومان هەیە، جۆرێکیان ئەو پیاوە بچووکانەن کە کێشەی گەورەیان پێ دروست دەکرێت، جۆرەکەی تریان ئەو پیاوە گەورانەن کە کێشەی بچووکیان پێ چارەسەر ناکرێت!

خۆ گەر هەموو ئەوانەش بەلایەکدا بخەین، ئێمە کێشە بنەڕەتییەکەمان ئەوەیە پیاوی بچووکمان زۆرە کە کێشەی گەورەمان بۆ دروست بکات، دەنا ئاریشەکانمان، بە دوو تەوقە لەگەڵ یەکدی و هەندێ ڕەسمگرتن و تەوزیعکردنی فرۆشی نەوت چارەسەر دەبن! سەرجەم سیاسییەکانی ئەم وڵاتە، سەرجەم حیزبەکان، شەرەفی میللەتیان شکاندووە، بەڵام دروشمەکانی سەر تەلەفزیۆنیان بە "کۆمەڵانی بەشەرەفی خەڵکی کوردستان!" دەستپێدەکات! کورد لەسەر تەلەفزیۆن کە باسی منداڵ بکات، هەر وەک ڕاهاتنێک، پێی دەڵێت، منداڵە چاوگەشەکان، بەپێشمەرگە دەڵێت، پێشمەرگە قارەمانەکان، بە شاعیر دەڵێت: شاعیری گەورەی گەلەکەمان، ئەمانە وەک ئاخاوتنێکی زمانەوانی و ڕۆتیناتی ڕۆژگار شتێکی ئاساین، بەڵام کاتێک ناوی سەرۆک و سەرکردەکانیان دەهێنن، دەیان پاشناو و پاشگر و پێشگری پیاهەڵدانی پێوە دەکەن، دەی ئەمە نائاساییە، ئەم هەموو چاوەڕوانییە لە سەرۆک و سەرکردە، لەپای چی؟

کەس چاوەڕێ نەکات کە ئاریشەکان بە سەرکردەکان چارەسەر بن، تۆ هەی پیاوی بچووک، کێشەی گەورە دروست مەکە و چاوەڕێی سەرکردەکانیش مەکە چارەسەری بکەن، سەرکردەکان سوپەرمان نین، کە شێخ مەحموود شۆڕشی لە 22ی مایسی 1919 ڕاگەیاند، ئینگلیزەکان گرتیان و ڕەوانەی هیندستانیان کرد، هەموو کورد وایاندەزانی بەس شێخ بێتەوە، سەرجەم کێشەکانی چارەسەر دەبن، شێخ هاتەوە و کێشەکانیش وەک خۆیان مانەوە. کاتێک ڕەحمەتی، مستەفا بارزانی پەنای بردە بەر سۆڤێت، هەموو کورد وایاندەزانی بەس ئەو بگەڕێتەوە، هەموو کێشەکان چارەسەر دەبن، لە 26ی تشرینی یەکەمی 1958، بارزانی گەڕایەوە و کێشەکانیش هەروەکو خۆیان مانەوە. لە 15ی شوباتی 1999 کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕادەستی تورکیا کرا، لەو کاتەوە بەشێکی گەورەی کورد پێیانوایە، ئاپۆ بێتەوە هەموو کێشەکان چارەسەر دەبن.

لە مانگی ئەیلولی 2014شەوە کە نەوشیروان مستەفا چووەتە دەرەوە، ئومەتێک لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەیدایە، ڕەنگە وابزانن بەس ئەو بێتەوە، ئیتر هەموو کێشەکان چارەسەر دەبن!

هەتا ئێستا لە کوردستان سەرکردەیەک دروست نەبووە کە سەرکردەی تێکڕای خەڵک بێت. هیچ پارتییەک نییە کە قسەی کرد گۆڕانێک و یەکێتییەک و ئیسلامییەک لەو قسەیەی ڕازی بن. هیچ یەکێتییەک نییە کە قسەی کرد، گۆڕانێک و پارتییەک و ئیسلامییەک لێی ڕازی بن. سەرکردەکانی کورد، چەندەش کاریگەر و بەدەسەڵات و ناسراو بن، هەرگیز نەیانتوانیوە سەرکردەی هەموو خەڵکی هەرێمەکەیان بن. شانۆیی "ئاخیر زەمان" لە کوردستان زۆر عەجیبە، دەجال و کەرەکەی دەردەکەوێ، بەڵام هەمیشە عیسا دوادەکەوێ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# نەوشیروان مستەفا دەگەڕێتەوە؟

1

گەورەترین گەڕانەوەی سیاسی و مێژوویی کە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕی، گەڕانەوەی ئیمام خومەینی و تاپۆکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو لەسەر ئاخوندەکانی حەوزەی قوم! ئەڵبەتە زۆر گەڕانەوەی دیکەی مێژوویی هەن، بەڵام لە مێژووی نزیکدا، ئەوەیان گەورەترین گەڕانەوەیە کە بەدوای خۆیدا، بووە یەکێک لە رووداوە هەرە گرنگەکانی مێژووی هاوچەرخ. مەزهەب و دینەکانیش خەڵکی غائیبیان زۆرە وەک مەهدی و عیسا و... هتد کە چاوەڕێی گەڕانەوەیانن و تەنانەت ئەساسی بیروباوەڕەکانیان لەسەر گەڕانەوە یان دەرکەوتنەوەی ئەو غائیبانە داڕێژراوە.

لە تورکیاش کە سەروبەندی تەڵاقی سیاسی و ئابووریی نێوان فەتحوڵڵا گولەن و ئاکپارتی بوو، مێدیا چەندین مانگ ئیشی لەسەر گەڕانەوەی مەهدیی موژدەدراوی تورکیا کرد، کەچی نە گولەن گەڕایەوە و نە هیچ گۆڕا. ئێستا لە کوردستانیش نزیکەی نیو ساڵە کاک نەوشیروان غائیبە و ئەوە لە ژیانی سیاسیی ئەودا شتێکی تازە نییە، بەڵام ئەوەی ئەمجارەیان هەم موهیمە و هەم سەرنجڕاکێشە، ئەو غیاب و گەڕانەوەیە زۆری لێ بارکراوە. چونکە نەک هەر حەرەکەتێکی سیاسی، بگرە بەشێکی گەورەی پرۆسەی سیاسی، پێش ئەوەی لەسەر رێگری لە سەرۆکی هەڵپەسێردراوی پەرلەمان و دەرکردنی وەزیرەکان پەکی کەوتبێت، لەسەر ئەو پەکی کەوتووە. تەنانەت چارەنووسی بزووتنەوەکەشی لە گرەوی ئەو گەڕانەوەیەدایە.

خۆشخەیاڵییە ئەگەر هەندێک کەس وا باوەڕ بکەن کە رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان عەسای سیحریی پێیە بۆ گۆڕینی تێکڕای بارودۆخی کوردستان و کەسیش بۆی نییە ئەو چاوەڕوانییەی لێ هەبێت. لێ گەڕانەوەی ئەو و دیدارێکی لووتکەی لەگەڵ بارزانی، دەتوانێ بە شێوەیەکی کاتی کۆتایی بەو وەزعەی ئێستا بهێنێ. کەچی ئەو هێڵە سیاسییەی گۆڕان گرتوویەتیە بەر (لە پەنابردنە بەر یەکێتی) ئاماژەی زۆر نائومێدکەرن لەوەی کە گۆڕان بگەڕێتەوە سەردەمی زێڕینی خۆی. یەکێتی چ بەهێز بێت و چ لاواز، بە هەردوو دیوەکەی داری لە روحی گۆڕان داوە. یەکێتییەکی لاواز تەسلیمی پارتی دەبێت، یەکێتییەکی بەهێزیش گۆڕان قووت دەدات! ئەدی چار چییە؟

کاک نەوشیروان لەدوورەوە بە تەنگ ئەوەوەیە کە بتوانێ ئەو باڵانسە رابگرێت و تەنانەت حازریشە لە داهاتوودا مساوەمە لەسەر پۆستی پارێزگاری سلێمانی بکات، ئەگەر یەکێتی حازر بێت رێککەوتنێکی شەرافەتمەندانەیان لەگەڵ ئیمزا بکات لە بەرامبەر پارتیدا. چونکە ئەم دۆخەی ئێستا و ئەو گۆشەگیرییەی گۆڕان، رێکخستنەکانی ئەو حیزبە بەرەو پووکانەوە دەبات و هێدی هێدی لە دەرگەی ماڵە گەورەکە (یەکێتی) دەدەنەوە.

# دیبەیتی دوو مەلا

3

ئەگەرچی هیچ تامەزرۆییەکم بۆ دیبەیتی دوو مەلایەکە نەبوو، بەڵام گوێمدایە و دیتم. دیبەیتێکی سەیر بوو. لێوانلێو لە موجامەلە و بەڕێوەبردنێکی سەقەت، بۆیەش سەقەت چونکە مەعقولە تۆ خەڵک بێنی لە ساڵۆنێکدا خڕیان بکەیەوە و ئەو هەموو قسەیەیان دەرخوارد بدەی، بەڵام رێگە نەدەی کەس هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر قسەکانی ئەوان هەبێ؟

ئەستێرەی مەلای فێندەمێنتاڵیست بەرامبەر بە مەلای سێکولار زۆر درەوشاوەتر بوو (راپرسییەکی پۆرتاڵی رووداو بەلای مەلا عەلی باپیردا بوو)، چونکە مەلای سێکولار پێش هەموو شتێک ملکەچی پەلامارەکانی عەلی باپیر بوو لەسەر سیستەمی حوکمڕانیی کوردستان و نەیتوانی لێی بپرسێ کە تۆیەک پەرلەمانت بە کوفر پێناسە کردبێت، چۆن دەتوانی پەسنی دیموکراسی بدەیت؟ مادام کتێبەکانی ئەوت خوێندووە، ئەویشت خوێندبایەوە! بەڵام ئەسڵی مەسەلەکە ئەوە نییە و بینەری وشیار دەزانێ کە ئەو هەموو شێر و رێوییە و ئەو مامۆستا مامۆستایە بە خۆڕایی نەبوو. ئەو بەزم و رەزمە بۆ جوانکردنی وێنەی ئەمیری کۆمەڵ بوو... سیناریۆیەک کە ئێرانییەکان دەمێکە کاری لەسەر دەکەن و ئامانجەکەشی پێکا. ئینجا ئێستا ماوەتەوە هەنگاوەکانی دوای ئەوە. چونکە لە سیاسەتی ناوچەییدا، بۆ ئێران، جێگرەوەی تاڵەبانی ئەمیری کۆمەڵە نەک خەڵکی دیکە.... جارێ هەر ئەوەندە دەنووسم و ئەوەی دیکە با بمێنێ.

# وەک گوندەکەی پەکەکە، کاک خالید عەزیزی!

2

لە کاتێکدا کە هەموو هێزە کوردییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوای چارەسەری ئاشتییانە و دیالۆگ دەکەن، وڵاتانی ئیقلیمی ساڵانە ملیاران دۆلار لە کڕینی چەک، پەرەپێدانی تەسلیحاتی و تەکنۆلۆژیای سەربازیدا خەرج دەکەن. سوپای تورکیا نزیکەی شەست ساڵ دەبێ (دوای جەنگی کۆریا و داگیرکردنی قوبرس) لەشکری خۆی تەنیا و تەنیا لە دژی کورد جوولاندووە! لانیکەم تاران، بەغدا و شامیش یان شەڕی وەکالەتیان بە کورد کردووە، یانیش شەڕیان لەگەڵ کردوون. لە بارودۆخێکی وەهادا کە هاوکێشەی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (لەسەر هەموو ئاستەکان) لە رێگەی لوولەی تفەنگەکانەوە دیاری دەکرێت، باسکردن لە دیالۆگ و ئاشتی شتێکی سەیرە.

پتر لە سێ دەیەیە کە پەکەکە شەڕی تورکیا دەکات و گوندێکیشی پێ ئازاد نەکراوە، کە ئازادیشی کردبێت پێی نەپارێزراوە (قسەم لەسەر ئەوە نییە کە پەکەکە لە سیاسەتدا چەند راستە یان هەڵە)، بەڵام هیچ نەبێ تورکیای ناچار کردووە کە قەبوڵ بکات کێشەی کورد هەیە و وەک لایەنێکی بەهێزی مەسەلەکە وەرگیراوە. لێدوانە نائومێدکارەکانی کاک خالید عەزیزی پتر لەوەی پەیوەست بێت بە حەزی ئاشتیخوازانە، نیشانەی بێدەسەڵاتی و ئیرەییە بەو حەماسەتە گەورەیەی کە ئێستا لە دوای نەورۆزەوە لە کوردستانی رۆژهەڵات دروست بووە. ئەگەرنا وڵاتێک کە باوەڕی بە هیچییەک لە بنەماکانی مافی مرۆڤ نەبێ، باوەڕی بە دیموکراسی و بەرابەری نەبێت، تا سەر ئێسقان لە تیرۆر و تۆقاندنەوە گلابێت، دانوستاندن وەکو دەرفەتێکی زێڕینی تیرۆری سەرکردەکان بەکاربێنێت، لەسەر کام بنەما گفتوگۆی ئاشتیانەی لەگەڵ دەکرێت؟ ئەوەش مەتەڵێکە کە دەبێ کاک خالید هەڵیبێنێ.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# کۆڵانە داخراوەکەی تورکیا

ئەو سەقامگیری و ئاسایشەی کە گوتاری سیاسیی تورکی بەردەوام ئاماژەی پێدەدات، لەڕاستیدا وێنەیەکی خەیاڵکراوی واقیعە نەک خودی واقیع. لە باشترین دۆخدا، دەتوانین بڵێین واقیعێکی لەرزۆکە و لە هەر چرکەیەکدا وەک کۆشکێک لە کارتۆن دەکرێت هەرەس بهێنێ. راستە پارتی داد و گەشەپێدان لە هەڵبژاردنەکانی مانگی نۆڤەمبەردا زۆرینەی بەدەستهێنا، بەڵام ئەوەش راستە کە ئەم سەرکەوتنە، هێندەی پەیوەندی بە لاوازی و کاڵبوونەوەی ئامادەیی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە هەیە، نیو ئەوەندە پەیوەندی بە ئینتیمای جەماوەریی کۆمەڵگا بۆ پرۆژەی داد و گەشەپێدانەوە نییە. هەموو داتاکان دەمانبەن بەرەو ئەو تێزەی کە تورکیا لەنێو قووڵاییەکانیدا، رووبەڕووی چەندین دڕان بووەتەوە: دڕانی سیاسی، دڕانی شوناس، دڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری. ئەم دڕانانەش نەک هەر رێگای پێنادەن کە تورکیا لە ئاستی خەونەکانیدا بێت، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیش ئیفلیجی دەکەن.

لە 2013 وە، تورکیا دەبێتە یەکێک لەو شانۆیانەی کە چەندین دیمەنی زەبروزەنگ نمایش دەکات و هەر دیمەنێکیش، بەجۆرێک لە جۆرەکان، پارتی داد و گەشەپێدان دەخاتە دۆخی هەناسەبڕکێوە. زەمەنی 2013، دەکرێت وەک زەمەنی گەڕان بەدوای دەرفەتێکدا، ئیدی هەر چۆنێک و هەرچییەک بێت، بۆ پەلاماردانی پارتی داد و گەشەپێدان و دەسەڵات وێنا بکرێت. بۆنموونە، خۆپیشاندانەکان بۆ پاراستنی درەختەکانی پارکی گەزی لە مەیدانی تەقسیمی ئیستەنبوڵ، بەخێرایی دەبنە بزووتنەوەیەکی توند و زبر دژ بە تەواوی پرۆژەکانی پارتی داد و گەشەپێدان بەگشتی و خودی کەسایەتی رەجەب تەیب ئەردۆغان بەتایبەتی. لەم ساتەوەختەدا، چەندین ملیۆن کەس رژانە نێو سەنتەری شارەکانەوە و بەدەنگی بەرز دژ بە "ئۆتۆریتاریزم"ی ئەردۆغان و گەڕانەوە بۆ "کۆنسێرڤاتیزم" هاواریان دەکرد.

سەرۆک وەزیران، لەبری گوێگرتن لە رەخنەکان، لە دەنگە ناڕازییەکان، بە توندی وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوە و لەڕێی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی دەوڵەتەوە پەلاماری خۆپیشاندەرانی دا. ئەم میتۆدە زبر و توندە، ناڕاستەوخۆ دەستکاری وێنەی ئەردۆغانی لە یادەوەریی کۆلێکتڤی تورکەکاندا، بە لایەنگرانی پارتی داد و گەشەپێدانیشەوە کرد. ئەردۆغان، وەک ئەوەی بێمنەت بێت لە کۆمەڵگا و بۆچوونەکانی، چەند مانگێک دواتر پەلاماری بزووتنەوەکەی فەتحوڵڵا گیولەنی دا کە یەکێک لە بزووتنەوە هەرە بەهێزەکانی کۆمەڵگای تورکی و تا دوێنێیەکی نزیک هاوپەیمانی سەرەکیی یەکتر بوون. دابڕانی نێوان ئەردۆغان و گیولەن دروست لە جەنگێکی براکوژیدا گوزارشتی لەخۆی کرد! بەشێک لەو دادوەرانەی کە لە گویلەنەوە نزیک بوون، چەندین مەلەفی گەندەڵییان ئاشکرا کرد و بەشێکی زۆری ئەو مەلەفانەش پەیوەندییان بە کەسە نزیکەکانی خودی ئەردۆغانەوە هەبوو.

بەدیوێکی دیکەدا و هەر لەم قۆناغەدا، تورکیا رووبەڕووی لاوازبوونی جووڵەی ئابووری و تێکچوونی باری ئاسایشی وڵات دەبێتەوە، بەتایبەتی لە 2014 بەولاوە. راستە لەم ساڵەدا، داد و گەشەپێدان، هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەباتەوە و ئەردۆغانیش هەر لە قۆناغی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا سەردەکەوێت (51،79 %) و دەبێتە سەرۆک کۆماری تورکیا، بەڵام ئەوەش راستە کە تەنیا چەند مانگێک دواتر، لە جونی 2015 دا، پارتی داد و گەشەپێدان لەلایەن دەنگدەرانەوە سزا دەدرێت و نەک هەر هەمان رێژەی جارانی پێشوو بەدەست ناهێنێتەوە، بەڵکو زۆرینەی پەرلەمانیش لەدەست دەدات.

لێرەوە، بۆ حوکمکردنی وڵات، پارتی داد و گەشەپێدان ناچاری هاوپەیمانێتی بوو لەگەڵ یەکێک لەو سێ حیزبەی دیکەدا کە هەموو جەنگەکانیان لەگەڵ یەکتریدا کردبوو. گەر تا دوێنێ، داد و گەشەپێدان بێمنەت بووبێت لە بەشداریی حیزبەکان، لە مانگی جونی 2015دا ناچار بوو بەوەی کە پەنایان بۆ ببات و حکومەتیان لەگەڵدا بەش بکات. ئەمەش لەگەڵ سروشتی کەسایەتی ئەردۆغان و میتۆدە "ئۆتۆریتێر"ەکەیدا نەدەگونجا.

بۆ تێپەڕاندنی ئەم شکستە و دیسانەوە سپاردنەوەی حیزبەکانی دیکە بە پەراوێزەکانی کێڵگەی سیاسی، ئەردۆغان و داد و گەشەپێدان چوارچێوە بۆ ستراتیژێکی دیکەی ململانێ دروست دەکەن. مانگێک پاش دانوستاندن بۆ دروستکردنی حکومەت و شکستی دروستکردنی هاوپەیمانی لەنێوان داد و گەشەپێدان و حیزبەکانی دیکەدا، ئەردۆغانی سەرۆک کۆمار، بڕیار دەدات کە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بەردەم هاووڵاتیان و یەکی نۆڤەمبەری 2015 بۆ هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمان دیاری دەکات.

ئەوەی جێگای وردبوونەوە و شیکردنەوەیە ئەم پرسیارەیە: چۆن تەنیا لە چەند مانگێکدا، پارتی داد و گەشەپێدان توانی پەیوەندییەکانی هێز بگۆڕێت و شکستەکەی مانگی جونی 2015 وەربگێڕێتە سەر سەرکەوتنێکی گەورە لە مانگی نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا؟



عەبدوڵڵا رێشاوی

# ئارەزووی بوونەوە بە عێراقی

لەوانەیە بۆ هەموو کوردێک ئەوە پرسیارێکی گرنگ بێت کە بۆچی ئارەزووی بوونەوە بە عێراقی هێشتا لەناو شەقامی کوردیدا لە باشووری کوردستان بەتەواوی نەمردووە و هێشتاش لەپاش سەدان ساڵ خەبات و شۆڕش بۆ گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، ئەو ئارەزووە لای بەشێکی کورد هەر ماوە و لەهەر بۆنەیەکدا سەرەدەردێنێتەوە؟

پێموایە بەشێکی گەورە لە وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەستە بە خودی کوردستان خۆیەوە وەک وڵات و نیشتیمانێک، ئایا کوردستان بووە بەو نیشتیمانە سیاسییەی ئارەزووی تاکی کورد تێر بکات؟ ئایا کوردستان وەک جوگرافیا و وەک مێژوو، دەبێتە ئەو وڵاتەی تاک تێیدا هەست بە بوون و غرور و شانازی بکات و بۆ سەلماندنی خۆی پێویستی بە دەرەوەی کوردستان نەبێت؟

بێگومان تاک هەرگیز دابڕاو نابێت لە جیهانێک لەدەرەوەی نیشتیمانی خۆی و هەمیشە تاک لە دەرەوەی نیشتیمانیش دەتوانێت پراکتیزەی بوونی خۆی بکات بەتایبەت لە جیهانێکی گلۆباڵدا.

بەڵام پێموایە دواجار دەبێت نیشتیمان ئەو جێگایە بێت کە هەستی بوون و غرور و شوناس و شکۆمەندیی ئینسان تێر بکات و هەر چالاکییەکی تاک لە دەرەوەی نیشتیمان بەشکۆمەندیی نیشتیمانەوە بێت، ئەمە جگە لەوەی ئەو پەیوەندییە پڕ ململانێیەی دەیان ساڵە لەنێوان پارچەکانی کوردستان و پارچەکانی داگیرکەردا هەیە، دەبوو هەستی رەتکردنەوەی لەلای تاکەکانی کورد بەرامبەر ئەو پارچانە تۆختر بکردایەتەوە. بەڵام ئێستا ئەم هەستە نەک هەر دروست نەبووە، بەڵکو لە لاوازترین جومگەی ئەم پەیوەندیەشدا کە عێراقە، رۆژ بەرۆژ هەستی بە عێراقیبوونەوە لای تاکی کورد ئاسایی دەبێتەوە! ئەمە زەنگێکی مەترسیداری نزمە کە دەبێت دەسەڵاتدارانی هەرێم بەوردی گوێی لێبگرن.

بۆچی تاکی ئێمە رۆژ بە رۆژ پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق ئاسایی دەبێتەوە؟ بۆچی ئەکادیمیست و تەکنۆکراتەکانی ئێمە بە ئاسانی و بە شانازییەوە بەدەم داوای حکومەتی عەبادییەوە دەچن بۆ پێکهێنانی حکومەتێک لە بەغدا؟ بۆچی ئەم خەیاڵە حەلاڵ و سروشتی و رێگەپێدراوە لە کۆمەڵگای کوردیدا؟ ئایا ئەگەرەکانی پەرەسەندنی ئەم ئارەزووە تا چەندە؟ ئەگەری ئەوە تاچەند لە ئارادایە ئەم ئارەزووە بەتێپەڕینی کات فراوانتر و سروشتیتر ببێتەوە؟

ئەمانە هەموو ئەو پرسیارانەن کە دەبێت دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لەخۆیانی بکەن کاتێک دەبینن کۆمەڵێک کەسایەتی کورد زۆر بە سانایی و بە پێشبڕکێوە سیڤییەکانی خۆیان بۆ حکومەتی بەغدا دەنێرن و لەناو رای گشتیی کوردستانیشدا زۆر بە ئاسایی تەماشای ئەم کارەیان دەکرێت!

ئاساییبوونەوەی ئارەزووی "بوونەوە بە عێراقی"، لەناو کۆمەڵگای کوردی باشووری کوردستاندا لە کاتێکدایە کە لە 2003 کاتێک سەرکردایەتی کورد رووی لە بەغدا کردەوە، لەلایەن نوخبە و رای گشتیی کوردستانەوە ئەم گەڕانەوەیە سەرکۆنەکرا و وەک هەنگاوێک بۆ دروستکردنەوەی عێراقی داگیرکەر تەماشا دەکرا، بەڵام پاش 13 ساڵ هەنگاوێکی لەم شێوەیە ئاسایی تێدەپەڕێت! ئایا ئەمە جێی لێکۆڵینەوە و پرسیار نییە؟

بێگومان ئەگەر بمانەوێت بەتەواوی ئەم ئارەزووە شی بکەینەوە، پێدەچێت زیاتر لە ستوون و بەشێکمان بۆ ئەم شیکردنەوەیە بوێت، بە زیاتر لە میتۆدێکیش ئەم دیاردەیە شی بکەینەوە، چونکە وەک هەر دیاردەیەکی دی زیاتر لە فاکتەرێکی هەیە.

بەڵام بەکورتی دەتوانم بڵێم سیاسەت و حوکمڕانی رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دروستبوون و گشەسەندن و سروشتیبوونەوەی ئەم ئارەزووە لە باشووری کوردستان.

سیاسەت و حوکمڕانی کە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر زۆر شت و زۆر بابەتی ستراتیژی و مێژوویی و ژیانی و ژیاری هەبێت لە هەر کۆمەڵگایەکدا، ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان دەتوانن رۆڵێکی کاریگەر بگێڕن لە گەڕاندنەوەی تاک بۆ ناو قووڵایی و شکۆمەندیی نیشتیمان.

سیاسەت و حوکمڕانی دەشتوانن تاک لە ئینتیما و شانازی بە نیشتیمان خاڵی بکەنەوە و ئاودیوی سنوورەکانی ئەودیوی نیشتیمانی بکەن، جا ئەوکات تاک یان دەبێتە پەناهەندەی وڵاتێک، یان وەزیر و کاربەدەستێک لە نیشتیمانی ئەوانی دیکەدا، چونکە دواجار نیشتیمان تەنیا جوگرافیا و مێژوو نییە، بەڵکو سیاسەت و حوکمڕانی و سیستم و بەها و شێوەی دەسەڵاتدارییە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# کلاسیکۆکەی سلێمانی

لە دیبەیتەکەی نێوان مەلا بەختیار و عەلی باپیردا هەرکامێکیانت پێ براوە بووبێت هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە کرانەوە بردییەوە و لێکتێنەگەیشتن دۆڕاندی. بەرلەوەی دیبەیتەکە دەستپێبکات، زۆر کەس هێرشیان دەکردە سەر هەردوولا و رووداویش و دەیانگوت "ئێستا کاتی ئەو بەزمانە نییە". بەڵام دوای تەواوبوونی دیبەیتەکە دەرکەوت چەندە کوردستان پێویستی بە زۆر دیبەیتی دیکەی بەهێمنیی وا هەیە.

لە رۆژانی رابردوودا سەرم لە واژۆکۆکردنەوەی کۆمەڵێک ئەندامی یەکێتی سوڕمابوو کە نامەیەکیان ئاراستەی سەرکردایەتیی حیزبەکەیان کردبوو و داوایان دەکرد کۆنفرانسێک کە بۆ کۆتاییهاتنی سایکس-بیکۆ لە سلێمانی دەکرێت رابگیرێت. سەیرتر ئەوەبوو کە ئەو ئەندامانەی یەکێتی رەخنەیان لە بەرهەم ساڵحیش گرتبوو چونکە فۆرومی سلێمانیی رێکخستووە و گوایە پارەی زۆری بەوهۆیەوە بەهەدەر داوە. پاساویشیان ئەوەبوو کە پێویستە ئەو پارانەی بۆ کۆنفرانسی وا خەرج دەکرێن، بکرێتە نان و بدرێتە ئەوانەی پێویستیانە.

هێشتا زۆر کاتی بەسەردا تێنەپەڕیوە. نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر حیزبەکانی کوردستان دەرگای لێکتێگەیشتنیان بەڕووی یەکدیدا داخست. ئەنجامەکەشی ئەوەبوو کە خەڵک بەلێشاو لەداخی ئەو دەرگا لەیەکدی داخستنە و کەڵەکەبوونی قەیرانەکانی کوردستان، وڵاتەکەیان بەجێهێشت. بەدەگمەن رێککەوتووە خەڵکی کوردستان جگە لە ڤیدیۆی بێدەنگی تەوقەکردن و بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتنی سەرکردەکان لەگەڵ یەکدی، شتێکی دیکە ببینن. بۆیە کە ئەمساڵ فۆرومی سلێمانی لە زانکۆی ئەمریکی کرا، مەودایەکی بچکۆلە بۆ پێکەوە کۆبوونەوەی سەرکردە و کارزانەکانی وڵات دروستبووەوە.

دیبەیتەکەی نێوان مەلا بەختیار و عەلی باپیر، دوای فۆرومی سلێمانی، دووەمین کاری تۆڕی میدیایی رووداو بوو کە لە ساڵی 2016دا لەبەر سلێمانی سپۆنسەریی کرد. شارێک کە ناوی پایەتەختی رۆشنبیری بێت، شایستەی ئەوەیە دیبەیت و گەنگەشەی ئاستبەرز و جیهانیی تێدا بەڕێوەبچن. چونکە بەو کارانە چاوەکان دەخاتە سەر خۆی نەک بە ئاهەنگی پڕ گێچەڵ کە تێیدا هونەرمەندانی میللی گۆرانی بڵێن و کۆتاییەکەی بە ئاگر و فرمێسک بێت.


ئەو مژارەی بۆ دیبەیتەکەی نێوان مەلا بەختیار و عەلی باپیر هەڵبژێردرابوو گرنگ بوو. زۆر کەس دەترسا توندوتیژیی بەدواوە بێت و هەندێکیش دەیانگوت لە کوردستان ئەو کێشەیە نییە تاوەکو قسەی لەسەر بکرێت. هەردوو مەلا و رێکخەرانی دیبەیتەکەش جوان پیشانی هەموواناندا کە دەتوانن بەهێمنی جیاواز بن و قسەی خۆشیان بکەن و لەکۆتاییدا یەکدیش ماچ بکەن. ئەوەشیان سەلماند کە گرنگە لەجیاتی خۆگێلکردن لەو جیاوازییانەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆ شێوازی دەوڵەتداری هەمانە، قسەیان لەسەر بکەین و لێکدی نزیک ببینەوە. باش لەبیرمە کاتێک لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەسەر هەندێک خاڵ کە دواجار دەچوونەوە سەر ئیسلامیبوون یان سێکولاربوونی سیستەمی حوکمڕانی ناکۆکی دەکەوتە نێوانیانەوە، ئەو خاڵانەیان بەجێدەهێشت و دەچوونە سەر خاڵی دواتر. ئەمەش وایدەکرد پرۆژەکە مینڕێژ بکرێت و چانسی گەیشتنە ئەنجامی کەمتر بێتەوە.

گرنگە کلاسیکۆکەی سلێمانی لەنێوان دوو مەلادا دوایین کاری شایستەی سلێمانی نەبێت کە وابکات کۆمەڵگە لەجیاتی لەیەکدی تیژبوون هەوڵی لێکتێگەیشتن بدات. چونکە لێکتێژبوونمان تاقیکردەوە و ئەنجامی نەبوو، ئەمجارە با لێکتێگەیشتن تاقیبکەینەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more




## کۆمسای روو له خودا دەکات

19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net





Adress: Gulan Street Ankawa Cross
Block No: 2163/40/44 Kurdistan
WORLD TRADE CENTER® ERBIL
sbözelgroup
KOREK

+964 (0) 0773 000 2222
+964 (0) 0773 000 3333

DANIA CITY
better life style




info@daniacity.com
www.daniacity.com
سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیک محمود
پشت گردی ئیبراهیم احمد